# سینتاکسی کرداری لێکدراو لەشێوەزاری هەورامیدا

نامەیەکە
ئازاد ئەحمەد حسەین

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووەو بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت
پ.ی.د.فاروق عومەر سدیق

2707 کوردی    2008 زایینی

**ئەم نامەیە بە چاودێری من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی دکتۆرا لەزمانی کوردی - ڕستەسازیی شێوەزاری هەورامیدا.**

**ناو : پ.ی.د.فارووق عومەر سدیق**

**ڕۆژ:**

**بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

**ناو :**

**سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا**

**ڕۆژ:**

**ئێ مە ئە ندامانی لیژ نەی وتوو ێژو هەڵ سەنگاندن، ئەم نامە یەمان خوێ ندەوەو لە گەڵ خوێندکارەکەدا، گفتوگۆمان لەبارەی ناوەرۆك و لایە نەکانی تری کردو بڕیارما ندا، کە شایەنی ئەوە یە بەپ لەی ( ) بڕوانا مەی دکتۆرای لەزمانی کوردی  شێوەزاری هەورامیدا پێ بدرێت.**

**ناو:**

**سەرۆکی لیژنە**

**ڕۆژ:**

**ناو:**

**ئەندام**

**ڕۆژ:**

**ناو:**

**ئەندام**

**ڕۆژ:**

**ناو:**

**ئەندام**

**ڕۆژ:**

**ناو:**

**ئەندام**

**ڕۆژ:**

**لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەند کرا.**

**ناو:**

**ڕاگری کۆلێژی زمان**

**ڕۆژ:**

## ئەم نامەیە پێشکەشە بە:

- دایک وباوکم.
- خێزان وخوشك وبراکانم.
- جگەرگۆشەکانم (دییە) و (ئاکار).

# سوپاسنامە

## ڕێزو سوپاس و پێزانینم بۆ

★ براو مامۆستای گەورەم (پ.ی.د. فارووق عومەر سدیق)، کەبەهەستێکی برایانەو لەخۆبوردووییەوە، سەرپەرشتی نامەکەی کردووم وبەو پەڕی دڵسۆزییەوە لەکاتی نووسینی نامەکەدا، چەندەها جاروانەی تایبەتی پێ وتووم و سەرچاوەی بەنرخی لەزمانی ڕووسییەوە بۆوەرگێڕاوم و بەزانیاریی وردو ڕێنمایی زانستانە، کۆمەکی کردووم وهەمیشە وەك هاوڕێ وبراو کەسێکی خۆی، مامەڵەی لەگەڵدا کردووم. هیوای لەش ساغی وتەمەن درێژی و سەرکەوتنی بۆدەخوازم وئومێدەوارم نموونەی بەڕێزیان هەرلەزیادبوونبێت.

★ مامۆستایانی گەورەم (پ.ی.د.دڵشاد عەلی محەمەد)، (پ.ی.د. هۆگر مەحموود فەرەج)، (د.ئەبو بەکر عومەر قادر)،( پ.ی . د.فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی )، کەهەمیشە نموونەی مامۆستای بەوەفاو دڵسۆز بوون و بەسەرنج و تێبینیی بەنرخ و ورد ڕێنماییان کردووم.

★ هاوڕێ و مامۆستای دڵسۆزم (محەمەد ساڵح سەعید محەمەد)، کە هەمیشە بەرامبەر بەمن کەسێکی زۆر دڵسۆز بووەو لەهەموو کارێکمدا، پشتیوانی لێ کردووم وبەسەرنجی وردو زانستانە ڕێنمایی کردووم، هیوای لەش ساغی وتەمەن درێژی بۆ دەخوازم.

★ مامۆستای گەورەم (د.محەمەدی مەحوی)، کەهەموو کاتێك ئامادە بووە، وەڵامی پرسیارەکانم بداتەوە.

★ هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی لەقۆناغەکانی (بەکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا) دا، وانەیان پێ وتووم.

★ هاوڕێ وخوشکی زۆر بەڕێزم، مامۆستا ( سازان زاهیر سەعید)، کە لە کاری چاپکردنی نامەکەدا، هاوکارییەکی زۆری کردووم و گەلێك لەگەڵمدا ماندوو بووە، هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم.

★ هاوڕێی خۆشەویستم، مامۆستا (شوان ڕەحمان محەمەد)، کە لەپەیداکردنی سەرچاوەو هەموو کارێك کەپێی کرابێت، هاوکاریی کردووم و هیچ کاتێك درێغی نەکردووەو لەگەڵمدا زۆر ماندوو بووە.

★ هاوڕێیانی خۆشەویستم، مامۆستایان (شێرکۆ حەمە ئەمین قادر)، (عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف)، (د.محەمەد عومەر عەول)، کەهەمیشە نموونەی هاوڕێی دڵسۆزو بەوەفا بوون و لە هەر شوێنێك سەرچاوەیەکیان بەردەست کەوتبێت، بۆیان هێناوم.

★ هاوڕێ و مامۆستایانی خۆشەویستم (د.عەبدولسەلام سالار)، (م. سازە ئەحمەد فەخری)، کە لەوەرگێڕانی سەرچاوە عەرەبی و ئینگلیزییەکاندا، هاوکارییان کردووم.

★ هاوڕێم (فهمی حمە حسین) کە لە چاپکردن و کاری کۆمپیوتەر هاوکاری زۆری کردم.

★ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە لە سەرەتای نووسینی نامەکەوە، تا کۆتایی، بە هەر شێوەیەك بووبێت، هاوکارییان کردووم.

## هێماو کورتکراوەکان:

| | |
|---|---|
| ب | : بکەر |
| بە | : بەرکار |
| ك | : کردار |
| P P | : فرێزی پریپۆزیشنی |
| Post P. | : پۆست پۆزیشن |
| Pro | : بکەری لابراو ( سفر). |
| Spec | : دیاریکار |
| INFL | : کات و کەس |
| IP | : فرێزی کات و کەس |
| Ø | : ثیتا |
| A | : ئارگومێنت |
| A | : نا ئارگومێنت |
| CP | : فرێزی تەواوکەر |
| DS | : دروستەی قووڵ |
| SS | : دروستەی ڕووکەش |
| X | : سەر |
| XP | : فرێز بەگشتی |
| X | : پرۆژەی ناوەندی فرێز بەگشتی. |
| ★ | : ناڕێزمانی |

تێبینی:

1- (ۆ): فۆنیمێکە لە هەورامیدا، گۆکردنی لە نێوان (و)،(ۆ) دایە.

2- (ێ): فۆنیمێکە لە نێوان (ی) و (ێ) دایە.

3- (د): واتە ئەم فۆنیمە دەرنابڕرێت و کلۆر دەبێت.

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| Grammatical object | بەرکاری ڕێزمانی |
| Barrier | بەربەست |
| Binding | بەستنەوە |
| Explicit subject | بکەری سەربەخۆ |
| Logical subject | بەرکاری لۆجیکی |
| Cliticization | بەکلیتیککردن |
| Structural relation | پەیوەندی ڕۆنانی |
| Grammatical relation | پەیوەندی ڕێزمانی |
| Coindexing relationship | پەیوەندی هاونیشانەیی |
| Antecedent | پێشوتراو |
| Case assignment | تەرخانکردنی دۆخ |
| Adequacy | تەواو پڕاوپڕێتی |
| External complement | تەواوکەری دەرەکی |
| Internal complement | تەواوکەری ناوەکی |
| Case theory | تیۆری دۆخ |
| Binding theory | تیۆری بەستنەوە |
| Separable | جیابوونەوە |
| Permutation | جێگۆڕکێ |
| Expletives | جێناوە بێ واتاکان |
| Reflexive pronoun | جێناویی خۆیی |
| Explicit pronoun | جێناوی سەربەخۆ |
| Bound pronoun | جێناوی لکاو |
| Demonstrative pronoun | جێناوی نیشانە |
| Governee | حوکمکراو |
| Governor | حوکمکەر |
| Obligatory | خورتی |
| Possessive | خاوەنداریێتی |
| Case assignment | دۆخ بەخشێنەر |
| Abstract case | دۆخی ئەبستراکت |

| | |
|---|---|
| Structural case | دۆخی ڕێزمانیی دروستەیی |
| Inherent case | دۆخی ڕێزمانیی زگماکی |
| Diagnostic | دەستنیشانکردن |
| Government | دەسەڵات |
| Distribution | دابەشبوون |
| Dependent | ڕستەی تەواوکەر |
| Kernel | ڕستەی سەرەکی |
| Gender | ڕەگەزی ڕێزمانیی |
| Feminine gender | ڕەگەزی مێ |
| Masculine gender | ڕەگەزی نێر |
| Grammatical | ڕێزمانیی |
| Generative-transformational grammer | ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە |
| Verbal agreement | ڕێککەوتنی کرداریی |
| Innate | زگماك |
| Prodrop languages | زمانە بکەرخراوەکان |
| Kinship terms | زاراوەکانی خزمایەتی |
| Dominance | زاڵبوون |
| Constraint | سنووردانان |
| Optionally | سەرپشکی |
| Maximal command | سەرە ئاڕاستەکردن |
| Functional head | سەرەی ئەرکی |
| Feature | سیما |
| Trace | شوێنپێ |
| Argument position | شوێنی ئارگومێنت |
| Empty position | شوێنی بەتاڵ |
| Governed position | شوێنی حوکمکراو |
| Non-Argumant position | شوێنی نا ئارگومێنت |
| Analysis | شیکردنەوە |
| Expansion | فراوانکردن |
| Functional phrase | فرێزی ئەرکی |
| Prediction | کردار بەندی |

| | |
|---|---|
| Lexical verb | کرداری فەرهەنگی |
| Finite verb | کرداریکات و کەسدار |
| Component parts | کەرتە پێکهێنەکان |
| Empty category | کاتیگۆریی بەتال |
| Governing category | کاتیگۆری حوکمکەر |
| conversation | گفتوگۆکردن-ئاخاوتن |
| Sub categorization | لقکردنی کاتیگۆرییانە |
| Sub theory | لقە تیۆر (وەچە تیۆر) |
| Precedence | لەپێش هاتن (کەوتنە پێش) |
| Ellipsis | لابردن |
| Negation | نەرێ |
| Oblique | ناڕاستەوخۆ |
| Collective noun | ناوی کۆمەڵ |
| Common noun | ناوی گشتی |
| Material noun | ناوی ماددی |
| Functional word | وشەی ئەرکی |
| Symanteric c-command | وەچە ئاڕاستەکردنی وەك یەك |
| Asymmetric c-command | وەچە ئاڕاستەکردنی وەك یەك نەبوو |
| Grammatical meaning | واتای ڕێزمانی |
| Manner | هەڵسوکەوت(ڕەفتار, ئاکار) |
| Coreference | هاوئاماژە |
| Coordination | هاوشان (هاوپایە) |
| Co-index | هاونیشانە |
| Transformational obligatory rules | یاسا بەخورتیەکانی گواستنەوە |
| Transformational optionally rules | یاسا سەرپشکییەکانی گواستنەوە |
| Syntactic rules | یاسا سینتاکسیەکان |
| Sub dilition rules (SDR) | یاسای لابردنی بکەر |

# ناوەڕۆك


| لاپەرە | بابەت |
|---|---|
| أ | پێشەكی |
| | **بەشی یەكەم**<br>**بنەماو یاساكانی دارشتنی كرداری لێكدراو** |
| 1 | 1/1 دەستپێك و دەروازە |
| 2 | 1-1/1 بایەخی سینتاكس لەزمانەوانیدا |
| 3 | 2-1/1 دروستەی قووڵ |
| 4 | 3-1/1 دروستەی ڕووكەش |
| 4 | 2/1 سەرەتا |
| 5 | 3/1 پۆلكردنی كردارە لێكدراوەكان لە ڕووی واتاوە |
| 6 | 1-3/1 یاسا مۆرفۆلۆژییەكانی داڕشتنی كرداری ڕووداو گەیەن |
| 7 | 2-3/1 یاسا مۆرفۆلۆژییەكانی داڕشتنی كرداری بارگەیەن |
| 8 | 3-3/1 یا سا مۆرفۆلۆژی یەكانی داڕ شتنی ئەو كردارا نەی ڕووداو دەگە یەنن وهاو كات حاڵەتێك بەشێوەی گۆڕان نیشان دەدەن |
| 9 | 4/1 دروستەی كردارەلێكدراوەكان بەپێی یاسای ڕۆڵی بابەتانە |
| 10 | 1-4/1 یاسا سینتاكسییەكانی ڕۆنانی كردارە لێكدراوەكان |
| 18 | 2-4/1 پێناسەی كرداری لێكدراو بەپێی بنەمای یاساكانی داڕشتنیان |
| 18 | 3-4/1 ئەو كردارانەی دروستەی كرداری لێكدراو بەرهەم دەهێنن |
| 28 | 4-4/1 ژمارەو جۆری ڕۆڵەبابەتییەكان |
| 30 | 5/1 تێپەڕی و تێنەپەڕیی كردارە لێكدراوەكان |
| | **بەشی دووەم**<br>**پەیوەندییە سینتاكسی وڕۆنانییەكانی نێوان كەرتەكانی كردارە لێكدراوەكان** |
| 32 | 1/2 تێۆری (X-bar) |
| 33 | 1-1/2 كاتیگۆرییە ئەركییەكان |
| 34 | 2-1/2 یاساكانی دروستەی جۆرەكانی فرێز بەگشتی بەپێی تیۆری (X-bar) |
| 35 | 3-1/2 دروستەی فرێزی كردارییی كرداری لێكدراو بەپێی تیۆری (X-bar) |
| 41 | 2/2 پەیوەندیی ئاسۆیی نێوان كەرتەكانی كرداری لێكدراو لەهێڵكاریی درەختیدا |
| 43 | 3/2 زاڵبوون |
| 47 | 4/2 وەچە ئاڕاستەكردن |

| | |
|---|---|
| 48 | 1-4/2 جۆرەکانی پەیوەندیی وەچە ئاڕاستەکردن |
| 52 | 5/2 حوکمکردن لەسینتاکسی کرداره لێکداروەکاندا |
| 53 | 1-5/2 ئەوکردارانەی بەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بکەر سازبوون |
| 54 | 2-5/2 ئەوکردارنەی بەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار ڕۆنراون |
| 55 | 6/2 دۆخی ڕێزمانی |
| 56 | 1-6/2 دۆخی ڕێزمانی لەسینتاکسی کرداره لێکدراوەکاندا |
| 56 | 1-1-6/2 دۆخی ڕێزمانیی زگماکی |
| 57 | 2-1-6/2 جۆرەکانی دۆخی ڕێزمانیی زگماکی |
| 58 | 3-1-6/2 دۆخی ڕێزمانیی دروستەیی |
| 60 | 2-6/2 پێدانی دۆخ |
| 61 | 1-2-6/2 کرداره لێکدراوه تێنەپەڕەکان |
| 62 | 2-2-6/2 کرداره تێپەڕەکان |
| 63 | 3-2-6/2 دۆ خی ڕێز مانیی ئەو فر ێزه پریپۆزی شنییانەی به شه پێکهێنێ کی بن جی کرداره لێکدراوەکانن |
| 65 | 3-6/2 بەربەرستەکانی حوکمکردن |
| 68 | 4-6/2 ڕوونکردنەوەیەکی گشتی و پێویست |
| 72 | 7/2 لقکردنی کاتێگۆرییانه |
| 72 | 1-7/2 جۆرەکانی لقکردنی کاتیگۆریی |
| | **بەشی سێیەم**<br>**یاساکانی گواستنەوه لەسینتاکسی کرداره لێکدراوەکاندا** |
| 76 | 1/3 سەرەتا |
| 78 | 2/3 یاسا بەخورتییەکانی گواستنەوه له هەورامیدا |
| 78 | 1-2/3 گواستنەوەی کلیتیکی بکەریی |
| 79 | 2-2/3 کۆپیکردن - لەبەرگرتنەوه |
| 80 | 1-2-2/3 کۆپیکردنی کەس و ژماره |
| 81 | 2-2-2/3 کۆپیکردنی مۆرفیمی ڕەگەز( جنس) |
| 84 | 3-2-2/3 کۆپیکردنی مۆرفیمی کۆ |
| 85 | 3-2/3 جێگۆڕکێی مۆرفیمەکانی (ئەنه -)،(ئەره -) لەپێش کردارەوه بۆ دوای کردار |
| 85 | 4-2/3 جێگۆڕکێی مۆرفیمی ڕێزمانیی (-ۆ) |
| 86 | 5-2/3 گۆڕینی پێشگره فەرهەنگی و مۆرفۆ سینتاکسییەکانی کردار ، بۆ پریپۆزیشنی سینتاکسی. |

| | |
|---|---|
| 87 | 6-2/3 گواستنەوەی بە خورتیی بەرکاری لۆژیکی بۆ جێکەوتەی پریدیکات |
| 88 | 7-2/3 یاسای بەجێناوی خۆیی کردنی بەرکار |
| 89 | 3/3 گواستنەوە سەرپشکییەکان |
| 89 | 1-3/3 گواستنەوەی باسمەند (تۆپیکالیزەیشن) |
| 90 | 1-1-3/3 بەرکاری ڕاستەوخۆی لۆجیکی |
| 91 | 2-1-3/3 کەرتی یە کەمی کرداره لێکدراوه تێ پەڕەکان، کەبەیا سای ڕۆ ڵی بابەتا نەی بەرکار داڕێژراون . |
| 92 | 3-1-3/3 شوێنپێ |
| 94 | 4-1-3/3 ناو ، یان جێناوی دەرخەری خاوەنێتی ، لەفرێزە خاوەندارییەکاندا. |
| 94 | 5-1-3/3 گواستنەوەی فرێزی پریپۆزیشنی |
| 96 | 6-1-3/3 گواستنەوەی بکەر |
| 96 | 2-3/3 یاسای جێگری |
| 96 | 3-3-3/3 زیادکردن / فراوانکردن |
| 96 | 1-3-3/3 زیادکردنی دەرخەر |
| 97 | 2-3-3/3 زیادکردنی مۆرفیمەکانی نەرێکردن |
| 97 | 4-3/3 یاسای بەفرێزکردنی لاڕستەی تەواوکەر |
| 98 | 5 -3/3 گواستنەوەی سەرپشکی بەرکار بۆ جێکەوتەی پریدیکات |
| 98 | 6-3/3 جێ گۆڕکێی کردار ،لە گەڵ پر یدیکات ، یان پێ شگرە فەر هەنگی و مۆرفۆسینتاکسییەکان . |
| 98 | 4/3 پۆلکردنی کرداره لێکدراوەکان ،بەپێی جیابوونەوەی کەرتەکانیان لەسینتاکسدا |
| | **بەشی چوارەم** **لێکۆڵینەوە لەکەرتی یەکەمی کرداره لێ کدراوەکان و فۆڕ مەجۆراوجۆرەکانی کرداری لێکدراو بە گشتی.** |
| 102 | 1/4 کەرتی یەکەمی کرداره لێکدراوەکان لە ڕوانگەی فرێزەوە |
| 102 | 1-1/4 ئەو کرداره لێکدراوانەی بەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بکەر داڕێژراون |
| 104 | 2-1/4 ئەو کرداره لێکدراوانەی بەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بەر کار ڕۆنراون |
| 106 | 3-1/4 ئەو کرداره لێکدراوانەی بەیاسای پریدیکات بەرهەمهاتوون |
| 107 | 2/4 بکەر و بەرکار لەسینتاکسی کردارەلێکدراوەکاندا |
| 107 | 1-2/4 بکەر |
| 107 | 2-2/4 بکەری ڕێزمانی |
| 108 | 3-2/4 بکەری لۆجیکی (واتایی ) |

| | |
|---|---|
| 109 | 4-2/4 بەرکار |
| 109 | 5 -2/4 بەرکاری ڕێزمانی |
| 109 | 6-2/4 بەرکاری واتایی |
| 110 | 3/4 جێناوەخۆیی یەکان ، وەك کەرتی یە کەمی کردارە لێکدراوەکان و لێکدا نەوەیان بەپێی تیۆری بەستنەوە . |
| 113 | 1-3/4 تایبەتمەندیی جێناوەخۆییەکان لەدروستەی کردارە لێکدراوەکاندا |
| 113 | 2-3/4 جۆرەکانی بەستنەوە |
| 114 | 4-4/4 کاتیگۆریی بەتاڵ لەسینتاکسی کردارەلێکدراوەکاندا |
| 117 | 5/4 واتا ڕێزمانییەکانی کردارە لێکدراوەکان |
| 119 | 1-5/4 ئەوکردارانەی بەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بکەر سازبوون |
| 122 | 2-5/4 ئەوکردارانەی بەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار بەرهەمهاتوون |
| 128 | 3-5/4 ئەوکردارانەی بەیاسای پریدیکات ساز بوون |
| 133 | 6/4 کرداری بکەر نادیار |
| 136 | 7/4 داڕشتنی کاتی (ئێستا)ی کرداری(بی : بوو) |
| 138 | 8/4 دروستەی مۆرفۆسینتاکسیی کردارە لێکدراوەکان |
| 141 | ئەنجامەکان |
| 143 | سەرچاوەکان |
| 149 | ملخص البحث |
| 150 | Abstract |

## ناونیشان وبواری نامەکە:

ناونیشانی نامەکە (سینتاکسی کرداری لێکدراو لەشێوەزاری هەورامیدا)یە، هەوڵدانێکە بۆشیکردنەوەی دروستەی ناوەوەی کرداره لێکدراوەکان وخستنەڕووی تایبەتمەندییەکانیان وپۆلکردنیان، لەچوارچێوەی کۆمەڵە یاسایەکی سینتاکسیدا، بەپێی تیۆری حوکمکردن وبەستنەوە( Government and Binding theory) (GB)، کەتیۆرە نوێیەکەی چۆمسکییەو قۆناغێکی پێشکەوتووی گەشەسەندنی تیۆری بەرهەمهێنان وگوێزانەوەیە.

نامەکە بەشێوەیەکی گشتی بۆلێکدانەوەوشیکردنەوەی ڕۆنانی فرێزو ڕستەی هەورامی، پەیوەست بە کرداره لێکدراوەکانەوە تەرخانکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستیی کارەکە وایکردووە، کەلەشێوازێکی ساکاردا، ئاماژە بۆلایەنی واتاو یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی داڕشتنی کرداره لێکدراوەکانیش بکرێت.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە:

لەم کارەدا، ڕێبازی شیکاریی وەسفی ، لەبەر ڕۆشنایی یاساوپرنسیپەکانی تیۆری حوکمکردن وبەستنەوەدا، بۆشیکردنەوەو خستنەڕووی کرداری لێکدراو لەئێستای شێوەزاری هەورامیدا پەیڕەوکراوە.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

هۆی هەڵبژاردن ودیاریکردنی بابەتەکە، لەدوو خاڵدا دەخەمەڕوو:

1- زمانەوانان ورێزماننووسانی کورد لەباسی کرداری لێکدراودا، زیاتر بایەخیان بە پۆلکردنی لەڕووی ڕۆنانەوە داوە و وەك پێویست ئاوڕ لەلایەنی سینتاکسیی نەدراوەتەوەو تایبەتمەندیی وهەڵسوکەوتی کرداره لێکدراوە جیاوازەکان لەم بوارەدا نەخراونەتەڕوو.
2- تائێستا لەشێوەزاری هەورامیدا، کرداری لێکدراو لەڕوانگەی سینتاکسەوە، بەپێی تیۆرێکی زمانەوانیی سەردەم، وەك کارێکی زانستیی سەربەخۆ لێی نەکۆڵراوەتەوە.

لەبەر ئەوە بە پێویستمان زانی سینتاکسی کرداری لێکدراو لەشێوەزاری هەورامیدا هەڵبژێرین وبەپێی تیۆرە سەردەمییەکەی چۆمسکی لێی بکۆڵینەوە.

## گرفتی نامەکە:

لەچەند خاڵێکدا خراونەتەڕوو:

1- کێشەی سەرەکیی نامەکە، وەك هەموو لێکۆڵینەوەیەکی تری بواری زمانی کوردی، کەمی ونەبوونی سەرچاوە بووە. دەتوانم ئەم کێشەیە بۆکارەکەم لەدوو خاڵدا بخەمەڕوو:

أ- سەرچاوە لەبارەی تیۆری حوکمکردن وبەستنەوە (GB)، کە بابەتی لێکۆڵینەوەکەی پێ ئەنجامدراوە، لەکوردیدا بەو ڕێژەیە نەبووە، کە پێویستیی کارەکە دابین بکات. لەبەرئەوە لەپاڵ ئەو چەند سەرچاوە کەمەی کوردیدا، هانام بۆسەرچاوە بیانییەکان، بەتایبەتی ئینگلیزی برد.

ب- نەبوونی سەرچاوە لەهەورامیدا، لەسەر بابەتی کرداری لێکدراو، بەو شێوەیەی کەناوەرۆکی نامەکە مەبەستێتی.

2- لێکۆڵینەوەکە، وەك هەموو کارێکی تری ڕێزمانی کوردی، کەلەڕوانگەی تیۆرورێبازە زمانەوانییە نوێیەکانەوە ئەنجامدراون، دووچاری کێشەی زاراوە بووە.

## بایەخی نامەکە:

لەم کارەدا، ژمارەیەك لە یاسای سینتاکسی دیاریکراون، کەلەداتا زمانییەکانی شێوەزاری هەورامییەوە هەڵهێنجراون وبۆ بەرهەمهێنانی کرداری فۆڕم دروست، کراون بەبنەماو پێوەر، زانیاریی پێویست بەفسەکەرو خوێنەر دەدەن، کەبتوانن لەسەرجەم کرداره لێکدراوەکانی شێوەزارەکە لەڕووی فۆڕمەوە بگەن وشیکردنەوەی زانستی وتێگەیشتنی دروستیان بۆیان هەبێت. سینتاکسی کرداری لێکدراو بەو شێوەیەی لەم نامەیەدا خراوەتەڕوو، پێشبینی ئەوە دەکات، کام کردارانە فۆڕم دروستن، یان نا، هەروەها بەڕاست ودروستی، دروستەکانی کرداره لێکدراوەکان بەشێوەیەکی گشتگیر وەسف دەکات. لەبەرئەوە ئەو ڕێزمانەی لێرەدا بۆکرداری لێکدراو داڕێژراوە (تەواو پڕاوپڕێتی ڕوونکەرەوانەیە) .

بەواتایەکی تر، لەم کارەدا بایەخ بەشیکردنەوەی سینتاکتیکی کرداره لێکدراوەکان دراوەو هەوڵدراوە بنەما سەرەکییە ڕێزمانییەکانیان بدۆزرێتەوەو دەستوورو یاساکانیان یەکالا بکرێتەوە.

## ناوەرۆك وبەشەکانی نامەکە:

نامەکە، جگە لەپێشەکی وئەنجام ولیستی سەرچاوەکان، لەچواربەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: بەناونیشانی(بنەماو یاساکانی داڕشتنی کرداره لێکدراوەکان) ە، سەرەتای ئەم بەشە بەدەستپێك ودەروازەیەك بۆچوونە ناو بابەتەکەوە دەستپێدەکات، پاشان دوو برگە لەخۆدەگرێت، لەوانە: پۆلکردنی کرداره لێکدراوەکان لەڕووی واتاوە، دروستەی ناوەوەی کرداره لێکدراوەکان، بەپێی یاسای ڕۆڵی بابەتانە.

بەشی دووەم: ناونیشانی (پەیوەندییە سینتاکسی ورۆنانییەکانی نێوان کەرتەکانی کرداره لێکدراوەکان)ی دراوەتێ، کە کۆمەڵێك باس دەخاتەڕوو، لەوانە: تیۆری (X-bar)، پەیوەندیی ئاسۆیی نێوان کەرتەکانی

کرداره لێکدراوەکان لەهێڵکاریی درەختیدا، پەیوەندیی زاڵبوون، حوکمکردن، دۆخی ڕێزمانی، وەچە ئاڕاستەکردن، لقکردنی کاتیگۆرییانە.

بەشی سێیەم: بۆ(یاساکانی گواستنەوە لەسینتاکسی کرداره لێکدراوەکاندا) دا تەرخانکراوە. ئەم بەشە هەموو ئەو گواستنەوە بەخورتی وسەرپشکییانەی لەسینتاکسی کرداره لێکدراوەکاندا هەن، باس دەکات. هەر لەم بەشەدا پۆلکردنی کرداره لێکدراوەکان بەپێی جیابوونەوەی کەرتەکانیان لەسینتاکسدا ڕوونکراوەتەوە.

بەشی چوارەم: بریتییە لە (لێکۆڵینەوە لەکەرتی یەکەمی کرداره لێکدراوەکان و فۆڕمە جۆراوجۆرەکانی کرداری لێکدراو بەگشتی)، کەلەچەند بڕگەیەك پێکهاتووە، لەوانە: کەرتی یەکەمی کرداره لێکدراوەکان لەڕوانگەی فریێزەوە، بکەروبەرکارلەسینتاکسی کرداره لێکدراوەکاندا، جێناوە خۆییەکان وەك کەرتی یەکەمی کرداره لێکدراوەکان ولێکدانەوەیان بەپێی تیۆری بەستنەوە، کاتیگۆریی بەتاڵ لەسینتاکسی کرداره لێکدراوەکاندا، واتا ڕێزمانییەکانی کرداره لێکدراوەکان، بکەر نادیار، داڕشتنی کاتی ئێستای کرداری (بی- بوو)، دروستەی مۆرفۆسینتاکسیی کرداره لێکدراوەکان.

## 1/1 دەستپێك ودەروازە:

سینتاكس وەك زانست، پێكهاتە یەكی ڕێزما نە، لەپاڵ مۆرفۆ لۆژی ودەنگ سازی و وا تاو واتالێكدا نەوەدا[1]. هەر چەندە سەربەخۆیی تەواوی هە یە، لە گەڵ ئەوە شدا لە گەڵ پێكها تەكانی تری ڕێزما ندا، پێكەوە كاردە كەن وكارتێكردنی شیان لە سەر یەكتری هە یە[2]. وا تە د یاردە زمانی یەكانی ئەو پێكهاتانە، لەسینتاكسدا دەردەكەون و پێوەندیی لەنێوانیاندا دروست دەبێت. ئەمە جگەلەوە كە سینتاكس فەرهەنگی زمانی تێدایەو وەسفێكی تەواوی ئەو زانیاری یە خوڕ سكانە دە كات، كەڤسەكەری ز مانی دا یك لەبارەی زمانەكەیەوە هەیەتی و بریتین لە:

أ- چۆنیەتی ڕیزكرد نی و شەكانی ز مان، بەجۆرێك كەپێوە ندیی لەنێوانیا ندا درو ست ببێت، بۆئەوەی فۆڕمی ڕستەیان لێ دابڕێژرێت.

ب- لێكۆڵینەوە لەو شوێنانەی، وشە لەڕ ستەدا وەریا ندەگرێت، وا تە سینتاكس خۆی بە پێوەندی یە واتایی و ڕێزمانییەكانی نێوان كەرەستەكانی ڕستەوە خەریك دەكات.

ئەم زانیارییانە مۆرفۆسینتاكسیش دەگرێ تەوە، لەبەر ئەوە سینتاكس ومۆرفۆ سینتاكس بڕیارلە سەر ڕێزماندرو ستی ونادرو ستی ڕ ستەو كردارە لێكدراوەكان دەدەن ودرو ستەی سینتاك سی ڕ ستەو درو ستەی مۆرفۆسینتاكسی كردار لێكدەدەنەوە. ئەمەیش توانستی مرۆڤەو لەكۆمەڵە یاسایەك پێكدێت، كەدووجۆرن:

أ- هەندێكیان دروستەی قووڵ بەرهەم دەهێنن.

ب- جۆرێكی تریشیان دروستەی قووڵ بۆدروستەی ڕووكەش دەگۆڕن.

پ- ئەم دووپێڕەوە لەیاسا ناونراون (پێكهاتەی بنجی) و(پێكهاتەی گواستنەوەی سینتاكس) [3].

توانست لەلایەن زمانەوانانەوە بەمجۆرە پێناسە كراوە:

1- سی ستەمی ئەو یا سایانەیە، كەڤ سەكەر لەبارەی زمانەكە یەوە، كۆنترۆڵی كردوون و بەهۆیا نەوە دەتوانێت:

ا- ژمارەیەكی نادیاروبێسنوور لەڕستە دابڕێژێت ولێیان تێ بگات.

ب- جیاوازی لەنێوان ڕستەی دروست ونادروستدا بكات.

پ- ڕستەی لێڵ بناسێتەوە [4].

2- توانستی زمانی، زانیاریی نائاگایی مرۆڤە، لەبارەی دەنگ وپێكهاتەو واتای زمانەكەی[5].

كەواتە ڕێزمان وەسفی زانیاریی هۆشەكیی قسەكەرە، یان هەرخۆی بریتییە لەزانیاریی هۆشەكیی قسەكەر[6]. ڕێزمانێك كەیاساكانی، ڕستەی ڕێزمانی پێك بهێنن و ڕستەی ناڕێزمانی پێك نەهێنن، لە

(1) محەمەدی مەحوی، (2001 : 1).

(2) Radford, (1988:16) .

(3) محەمەدی مەحوی ونەرمین عومەر، (2004: 11-12).

(4) Crystal, (1991: 66).

(5) Farrokhpey, M.(1999: 235).

(6) Fromkin ,V. Robert rodman, (1988: 12)

تیۆرەکەی چۆمسکیدا، بەبەرهەمهێنەر، یان پێکهێنەر دادەنرێت[1].

بەشێوەیەکی گشتی سینتاکس لەکۆمەڵە یاسایەکی جۆراوجۆر پێکدێت، کە هەموویان پێکەوە دەستگایەك لەیاساو پرنسیپ پێکدەهێنن ولەدروستەی ڕستەدا کاردەکەن ورێزمانێکی وەسفیی زمانی دا یك بەرجە ستە دە کەن، کە د یاردە زمانی یەکان لێکدەدا تەوەو شیکردنەوەیەکی زاذ ستیش بۆ ڕستەکانی زمان، کە (دەربڕی بیری قسەکەرن) دەکات. ئەو یاسایانەش بریتین لە: (ڕۆ ڵە بابەتیـ یەکان، دۆ خی ڕێز مانی، درو ستەی فر ێز، زاڵ بوون ولەپێ شهاتنی کەرە ستەکان، بە ستنەوەی نـ ێوان فر ێزە ناوییەکان، گواستنەوە) .

## 1-1/1 بایەخی سینتاکس لە زمانەوانیدا:

سینتاکس زمان لە مردن ولەناوچوون دەپارێزێت، ناوەرۆك وکاکڵەی لێکۆڵینەوەکەی کردارو فرێزە داواکراوەکانیەتی. کرداریش بەشێکی بنجی لە دروستەی ڕستە پێکدەهێنێت ورۆڵێکی گرنگ لە هەڵ بژاردن وڕیزکرد نی کەرە ستەکانی ڕ ستە، لەئا ستی ئا سۆییدا دەبینـ یێت. بەواتا یەکی تر کردار دروستەی ڕستەو شوێنی فرێزەکان دیاری ودەست نیشان دەکات .

هەموو زمانـ ێك، یان زارە کانی زمانـ ێك، بەزگماك کرداریـ یان هە یە، کە هەڵگری مۆرك و تایبەتمە ندیی ز مان، یان زارەکە یەو کەمتر دەکەوێـ تە ژ ێر کاریـ گەریی ز مانێکی بێگا نە، یان زارە جیاوازەکانی هەمان زمانەوە. لەبەرئەوە زۆربەهێوا شی گۆڕانـ کاریی بە سەردادێت و لەبنـ جدا لەزمانی دایکدا چۆن بووە ،تارادەیەکی زۆر هەربەوشێوەیە دەمێنێتەوە.

دە شێت کەرە ستەی ز مانی، وەك ناو، ئاوەڵـ ناو، ئەدڤێربڵ، لەزمانێکی بێگا نە، یان زارێـ کی زمانێـ کەوە، بۆ ز مانێکی تر، یان زارێـ کی تر بگوێزرێـ نەوە، بەڵام کردار کەمتر لەزمانێکی ترەوە وەردەگیرێت. ئەمەیش تایبەتمەندیی کردارەو لەدانە فەرهەنگییەکانی تری جیادەکاتەوە .

هەورامی بەکاریـ گەریی شێوەزاری سلێمانی، دە شێت فرێزە کانی کردار(بـ کەر، بەرکار) بەکەرە ستەی فەر هەنگی شێوەزاری سلێمانی دەربڕ یێت، وا تە گۆڕانـ کاری بە سەر و شەو دا نە فەرهەنگییەکانـ یدا بـ یێت، بەڵام کردارە کانی تا ئێـ ستا وەك خۆ یان ماونە تەوەو ڕە سەنایەتییان پاراستووەو نەکەوتونەتە ژێر ئەو کاریگەرییەوە. بۆنموونە ڕستەیەکی وەك :

- تەلەبەکە دەرس موانو . (خوێندکارەکە وانە دەخوێنێت) .

دەگونجێت لەئەنجامی تێکەڵبوون وکاریگەری، بەمشێوەیە دەربڕێت :

- خویندکارەکە وانە موانو .

بەسەرنجدان لەو دووڕستەیە، دەردەکەوێت کەتەنها کردارە، مۆرکی هەورامی لەڕستەکە داوە، واتە لەفەوتان شێوەزارەکەی پاراستووە. کەواتە سینتاکس بایەخێکی گەورەی لەزماندا هەیەو جێگایەکی هەرەگرنگی گرتووە، بـەجۆرێك زانایەکی وەك چۆمسکی ڕای وایـە کە (( دڵ لە لەشی مرۆڤدا، جێگایەکی

---

(1) سەلام ناوخۆش، (2005: 58).

گرنگی هەیە، سینتاکسیش لەزما ندا هەمان شوێنی هە یە .))[1]. لەزانستی زما ندا، ز مان بەدیاردە یەکی تەواو دادەنر ێت، بەواتای ئەوەی هیچ زمانێك لە ئا ستی سینتاکسدا کەموکورتیی نی یە، ئە مەش خۆی لەخۆیدا جارێکی تر گرنگی ئاستەکە دەردەخات [2] .

## 2-1/1 دروستەی قووڵ Deep structure :

ئەوڕۆنا نەی ڕ ستەیە، کەبەیە کەم قۆ ناغی بەر هەمی سینتاکسی دادەنر ێت وبریتی یە لەکردارێك و ئارگومێنتە پێوی ستەکانی، کە بەپێی ڕۆ ڵی بابەتا نەی کردار دێ تە ئاراوە و بەپێی یا ساکانی ڕیز بوونی کەرەستەکان لەزمانێکی دیاریکراودا ڕێکدەخرێن .

زما نە سرو شتییەکان لەڕووی بەر هەمهێنانی درو ستەی قوو ڵەوە چوون یەکن و هەر ئەو یا سایە لەهەموویاندا بەدی دەکرێت، چونکە (( زۆربەی بەڵگەی مەنتیقی وتەجریبی دەیسەلمێنن، کە زمانی مرۆڤ هەموو بەپێی هەمان پێڕەو کاردەکەن وهەڵدەسوڕێن وئەو جیاوازی یەی لەنێوانیا ندا بەدی دەکر ێت، هەر لەسیمادایە، ئەگینا لەبنجدا هەموو یەکن ویەکدەگرنەوە.)) [3].

درو ستەی قووڵ، کۆ مەڵێ خە سڵەت وتایبەتمە ندیی خۆی هە یە، بەپێوی ستی دەزا نین هە ندێکیان لەچەند خاڵێکدا بخەینە ڕوو :

1. پێوەندی بەواتاوە هەیە وسروشتی پێوەندیی واتایی نێوان ئارگومێنتەکانی کردار ڕووندەکاتەوە[4].

2. دارشتەی ڕاستەوخۆی گۆکردنە ڕێزمانییەکانە، کەدەبێ لەم ئاستەدا بەتەواوی وبێ کەموکوڕی هەبن[5].

3. پێوەندییە سینتاکسییەکانی نێوان کەرەستەکانی ڕستە بەجێبەجێنەکراوی دەمێننەوە، جگەلە پێوەندییە زگماکییەکان[6]. واتە ئاستێکی ڕێك نەخراوی ڕستەیە،لەڕووی پێوەندییە سینتاکسییەکانەوە.

4. ئەبستراکتەو ناتوانرێت بدرکێنرێت، تا بۆدروستەی ڕووکەش نەگۆڕرێت. لەبەرئەوە وا دادەنرێت کە لەبیری قسەکەرانی زماندایە[7].

5. زاراوە سینتاکسییەکان تیایدا بەدانەی فەرهەنگی پڕدەکرێنەوە، واتە بوارێکە بۆ گۆڕینەوەی هێما بەدانەی فەرهەنگی، کەتیایدا یاساکانی فەرهەنگ ڕۆڵ دەبینن [8].

6. لەتوانایدا نییە، تایبەتمەندییەکانی زمانێکی دیاریکراو، یان زارێکی تایبەتی زمانێك بەشێوەیەکی گشتی بخاتە ڕوو، چونکە تایبەتمەندییەکان پەیوەندییان بەڕێککەوتنە سینتاکسییەکانەوە هەیە، کەبەرهەمی یاساکانی گواستنەوەن وگواستنەوەکانیش لەدروستەی ڕووکەشدا پیادە دەکرێن.

---

(1) دفەرمیدون عەبدول بەرزنجی- دبەکر عومەر عەلی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ. 14 (2004: 19) و ئەو سەرچاوەیەی سوودیان لێ وەرگرتووە.

(2) سەرچاوەی پێشوو.

(3) وریا عومەر ئەمین، ڕۆشنبیری نوێ، ژ. (121: 73) .

(4) Fowler, R. (1981: 10)

(5) محەمەدی مەحوی، (2001: 25) .

(6) مەبە ست لەپێوەندی یە سینتاک سییە زگماکی یەکان، پ ێدانی دۆ خی ڕێز مانیی بۆماوەی یە، لەلا یەن کردارەوە بە ئارگومێنتەکانی .
بۆزانیاری زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە (دۆخی ڕێزمانی) لەم نامەیەدا.

(7) Richards etal, (1992: 99)

(8) عبدالقادر الفاسی الفهری، (1982: 68).

7. ئارگومێنتەکانی کردار لەشوێنی بنەڕەتی وچەسپاوی خۆیاندان.

## 3-1/1 دروستەی ڕووکەش Surface structure :

شێوەی دەرەوەو بەر چاوی ڕ ستە نی شاندەدات [1]. بوارێ کە بۆجێ بەجێ کرد نی پێوەندی یە سینتاکسییەکان لەنێوان کردارو ئارگومێنتەکانیدا،واتە دیاردەی ڕێککەوتنە سینتاکسییەکان دیاری دەکات و ڕووندەکاتەوە. ئەم درو ستەیە دوای پ یادەکردنی یا ساکانی گوا ستنەوە بە سەر درو ستەی قوو ڵدا بەر هەم دێت، کەتیایدا کردار دۆخی ڕێزمانیی بەتەواوکەرەکانی دەدات .

دروستەی ڕووکەش تایبەتمەندییەکانی زمان نیشاندەدات وجۆری ئەو گوا ستنەوانە دەخا تەڕوو، کە لەزمانێکی دیاریکراودا دە شێت ڕێ یان پێ بدرێت. بەهۆی ئەم درو ستەیەوە دەتوانر ێت خزما یەتی، یان لێکچوون وجیاوازی لەنێوان دوو زمان، یان زیاتردا دەستنیشانبکرێت .

ئەم دروستەیە بۆ پەیوە ندیکردن ولە یەك گەی شتن وگۆڕ ی نەوەو گەیا ندنی بیر لەنێوان ئە ندامانی کۆمە ڵدا بەکاردەهێنرێت وجێبەجێ کەری د یاردەی ئابووری یە لەزما ندا، چونکە ئارگومێ نتەکانی کردار دەشێت لەشێوەی کلیتیکدا دەربڕرێن .

## 2/1 سەرەتا:

کرداری لێکدراو وەك بابەتێکی ڕێزمانیی لەزمانی کوردیدا، جێگەیەکی دیاروگرنگی هە یە، چونکە مەودای بەکارهێنانی فراوانەو خاوەنی فۆڕمی زۆرو هەمەچەشنەیەو ڕۆڵێکی د یاری لە سازکردنی ڕ ستەدا هەیە. جگەلەوەی بۆتێگەیشتن لەیاساو تایبەتمەندی یەکانی شێوەزاری هەورامی وگۆڕا نکاری وپێ شکەوتنی شێوەزارەکە، با یەخی تای بەتی هە یە. هەروەها لەبواری فەر هەنگ نووسینی شدا، ڕۆ ڵی کرداری لێ کدراو بەئاشکرا دەردەکەوێت، چونکە بۆشاییەکی گەلێك زۆر لەکێڵگەی واتایی ڕووداو و بارەکاندا پڕدەکاتەوە .

ئەو کردارا نەی لەم نامە یەدا بەلێ کدراو دا نراون، ئەوا نەن کەلە ئەنجامی یەکگرتنی کردار یێك و مۆرفیمێکی ڕەگ، یان فرێزێ کی پریپۆزی شنی پێک هاتوون ولەهە ندێ باری شدا، بەپێی سرو شت و جۆری کردارەکە، کەرەستەیەکی تەواوکەر لەشێوەی فرێزی پریپۆزیشنیدا، هاوبەشی ڕۆنانەکە دەکات [2] .

سینتاکسی کرداری لێکدراو، بابەتێکی ئاڵۆزو فراوانە، چونکە کردارە لێکدراوەکان بریتی نین لە

(1) محەمەد ڕەزای باتینی، (1993: 114).

(2) لەهەندێ سەرچاوەی کوردیدا، زاراوەی (ئاوێتە) لەبری (لێکدراو)، بۆئەو کردارا نە بەکارهاتووە، کەفرێزێکی پریپۆزی شنی وەك کەرەستەیەکی زگماك لەڕۆنانیاندا بەشدارە، یان بەشی کردارییان مۆرفیمی (- ەوە)، کەبەرامبەر بە (- ۆ) یە لەشێوەزاری هەورامیدا، لەگەڵدا بێت، وەك:

دەسش چنە هورگێرت. (دەستی لێ هەڵگرت).

دەسش کەردۆ. (دەستی کردەوە) .

بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: لیژنەی زمان وزانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد، (1976: 232- 234).

تەنها کۆ مەڵێك، بەڵکو لەڕوانگەی یا ساکانی داڕشتنیان و جۆری ئەو کەرە ستانەی کەر تەکانی یە کەمیان دادەڕێژن، بۆچەند گرووپێك پۆل دە کرێن. ئەم هە مە جۆری یەیش وایکردووە، کە یا سا سینتاکسییەکان نەتوانن شێوەیەکی گشتگیر، بۆخستنەڕوو و لێکدا نەوەی دیاردە کانی کردارە کان وەربگرن. وا تە یا سایەك کەبەسەر جۆرێکی کرداری لێکدراوودا پیادە دەبێت، مەرج نییە لەگەڵ جۆرێکی تردا بگونجێت، یان دە شێت گۆڕانکاری وجیاوازی تێ بکەوێت. ئە مەیش بواری لێکۆڵینەوەی کردارە لێکدراوەکانی گران کردووە و لەڕووی یاساو دیاردەی هەمەچەشنەوە، کردوویەتی بەبابەتێکی چڕو دەوڵەمەندی سینتاکسی .

## 3/1 پۆلکردنی کردارە لێکدراوەکان لەڕووی واتاوە :

ئامانج لەسازکردنی کرداری لێکدراو، گەیاندنی واتای نوێیە، بۆ ئەو بارورووداوانەی، کەلەفەر هەنگی زما ندا، ناتوانر ێت بەو شەیەکی سادە گوزار شتیان لێ بکر ێت. لەبەر ئەوە سەرەتای لێکۆڵینەوە کەمان لەکرداری لێکدراو، بۆئاماژەکردن بەو وا تا فەرهەنگییا نەی دەیگە یەنن تەرخان دە کەین. لەڕووی وا تاوە، سێ کۆمەڵ کرداری لێکدراو جیادەکرێنەوە [1] :

1- ئەوانەیان کە ڕووداوێك دەگەیەنن (ڕووداو دەگەیەنن) .

2- هەندێکی تریان، بار (حاڵەت) ێك دەگەیەنن (بار گەیەن)، کە لەدووشێوەدا دەردەکەون :

ا- خستنە ڕووی باری کەسێك، یان شتێك وەك خۆی ( سیفەتێك، یان بار ێك، دەدە نە پاڵ بکەر، یان بەرکاری ڕستە) .

ب- گۆڕان لەباری کەسێك، یان شتێکدا دەردەخەن .

3- جۆرێکی تر یان، ڕووداو ێك نیشاندەدەن وهاو کات، گوزار شتیش لەبار (حا ڵەت) ێك بە شێوەی گۆڕان دەکەن .

(محەمەد مەعروف فەتاح) ڕای وایە، کەکۆمەڵەی (1) و(2)، بەهۆی جۆری کەر تەکانی پێشەوەیان لەیەکتر جیاناکرێنەوە، بەڵکو بەهۆی جۆری ئەو کارە داڕێژراوەوە دەبێت، کەبە شداری لەڕۆنانی کردارە لێکدراوە کەدا دە کات [2]. بەبۆ چوونی ئێ مە، کەرتی یە کەم لەدیاریکردنی ئەو دوو جۆرە کردارەدا ڕۆڵ دەبینێت، چونکە دەسەڵاتی واتایی بەسەر کردارە کەدا هە یەو وا تای کرداری لێکدراو پەیوە ستە بە کەرتی یەکەمییەوە . بۆنموونە ئەو کردارانەی کەرتەکانی یەکەمیان ناون، واتای ڕووداو دەگەیەنن، وەك :

| | |
|---|---|
| زاوڵەشا بی . | (منالْیان بوو) . |
| جەنگشا بی . | (شەڕیان بوو). |
| قەسەمش وارد . | (سوێندی خوارد). |

---

(1) (محە مەد مەعروف فەتاح) و(یو سف شەریف سعید)، دووکۆ مەڵ کرداری لێکدراویان لەڕووی وا تاوە جیاکردووە تەوە، کە (ڕووداوگەیەن) و(بارگەیەن) ن. بۆزانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

ا- محمد معروف فتاح، ڕۆشنبیری نوێ، ژ.121، (1989: 47).

ب- یوسف شریف سعید، (1998: 50-57).

(2) سەرچاوەی (ا) ی پێشوو.

ئەوکردارانەیش، کەکەرتەکانی یە کەمیان ئاوەڵناون، بار، یان سیفەت دەخە نەڕوو، چونکە ئاوەڵناو سیفەتی ناو دەردە خات، بەواتا یەکی تر ((ناولێ نەری تایبەتمە ندیی ناوە)) [1]، ئەم خە سڵەتە فەرهەنگی یەش، لەدرو ستەی کردارە لێکدراوەکا ندا ڕەن گی داوە تەوە، وەك لەم کردارا نەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە :

پاك بی. (پاك بوو).

ڕیك وست. (ڕێکخست).

ڕۆزگار کەرد. (ڕزگار کرد)[2].

## 1 -3/1 یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی داڕشتنی کرداری ڕووداو گەیەن:

مەبەست لەخستنەڕووی ئەم یاسایانە لەم کارەماندا، تەنها بۆدیاریکردنی ئەو کەرەستانەیە، کە بەپێی واتای کردارە لێکدراوەکان، کەرتەکانی یەکەمیان پێکدەهێنن، کە هەریەکەیان زاراوەی مۆرفۆلۆژیی تای بەت بە خۆ یان هە یە . لێرەدا باس لەوبنەمایا نە نەکراوە،کەبەهۆیا نەوە کەر تەکانی کردارە لێ کدراوەکان یەکدەگرن ودانەیەکی فەرهەنگی سازدەکەن .

1- ناو + کردار :

یەکێ کە لەیا سا بەبڕ شتەکانی سازکردنی کرداری لێ کدراو لەکورد یدا بەگ شتی، ئەوناوا نەی کەرتی یەکەمی ئەم چەشنە کردارانە پێکدەهێنن، ئەمانەن:

ا- ناوی گشتی (Common noun) :

دەس + بڕیو ⟵ دەس بڕیو . (دەست دەبڕێت) .

سەر + مدو ⟵ سەر مدو . (سەردەدات) .

ب- ناوی ئەبستراکتی (Abstract noun) :

قەسەم + موەرو ⟵ قەسەم موەرو . (سوێند دەخوات) .

گەمە + کەرو ⟵ گەمە کەرو . (یاری دەکات) .

پ- ناوی مادی (Material noun ) :

ئاوی + مدو ⟵ ئاوی مدو . (ئاو دەدات) .

ئێر + کەرووە ⟵ ئێرکەرووە . (ئاگردەکاتەوە) .

ت- ئەو ناوانەی لەعەرەبییەوە خوازراون و زاراوەی ئاینین:

حەج + کەرو ⟵ حەج کەرو . (حەج دەکات) .

زەکات + مدو ⟵ زەکات مدو . (زەکات دەدات) .

---

(1) د.فارووق عومەر سدیق، چاوپێکەوتن، 2007/3/15.

(2) کرداری(کەرد)، کەلەگەڵ ئاوەڵناودا یەکدەگرێت، واتای ڕووداوێك دەگەیەنێت و گۆڕان لەباری کە سێك، یان شتێکی شدا دەخا تە ڕوو، وەك: (جوانکەرد، بیزارکەرد، تووڕەکەرد).

(یوسف شەریف سەعید)، ڕای وایە کەناوی تایبەتی زۆر کەم لەڕۆنانی کرداری لێکدراودا بەشداری دەکات، چونکە بەزۆری لەناوی گیا ندارو بێ گیان پێکهاتووە، یان ناوی چیاو ڕووبارو ووڵات ومیللەت و...... تد[1]. بەبۆچوونی ئێمە، ناوی تایبەتی نەك زۆر کەم، بەڵکو لەدارِشتنی کردارە لێکدراوەکاندا بەشداری ناکات .

2. ئەو وشانەی ئەمڕۆ سەربەخۆ بەکارناهێنرێن، وەك (تووش، فرە، واز، بەخیو،...) + کردار:

بەخیو + کەرو ⟵ بەخیو کەرو . (بەخێودەکات) .

واز + مارو ⟵ واز مارو . (واز دەهێنێت ).

3. فرێزی پرێپۆزیشنی + کردار:

دلینە + بەرو ⟵ دلینە بەرو . (لەناودەبات) .

بەسەر + مارو ⟵ بەسەر مارو . (بەسەر دەهێنێت).

4. کردار + فرێزی پرێپۆزیشنی:

وزووە + یاد ⟵ وزووە یاد . (دەخاتەوە یاد).

مێوە + قوولی ⟵ مێوە قوولی . (دێتە کوڵ) .

مێو + کولی ⟵ مێو کولی.

## 2-3/1 یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی دارِشتنی کرداری بارگەیەن:

ا- ئەو کردارانەی باری کەسێك، یان شتێك وەك خۆی دەخەنەڕوو:

ئەم چەشنە دروستانە، بەپێی یاساکانی خوارەوە پێکدێن:

1- ئاوەڵناو+ کرداری (بی) :

ئاوەڵناوی چۆنیەتی، ڕۆڵێکی چالاك لەم بوارەدا دەبینێت، بەتایبەتی لەگەڵ کرداری ( بی: بوو). ((ئاوەڵناوی نیسبی کاری لێکدراو پێك ناهێنێت، چونکە ڕاستەوخۆ واتای شتێك ناگەیەنێ، لەڕێگای پەیوەست بوونی بەو شەی تر واتایێك دەگەیەنێت . ئاوەڵناوی نیسبی هەمیشە دارِێژراوە لەڕووی پێکهاتنەوە، واتە کردەوەیەکی بەسەر هاتووە، بۆیە لەهەمان کاتدا ناتوانین بیگۆڕین، یان بیکەین بەکاری لێکدراو، ئەوەی دیارە دووکردە لەیەك کاتدا بەسەر کەرەستەیەکی زمانی دا ناکرێت)) [2].

زەریف بی . (جوان بوو) .

وریا بی . (وریا بوو) .

2- ناوی ڕەنگەکان + کردار :

چەرمە + مشووە ⟵ چەرمە مشووە . (سپی دەچێتەوە) .

سۆز + کەرووە ⟵ سۆز کەرووە . (سەوز دەکاتەوە) .

---

(1) یوسف شریف سەعید، (1998: 20).

(2) سەرچاوەی پێشوو، 23.

3- ڕەگی کردار + کردار:

وەرم + بەروشۆ ⟵ وەرم بەروشۆ . (خەو دەیباتەوە) .

4- ناو + کردار:

شەرم + کەرو ⟵ شەرم کەرو . (شەرم دەکات) .

ب- ئەو کردارانەی گۆڕان لەبار، یان سیفەتی کەسێك، شتێك، یان شوێنێك دەردەخەن:

یاساکانی ڕۆنانیان بریتین لە:

1- ئاوەڵناو + کرداری (بی) ( بەمەرجێك هێزی سەرەکیی لەسەر بێت):

پاك + بی ⟵ پاك بی . (پاك بوو)، واتە (پێشتر پاك بوو) .

ژیر + بی ⟵ ژیر بی . (ژیربوو)، واتە (پێشتر ژیربوو) .

کرداری (بی)، کە لەگەڵ ئاوەڵناودا یەکدەگرێت، دوو واتای جیاوازی دەبێت:

گۆڕاو: بیۆ (بووە).

ئەوسا : بی (بوو).

لەواتای دووەمدا (بی) هێزی سەرەکی لەسەردەبێت، بەمە لەئاخاوتندا لەیەکەم جیادەکرێتەوە[1].

2- ناوی ڕەنگەکان + کردار:

زەرد + هورگیلاٚ ⟵ زەرد هور گیلاٚ . (زەرد هەڵگەڕا) .

سوور + بیووە ⟵ سوور بیووە . ( سوور بۆوە) .

سیاو + بیووە ⟵ سیاو بیووە . (ڕەش بۆوە) .

3- فرێزی پریپۆزیشنی + کردار:

بەئاگا + ئاما ⟵ بەئاگا ئاما . (بەئاگا هات) .

بی ناز + کۆت ⟵ بیٚ ناز کۆت . (بیٚ ناز کەوت) .

## 3-3/1 یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی داڕشتنی ئەو کردارانەی ڕووداو دەگەیەنن وهاوکات حاڵەتێك بەشێوەی گۆڕان نیشاندەدەن:

1- ئاوەڵناو + کردار:

(نێر) ڕۆزگار + کەرو ⟵ ڕۆزگار کەرو . ( ڕزگار دەکات).

(مێ) ڕۆزگارە + کەرو ⟵ ڕۆزگارە کەرو .

(نێر) زەریف + کەرو ⟵ زەریف کەرو . ( جوان دەکات).

(مێ) زەریفە + کەرو ⟵ زەریفە کەرو.

(1) بۆزانیاری زیاتر، بڕوانە محمد معروف فتاح، ڕۆشنبیری نوێ، ژ. 121، (1989: 52).

2- ناوی کۆمەڵ ( Collective noun) + کردار :

پول + کەرو ← پول کەرو . (پۆل دەکات).

کومەڵ + کەرو ← کومەڵ کەرو . (کۆمەڵ دەکات).

3- ژمارە + کردار:

یو + گیرو ← یو گیرو . (یەکدەگرێت).

4- وشەی (ڕەنگ) + کردار :

ڕەنگ + کەرو ← ڕەنگ کەرو . (ڕەنگ دەکات).

ڕەنگ + بەرو ← ڕەنگ بەرو. ( ڕەنگ دەبات)

و شەی (ڕە نگ)، ئە گەر بەواتای فەر هەنگی بەکارنە یەت، دە چێتە بواری ئیدیۆ مەوەو کرداری لێکدراوی ئیدیۆمی پێکدێت[1].

## 4/1 دروستەی کردارە لێکدراوەکان بەپێی یاسای ڕۆڵی بابەتانە :Thematic roles

کردار بە پێوەندیـ یەکی وا تایی ئا سۆیی، کە پێوەندیـ یەکی سینتاک سییە، لە گەڵ ئارگومێنـ تە پێویستەکانیدا بەستـراوەتەوە . دەرکەوتن وگونجاندنی کەرەستەکان لەگەڵ کرداردا، لەچوار چێوەی ڕ ستەدا بەشێوەیەکی ئاسۆیی دەخاتەڕوو . واتە کام کەرەستە، لەگەڵ کام کرداردا دە چنە پاڵ یەك[2]. بەواتا یەکی تر کردار ڕۆڵی واتایی جیاواز بەفرێزە ناوییەکان دەبەخشێت، ڕۆڵە بابەتیـ یەکان ئەو پێوەندیـ یە واتاییا نە ڕووندەکەنەوە . تیۆری ثیتا (Theta /Ø - theory)، کەیەکێکە لەلقە تیۆرە کانی ڕێز مانی حوکمکردن وبەستنەوە (GB)، خۆی بە د یاریکردنی ڕۆ ڵە بابەتییەکا نەوە خەریك دە کات، کە چۆمـسکی بە (ڕۆ ڵە سیمانتیکییەکان) ناو یان دە بات . ئەم تـ یۆرە مامە ڵە لە گەڵ داواکاریـ یە گونجاوە کانی کرداردا دە کات ولەسنووری کرداردا، کۆمەڵێك ڕۆڵی بابەتی بەیەکەوە دەبەستێتەوە[3].

لەتیۆری ثیتـــادا، دووڕە گەزی سەرەکی جیادەکرێـ نەوە، کە ڕۆڵێـ کی گرنگ لەجێ بەجێ کرد نی تیۆرەکەدا دەبینن:

ا- پێدەر: کردارەکانن، کە هۆکاری هەڵسوڕێنەری ڕۆڵە واتایـ یەکانن و بەپێی چە شنەکانیان، بەزگماك ڕۆ ڵی بابەتانەیان پێیە.

ب- وەرگر: فرێزە ناوییەکانن (ئارگومێنتەکانن)، کە بەپێی پێویستیی کردار لەڕ ستەدا دەردە کەون و دێـ نە ئاراوە، مەرجە هەر فرێزێکی ناوی ڕۆڵێکی بابەتانەی وەرگرتبێت، بۆئەوەی ڕستەی ڕێزمانی بەرهەم بـ ێت، بۆنموونە لەڕستەیەکی وەك :

---

(1) مصطفى محمد كريم زەنگنە، (2001: 43).

(2) بۆزانیاریی لەبارەی ئەمجۆرە پێوەندییە واتاییە، بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

ا- طالب حسين على، (1998: 33).

ب- ساجیدە عبدوڵڵا فەرهادی، (2003: 14-18).

(3) Trask, (1993: 279)

(1) زاوڵەکە گەمە کەرو.        (مناڵەکە یاری دەکات).

فر ێزی ناویی (گە مە)، ئە گەر نەتوانێت ڕۆ ڵی وا تایی بەرکاریی لەکرداری ( کەرو) وەربگر ێت، ئەوا پێوەندیی واتایی لەنێوانیا ندا نابێت وڕ ستەیەکی بێ وا تاو ناڕێز مانی پێکدێت، چونکە بەخشینی ڕۆ ڵە واتاییەکانی کردارێك بەئارگومێنتەکانی، دەبێتە پێوەرێك بۆ بڕیاردان لەوەی، کەئایا ڕستەیەك ڕێزمانییە، یان نا، ئارگومێنتەکانیش پێوی ستە بە شێوەیەکی ڕۆ نانی بنا سرێنەوە، وا تە ناوەرۆکێکی فۆ نەتیکییان هەبێت وکەرەستەیەکی بەرجەستەکراوی ڕستەبن .

بەپێی پێوەری ثیتا (Theta Criterion)، دەبێت هەرئارگومێنتێکی کردار، تەنها یەك ڕۆ ڵی بابەتا نەی لەکردارەوە پێ بدرێت[1]. لێرەدا دەتوانرێت بوترێت، کەلەدووباردا، ڕستە ناڕێزمانی دەبێت:

ا- ئارگومێنتێکی کردار، هیچ ڕۆڵێکی بابەتانەی وەرنەگرتبێت .

ب- یان زیاتر لەڕۆڵێکی بابەتانەی وەرگرتبێت .

کەوا تە پێوە ندیی نێوان ئارگومێنتەکان وڕۆ ڵە واتای یەکان بەرامبەری یە ( یەك بەیە کە)[2]. بۆنموو نە کردارێکی وەك (کەرد: کرد)، دوو ئارگومێنت وەردەگرێت، چونکە توا نای بەخشینی دوو ڕۆ ڵی بابەتا نەی جیاوازی هەیە، ڕۆڵێك بەکەرەستەیەك دەدات، کەلەشوێنی بکەردایەو ئەوی تریشیان بەکەرە ستەیەکی تر، کەلەشوێنی بەرکاردایە:

(2) کوڕەکە قسیش کەردە .        (کوڕەکە قسەی کرد).

↓ ↓

ڕۆڵی بابەتانەی بکەر        ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار

کردارێکی وەك (شی: چوو)، داوای یەك ئارگومێنت دەکات، چونکە تەنها یەك ڕۆڵی بابەتانەی پێیە، کە ئەویش بکەرییە:

(3) ڕۆحش شی .        (ڕۆحی چوو).

↓

ڕۆڵی بابەتانەی بکەر

پڕۆسەی گواستنەوەی ڕۆڵە واتاییەکانی کردارێك بۆئارگومێنتەکانی، بە (نیشانەکردنی واتایی- Theta marking) دادەنرێت [3].

## 1-4/1 یاسا سینتاکسییەکانی ڕۆنانی کردارە لێکدراوەکان:

یاسا سینتاکسییەکان، بنەماکانی داڕشتنی کردارە لێکدراوەکانن و ئەو ڕێگایانەن، کە پەیوەست پێیانەوە، کردارێك لەگەڵ دانەیەك، یان زیاتری زمانیدا یەکدەگرێت. ئەو کەرەستانەی کردارێك

(1) Chomsky, (1993: 32) Lec.

(2) محمد فتیح، (1993: 328- 329)، لەنامەی دکتۆرای (حاتەم ولیا محەمەد، 2006: 42) وەرمگرتووە.

(3) Cook and Newson, (1997: 169).

داوایاندەكات ولەگەڵیاندا دروستەیەكی لێكدراو بەر هەم دێنێت، بەتایبەتیی یە واتایی یەكانی كردارە كەو ئەو ڕۆ ڵە واتایی یەوە بە ندە، كە بۆكەرە ستەكەی دیار یدەكات و ئەویش جێ بەجێی دە كات . بۆنموو نە (وارد: خوارد) داوای تەواو كەرێكی ناوەكی دە كات، كە ببێ تە با بەت و ناوەرۆكی درو ستەكەو سیمای (± خواردەمەنی) هەبێت وتوانای جێبەجێكردنی ئەورۆڵە بابەتییەی هەبێت، كەبۆی دیاری دەكرێت:

(4) ا- دارا نانش وارد. (+ خواردەمەنی). ( دارا نانی خوارد).

ب- دارا خەفەتش وارد. (- خواردەمەنی) (دارا خەفەتی خوارد).

كردارێكی وەك ( مەڕیا: شكا) یش، پێویستی بەئارگومێنتێكی دەرەكی یە، بۆ ئەوەی ڕۆ ڵی بابەتا نەی پێ ببەخشێت وكردارێكی لێكدراو دابڕێژێ .

(5) ا- دڵش مەڕیا. (دڵی شكا).

ب- شەرمش مەڕیا (شەرمی شكا)

مەرج نییە هەموو دروستەیەكی كرداری لێكدراو، بەهۆی ڕۆڵی بابەتانەی كردارەوە بەر هەمهاتبێت، چونكە لەهەندێك دروستەدا، كردار لەگەڵ كەرەستەیەكدا یەكدەگرێ، بێ ئەوەی هیچ ڕۆڵێكی بابەتا نەی پێ ببەخشێت، بۆنموونە لەم ڕستانەی خوارەوەدا:

(6) ا- ئیمە یانەكەما دروس كەرد. (ئێمە خانووەكەمان دروست كرد).

ب- دەسو نەوەشەكەی سڕبی. (دەستی نەخۆشەكە سڕبوو).

لە (ا) دا، (كەرد) لەوكردارانەیە، كەتوانای بەخشینی دوو جۆری جیاواز لەڕۆڵی بابەتا نەی هە یە، ڕۆڵێكی بەركاریی بەئارگومێنتێكی ناوەكی داوەو یەكێكی بكەریشی بەئارگومێنتێكی دەرەكی بەخشیوە.

(دروس) لەو ڕ ستەیەدا، كە بەخورتی دەر كەوتووە، هیچ ڕۆڵێكی بابەتا نەی نی یە، بەڵكو تەنها وەك بە شە پێكهێنێكی واتایی لەگەڵ (كەرد) دا، بۆبەرهەمهێنانی كردارێكی لێكدراو هاوبەشی كردووە.

لە (ب) یشدا، كرداری(بی) تەنها یەك ڕۆ ڵی بابەتا نەی پێ یەو بەئارگومێنتێكی دەرە كی داوە . ( سڕ) وەك كەرەستەیەك لەگەڵیدا یەكیگرتووەو دروستەیەكی لێكدراوی داڕشتووە.

ئەم چەشنەی كرداری لێكدراو، لەڕێی كرداربە ندی (پر یدیكات) ەوە سازبووە، كرداربە ندیش میكانیزمی ڕێپێدانی دە ستوورییە، كەبەهۆ یەوە ڕێ گە بەبوونی هە ندێك كەرە ستەی سەرەتایی لە ئا ستەكانی فۆنۆ لۆجی ولۆجیكیدا دەدات [1]. كەواتە لەسینتاكسدا، لەدابەشبوونی كەرتەكانی كردارە لێكدراوەكان دەكۆڵینەوەو ئەو شوێنانە دیاری دەكەین، كە كەرتەكانی یە كەمیان وەریا ندەگرن، ئەو شوێنانەیش هی كاتیگۆری یە سینتاكسییەكانن. دوای ڕوونكردنەوەكانی پێشەوە، دەتوانین یاسا سینتاكسییەكان دیاری بكەین، كە دروستەی ناوەوەی كردارە لێكدراوەكان لەهەورامیدا بەتایبەتی ولەكوردیدا بەگشتی بەرهەم دەهێنن . یاساكان گ شتین، بە سەر هەموو جۆرە كانی كردارە لێكدراوەكاندا پیادە دەكرێن وكردەی چۆنیەتی سازبوونیان شیدەكەنەوەو دەخەنەڕوو، بێ ئەوەی هیچ نەگونجان و كەموكورتییەكیان تێ بكەوێت. بەواتا یەكی تر، درو ستەی كردارە لێكدراوەكانمان لەڕوانگەی سینتاكسی و شەوە، شیكردووەتەوەو ئەو یاسایانەمان بەكارهێناوە، كە دروستەی قووڵی ڕستەی كوردی بەرهەم دەهێنن، چونكە

---

(1) محەمەدی مەحوی، (2001: 27- 28) .

یا ساکانی ڕۆ نانی کرداره لێکدراوەکان، هەر ئەو یا سای درو ستەی قوو ڵەی ڕ ستەن . زما نەوانێکی وەك (کاتام با) [1]، ڕای وا یە کە ئەویا سایانەی لەمۆرفۆلۆژ یدا کارده کەن و چۆنیەتی لێ کدانی مۆرفیم مەکان لەدرو ستەی و شەدا ڕێکده خەن، لەبنەجدا لە گەڵ یا سا سینتاکسییەکاندا جیاواز نین، کە بەهۆیا نەوە کەرەستەکانی ڕستە بۆدرو ستکردنی ڕ ستەی فۆڕم درو ست وڕێز مانی لەیە کدەدرێن. لەبەر ئەوە لای ئەو، مۆرفۆلۆژی لێکۆڵینەوەیە لەسینتاکسی وشە.

دوای لێکۆڵینەوەو سەرنجدان لەچۆنیەتی پێکهاتنی کرداره لێکدراوەکان، بەو ڕا ستییە گەیشتین، کە هەموو جۆرەکانی کرداره لێکدراوەکان، لە کورد یدا بەگشتی و لەهەورام یدا بەتای بەتی، بە یەکێك لەم پێنج یاسایەی خوارەوە سازبوون:

یاسای یەکەم: | ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار + کردار |

ئەوکردارانەی بەم یاسایە سازبوون، لەڕووی هێزەوە تێپەڕن ولەشێوەی فرێزی کرداریدان، وەك:

جەنگش کەرد (شەڕی کرد).
قەسەمش وارد (سوێندی خوارد).
هەرەسش ئاورد (هەرەسی هێنا).
ئارەقش مت (ئارەقی ڕشت).
ئاژاویش نیاوە (ئاژاوەی نایەوە).
قسیش بڕیە (قسەی بڕی).
زەماوەندەش گیڵنا (ئاهەنگی گێڕا).
چەمیش گیڵنێ (چاوی گێڕا).
قسیش هور بینا (قسەی هەڵبەست).
مارەش بڕی (مارەی بڕی).
........................هتد.

یاسای دووەم: | ڕۆڵی بابەتانەی بکەر + کردار |

کرداره لێکدراوە تێنەپەڕەکان بەم یاسایە داڕێژراون ولەشێوەی ڕستەدان، وەك:

مازیش مەڕیا (پشتی شکا).
حیاش تکا (حەیای تکا).
ئاوەڕووش شیە (ئابڕووی چوو).
ڕۆحش شی (ڕۆحی چوو).
نەهەش کۆت (ناوکی کەوت).

---

(1). Katamba, (1993: 302).

گيانش بەرشی       (گيانی دەرچوو).

.....................هتد.

یاسای سێیەم :

ئەم یاسایە بە (پریدیکات) ناودەبەین وئەو کردارانەی سازیان دەکات، دەشێت تێپەڕ ، یان تێنە پەڕبن ولەشێوەی تەنها یەکەیەکی سینتاکسیدا دەردە کەون وکەر تەکانی یە کەمیان هیچ ڕۆڵێکی بابەتا نەیان پێ نادرێت، واتەلەشوێنێکی بابەتیدا نین، لەبەرئەوە دەگونجێت لەپێش بەشی کرداریی، یان لەدوا یەوە بێن .

لەسەر بنەمای شوێنی کردار، دووجۆر لەم کردارانە دیاری دەکرێن:

ا- ئەوانەیان کەبەشی کردارییان لەکۆتاییدایە.        (کردار کۆتایی).

ب- هەندێکی تریان بەشی کردارییان لەسەرەتادایە. (کردار سەرەتایی).

واتە ئەم یاسایە دووفۆڕمی دەبێت:

ا- | پریدیکات + کردار |

| | |
|---|---|
| بیزار بی/ بیزارە بیە | (بێزار بوو). |
| بەئاوات یاوا | (بەئاوات گەیشت). |
| جیبەجی کەرد/ جیبەجی کەردە | (جێبەجێ کرد). |
| بویە کەرد / بویە کەردە | (بۆیە کرد). |
| دوور کۆتۆ/ دوورە کۆتۆ | (دوور کەوتەوە). |
| موچیاری کەرد/ موچیاری کەردە | (ئامۆژگاری کرد). |
| داواکەرد/ داواکەردە | (داواکرد). |
| ئاوی دا | (ئاودا). |
| وەڵی کۆت / وەڵی کۆتە | (پێش کەوت) |
| بەکری گیرت / بەکرێ گیرتە | (بەکرێ گرت). |

........... هتد.

ب- | کردار + پریدیکات |

| | |
|---|---|
| وزووە یاد | (دەخاتەوە یاد). |
| گنو سەر | (دەکەوێتە سەر). |
| ئاماوە زوان | (هاتە زمان). |
| گیرو وی | (دەگرێتە خۆ). |
| میو بەرهەم | (دێتە بەرهەم). |
| وزوش وەرو چەما | (دەیخاتە پێش چاو). |

پریدیکات یاسایەکی گشتی وهاوبەشە، لەنێوان کردارە لێکدراوە تێپەڕو تێنەپەڕەکا ندا، ڕێژە یەکی زۆر لەو دووچەشنە کردارە، بەم یاسایە بەرهەمهاتوون . یاسای ڕۆڵی بابەتا نە، ڕێگە بەکرداردەدات، تەنها لەگەڵ ناودا یەکبگرێت، بەڵام یاسای پریدیکات توانای یەکگرتنی کردار فراوانتر دە کات و بواری پێ دەدات لەگەڵ (ناو، ئاوەڵناو، فر ێزی پریپۆزیـشنی، ئەو و شانەی ئەمڕۆ سەربەخۆ بەکارناهێنرێن، پریپۆزیـشنی لێکدراو،...هـ تد) دا، درو ستەی لێ کدراو دابڕ ێژێت . لەبەر ئەوە ئەم یا سایە ڕوو بەرێکی یەجگار فراوا نی لەفەرهەنگی کرداری کوردیدا بەگشتی وشێوەزاری هەورامی بەتایبەتی پێکهێناوە .

یاسای چوارەم: | ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار + پریدیکات + کردار |

دەسش پان کەردۆ (دەستی پانکردەوە).

ویش گیل کەرد (خۆی گێل کرد).

ویش سوور کەردۆ (خۆی سوور کردەوە).

ویش دەسۆدا / دا دەسۆ (خۆی بەدەستەوە دا).

سەرەش چەرمە کەرد (سەری سپی کرد).

...............هتد.

یاسای پێنجەم: | ڕۆڵی بابەتانەی بکەر + پریدیکات + کردار |

چەمش سوور بی (چاوی سوور بوو).

ڕووەش سوورە بیە (ڕووی سوور بوو).

یاگەش لیژە بیە (جێی لێژبوو).

هەناسەش سواربی (هەناسەی سواربوو).


دوای خستنەڕووی یاسا سینتاکسییەکانی ڕۆنانی کردارەکان، دەتوانین سێ کۆ مەڵ کرداری لێکدراو د یاری بکەین:

ا- ئەوانەیان، کە بەیاسای ڕۆڵی بابەتانە داڕێژراون .

ب- هەندێکی تریان، بەیاسای پریدیکات سازبوون .

پ- ژمارەیەکی تریان، لەئەنجامی لێکدانی یاسای ڕۆڵی بابەتانەوپریدیکات بەرهەمهاتوون .

پۆلکردنەکە، لەم هێڵکارییەدا ڕوونکراوەتەوە:




لێکدا نەوەی چۆنیەتی داڕ شتنی کرداره لێ کدراوەکان لەڕوان گەی سینتاك سەوە، فۆ ناغێکی گواستنەوەیە لەوشەی فەرهەنگی (مۆرفۆلۆژی) یەوە، بۆپ لەی تای بەتێتی سینتاك سی . ئەو مۆرفۆلۆژی یەی لەم نامەیەدا بۆشیکردنەوەی ڕێزمانیی فۆڕمەکانی کرداره لێکدراوەکان کاری پێ کراوە، ئا کاری سینتاك سی هە یەو هەر ئەوپرن سیپانەی ت ێدا بەکارهێنراوە، کەبۆ شیکردنەوەی سینتاك سی دانە یەکی وەك ڕ ستە بەکاردەهێنرێت . کەوا تەرێزمانی هەورامی، ژمارە یەك یا سای هەن، کەتای بەتن بەڕۆنان و پۆلکردن و شیکردنەوەی کرداره لێکدراوەکان .

ئەوکردارا نەی بەیا سای ڕۆ ڵی بابەتا نە پێک هاتوون، کەر تەکانی یە کەمیان، و شەیەکی ئەرکین (functional word)، چونکە ئەرکێك ودەورێکی ڕێزمانییان هەیەوئارگومێنتێکن، کە بە پێوەندی یەکی ڕێزمانیی (بکەر، بەرکار) بە کەرتی دووە مەوە (بە شی کردار یی) پەیوە ست بوون وهەمی شە لە شوێنێکی بابەت یدان، کەلەکورد یدا پێش کردارە . وا تە ئەمجۆرە کردارا نە، یەکە یەکی سیمانتیکی ودوویە کەی سینتاکسیین (بکەری ڕێزمانی- کردار، بەرکاری ڕێزمانی- کردار) . لەبەرئەوە کەرتی یەکەمی ئەم کردارا نە لەسینتاك سدا دەب ێت بەخورتی شوێنی ئارگومێنت تەدەرەکی وناوەکی یەکان ( External & Internal Arguments ) پڕبکەنەوە، ئەگینا ئەو شوێنانە بە بەتاڵی و بەبێ هیچ ڕۆڵێك دەمێن نەوە . ئە مەیش پێچەوانەی یاساومەرجە بابەتییەکانە، چونکەڕۆڵە بابەتییەکان بەشوێنە چەسپاوەکانی ئەو ئارگومێنتا نە دەدرێن. بۆنموونە لەم ڕستانەی خوارەوەدا:

(7) ا- شەرمش مەڕیا. (شەرمی شکا). (شوێنی ئارگومێنتی دەرەکی پڕکردووەتەوە).


ب- کری کارەکی ماذ شا گیرت. (کرێکارە کان ماذ یان گرت). ( شوێنی ئارگومێنتی ناوەکی گرتووە).

بەواتایەکی تر، کەرتی یەکەمی ئەوکرداره لێکدراوانەی بەیاسای ڕۆڵی بابەتانە پێکهاتوون، لەشوێنی (ا) دان (A- position)، ئەم شوێنەیش لەتیۆری (GB) دا، بەئارگومێنتێکی وەك ب کەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ پڕدەبێتەوە [(1)] .

لەم هێڵکاری یەدا، پێوە ندیی ن ێوان کەر تەکانی ئەوکردارا نەی بەیا سای ڕۆ ڵی بابەتا نە داڕ ێژراون، بەشێوەیەکی گشتی خراوەتە ڕوو:

---

(1) بۆزانیاری زیاتر لەبارەی شوێنەکانی (أ) و (أ)، بڕوانە بەشی سێیەمی نامەکە.




ا- (کەس وژمارەو ڕەگەز) ← ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار.

ب- (ڕەگەز) ← ڕۆڵی بابەتانەی بکەر.

هەرچی ئەوکردارانەیشە، کەبەیا سای پر یدیکات بەر هەمهاتوون، لەڕووی سینتاکس و سیمانتیکەوە، وەك یەکەیەك دەردەکەون وڕۆڵی تەنها کردارێك لەڕستە دەبینن و شوێنی کردارێکی ئا سایی پڕدەکە نەوە، وەك لەڕستەکانی خوارەوەدا نیشاندراوە:

(8) ا- دارا ئاما. (دارا هات). (کرداری ئاسایی).

ب- دارا وت. (دارا نووست).

پ- دارا نەوەش کۆت. (دارا نەخۆش کەوت). (کرداری لێکدراو).

کەرتی یە کەمی ئەمجۆرە کردارا نە، لەسینتاک سدا لە شوێنی (ا) دا (A- position) دەردە کەون، ئەم شوێنەیش لەتیۆری (GB) دا، شوێنی فرێزێکی ناوییە، کەلەشوێنی ئارگومێنتێکدا نییە.

لێرەدا دەگەینە ئەو ڕا ستییەی، کەوا مەرج نی یە هەموو کردارێکی لێکدراو، وەك دانە یەك، یان وشەیەك لەسینتاک سدا ڕەفتاربکات، بەڵکو بەپێی جۆری بە شی کردار یی درو ستەکە، کەر تەکانی دا بەش دەبن وشوێنی ئارگومێنتە پێویستەکانی کردار پڕدەکەنەوە [1].

ڕۆڵە بابەتییەکان، کەلەگەڵ کرداردا یەکدەگرن ودروستەیەکی لێکدراو بەرهەم دەهێنن، مەرج نی یە لەهەموو بارێکدا بتوانن چوارچێوەی کردارەکان پڕبکەنەوە . لەبەرئەوە دە شێت کەرە ستەی تر لە شێوەی فر ێزی پریپۆزیـ شنیدا، وەك بە شە پێکهێنێ کی بنـ جی وزگ ماکی لەناو ڕۆنانە کەدا دەرب کەون[1]، وەك لەدروستەی ئەم کردارانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

---

(1) هە ندێك لەتو ێژەرە کوردە کان لەبا سی کرداری لێکدراوداو لەپێنا سەکانیاندا، وا یان دا ناوە، کە کرداری لێکدراو یەکە یەکی سینتاکسی وسیمانتیکییە، بێ ئەوەی ڕەچاوی ئەو شوێنە سینتاکسییانە بکەن، کە کەرتەکانی یەکەمیان وەریاندەگرن.

لێرەدا بەپێویستمان زانی، هەندێك لەوبۆچوونانە بخەینەڕوو:

(ا) مستەفا محەمەد زەنگەنە، (1989: 14): ((کاری لێکدراو ئەوکارەیە لەکارێکی ساکاری یار یدەدەرو مۆرفیمێکی ئازاد، یان ز یاتر سازدەبێت و وەکو کارێکی ساکار لەڕستەدا بەکاردێت و واتاکەی لەواتای بەشەکانی دوور ناکەوێتەوە.)).

(ب) یوسف شەریف سەعید، (1998:17) : ((کاری لێکدراو بریتییە لەوڕۆنانەی کەمەرجە کارێکی داڕێژراو بە شداری لەپێکهێنانـ یدا بکات وبەلای کەمەوە کەرەستەیەکی زمانیشی لەگەڵدا بێت. بەگشتی کەرەستە زمانییەکە مۆرفیمێکی ئازادە، کە لەکۆمەڵەیەکی ناوی، یان ئاوەڵناوی، یان ئاوەڵکاری پێکهاتوون، وەك دانەیەکی سینتاکسی و سیمانتیکی کاردەکەن.)).

(پ) محەمەد عومەر عەول، (2001: 40) : ((کرداری لێکدراو ئەوکردارەیە لەلێکدانی دووبنا غە سازدەبێت و لەڕووی ڕستە سازی و واتاسازییەوە، وەك وشەیەکی نوێ ڕەفتاردەکات.)).

ئارامش چنه بڕی   (ئارامی لیٚ بڕی) :

(9) □ دارا ئارامش جه ئالانی بڕی.       (دارا ئارامی له ئالان بڕی).

دەسش ونەدا   (دەستی لیٚدا):

(10) □ زاوڵەکە دەسش جه کتیبەکا دا.    (مناڵەکە دەستی لەکتیٚبەکان دا).

سامش ونەنیشت   (سامی لیٚ نیشت):

(11) -  سام جه کوڕەکەی نیشت.           (سام لەکوڕەکە نیشت).

وەرمش پورە کۆت   (خەوی لیٚ کەوت):

(12) □  وەرم جه زاوڵەکەی کۆت.           (خەو له مناڵەکە کەوت).

ئەو ڕۆڵە واتاییانەی بە شی کردار یی کردارەلیٚکدراوەکان بەکەر تەکانی یە کەمیان دەبەخ شن، دەبیٚت کەرتەکانی یەکەمیش توانای وەرگرتنی ڕۆڵەکانیان هەبیٚت، ئەوکا تە لە شویٚنی بکەر، یان بەرکاردا دەردەکەون . ئەگینا کرداربەندی بواریان پیٚ دەدات، بۆئەوەی هاوبەشی ڕۆنانە کە بکەن و کەرتی یە کەمی کردارەکان پیٚکبهیٚنن . بۆنموونە لەم ڕستانەی خوارەوەدا:

(13) □ من هاوارم کەرد.                (من هاوارم کرد).

(14) □ من جیبەجیم کەرد.              (من جیٚبەجیٚم کرد).

لەڕ ستەی (13) دا، ( هاوار)  کەرتی یە کەمی کردارەکە یەو ڕۆ ڵی بابەتا نەی  بەرکاریی وەرگر تووە، بەبەڵگەی ئەوەی توانیویەتی لەگەڵ (کەرد)، کەکەرتی دووە می کردارەکە یە، واتا یەکی  تەواو بگە یەنیٚت . واتە(کەرد) لەدروستەی ئەو ڕستەیەدا، هەردوو ڕۆڵە بابەتییەکەی بەخشیوە .

لەڕستەی (14) دا، (جیبەجی) یش کەرتی یەکەمی کردارەکەیەو نەیتوانیوە ڕۆڵی بابەتانەی  بەرکاریی وەربگریٚت، چونکە لە گەڵ ( کەرد) دا، بیرێکی بە تەواوی نەگەیا ندووە . بەواتا یەکی  تر، هە ست  بەبوونی بۆ شایی وا تایی لەڕ ستەکەدا دەکر یٚت، چونکە ( کەرد)  یەکیٚك لەڕۆ ڵەکانی  پیٚ  ماوەو پیٚوی ستی  بە ئارگومیٚنتیٚکی ناوەکی هەیە، بۆئەوەی بیداتیٚ ولەڕستەکەدا  شویٚنیٚکی بابەتیا نە بە بەتاڵی ماوە تەوە، بۆ یە (جیبەجی) ئەو شویٚنە بەجیٚدەهیٚڵیٚت ودەچیٚتە ئەو شویٚنانەی کەکرداربەندی ڕیٚیان پیٚ دەدات ودروستەی تەواوی ڕستەکە بەمجۆرەی لیٚ دیٚت:

(15) □  من هەرمانەکیم جیبەجی کەردە.    (من کارەکەم جیٚبەجیٚ کرد).

لیٚرەدا دەشیٚت ڕووبەڕووی پرسیاریٚکی گرنگ ببینەوە، ئەویش ئەوە یە بۆ چی لەدرو ستەی  کردارە لیٚکدراوەکا ندا، (بەتای بەتی  کردارە تیٚپەڕەکان)، هە ندیٚك  ناو بەیا سای ڕۆ ڵی بابەتا نەو هە ندیٚکی  تریش بەهۆی پریدیکاتەوە هاوبەشی ڕۆنانی کردارەکان دەکەن ؟

---

(1) ئەوکردارە لیٚکدراوانەی کەبەخورتی ئەم جۆرە تەواوکەرانەیان لەگەڵدا دیٚت، ئەوانەن کەبەشی کردارییان لەفەرهەنگدا، یەکیٚك لەمۆرفیمە بەندەکانی (چنە، پنە، ونە) یان، وەك کەرەستەیەکی بنجی لەگەڵدا تۆمارکراوە.

د.شیٚرکۆ بابان، (1997: 16)، مۆرفیمەکانی(لیٚ، پیٚ، تیٚ)، کەبەرامبەر بە(چنە، پنە، ونە) ن، بەرِوخ ساری لکاوی پریپۆزی شنەکانی (لە، بە) دادەنیٚت.

(واتا) سەنگی مە حەك وپ ێوەرە، بۆجیاکرد نەوەی ئەو دوو جۆرە ناوە لە یەکتری . کەرتی یە کەمی ئەو چە شنە کردارا نە، ئە گەر ڕۆڵێ کی بابەتا نەیان وەرگرتب ێت، ئەوا بەخورتی دەب ێت ئەرکی بەرکارێکی ڕێز مانی بب ینن ولە ئەنجامی ئەمەی شدا، ڕ ستەیەکی وا تادار بەر هەم د ێت . بەلاّم کەرتی یە کەم ئە گەر لەشوێنی بەرکاردا بێت و بۆشایی واتایی لەڕستەکەدا درو ست بکات، ئەوا ئەوکەرە ستەیە نەیتوانیوە ڕۆڵ لەکردارەوە وەربگرێت، لەبەرئەوە لەڕێی پریدیکاتەوە بووە بە بەشە پێکهێنێکی کردارەکە .بەواتایەکی تر، کەرەستە فەرهەنگییەکان هەڵگری ئەو زانیارییانەن، کە شوێنی درو ستیان لەڕ ستەدا دە ست نی شان دە کات (1).

## 1 / 4 -2 پێناسەی کرداری لێکدراو بەپێی بنەمای یاساکانی داڕشتنیان:

دوای خ ستنەڕووی یا سا سینتاك سییەکانی داڕ شتنی کردارە لێ کدراوەکان وپەیوە ست پێیا نەوە، دەتوانین کرداری لێکدراو بەمشێوەیەی خوارەوە پێناسە بکەین:

ڕۆنانێ کە لەکردارێك وکەرە ستەیەك، یان ز یاتر پێک هاتووە . ئەوا نەیان کەتا کە کەرە ستەیەك هاوبە شی داڕ شتنی کردوون، دە شێت ڕۆڵێ کی بابەتا نەیان لە کردارەوە وەرگرتب ێت، یان هیچ ڕۆڵێک یان نەبێت، لەبەر ئەوە ئەمجۆرە کردارا نە بەریا سایەکی گ شتی نا کەون . بەلاّم ئەوا نەیان کەزیاتر لەکەرە ستەیەك پێکیهێ ناون، یە کەمیان هەمی شە ڕۆڵێکی لەکردارەوە پ ێدەدرێت ودووەمی شیان لەهیچ بارێکدا ڕۆ ڵی پێ نادرێت، لەبەرئەوە دەتوانرێت ئەم کردارانە بەیاسایەکی گشتی شیبکرێنەوە .

کردارە لێکدراوەکان ئەم قاڵبە سینتاکسییانەی خوارەوە، بەڕستە دەدەن:

1- ب + ك : ا- مازیش مەڕیا. (پشتی شکا).

ب- گەمەکە وەڵی کۆت. (یارییەکە پێش کەوت).

2- ب + pp+ ك : سام جە کوڕەکەی نیشت. (سام لەکوڕەکە نیشت).

3- ب + بە + ك : ا - ئادی زەماوەندەشا گیڵنا. (ئەوان ئاهەنگیان گێڕا).

ب  هیتیارەکی زەمینەکاشا بژاری کەردی. (جووتیارەکان زەوییەکانیان بژارکرد).

4- ب + بە + pp+ ك : دارا چیژش جە وانەکا هورگیرت. (دارا چێژی لەوانەکان وەرگرت).

## 1 / 4  3 ئەو کردارانەی دروستەی کرداری لێکدراو بەرهەمدەهێنن:

هەموو کردار ێك توا نای داڕ شتنی کرداری لێکدراوی نی یە، بەڵکو ژمارە یەکی سنووردار هەن، کە هەریەکەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، لەڕووی هەڵبژاردنی ئەو کەرەستە زمانییەی لەگەڵیدا یە کدەگرێت وئەو یاسایەیش، کەدروستە لێکدراوەکەی پێ سازدەکات . ئەو کردارانەیش بەپێی چالاکییان ئەمانەن:

کەرد (کرد) :

لەبواری سازکردنی کرداری لێکدراودا، چالاکترین و دەرکەوتووترین کردارە. ڕێژەیەکی زۆری کردارەکانی شێوەزاری هەورامی بەرهەمهێناوە . لەسینتاکسدا هەمیشە بەلێکدراوی دەردەکەوێت، تەنها

(1) چۆمسکی، (1985: 115).

لەبارێکدا، کەواتای (گۆڕان) بگەیەنێت، لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە فۆڕمی کەرەستەیەکی سادەی دەبێت [1]، وەك:

(16) ا- ئاد توش کەرد بەپیا. (ئەو تۆی کرد بەپیاو).

ب- ماموسا ئیمەش کەردیمی بەکەسیوی چنە ئاما.(مامۆستا ئێمەی کرد بەکەسێکی لێهاتوو).

(کەرد) لەگەڵ ناو وئاوەڵناودا، بەم یاسایانەی خوارەوە، کرداری لێکدراو پێك دەهێنێت:

1- ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار:

جەنگش کەرد. (شەڕی کرد).

شەرمش کەرد. (شەرمی کرد).

قسیش کەردە. (قسەی کرد).

2- پریدیکات:

دروس کەرد. (دروستکرد).

پیشکەش کەرد. (پێشکەشکرد).

ڕۆزگار کەرد. (ڕزگار کرد).

3-ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار وپریدیکات:

ویش گیل کەرد. (خۆی گێل کرد).

چەمش سوور کەردۆ. (چاوی سوور کردەوە).

دەسش پان کەردۆ. (دەستی پانکردەوە).

ئەو کەرەستانەی کەرتی یەکەمی کرداره لێکدراوەکانی (کەرد) پێکدەهێنن، دەشێت ناوی عەرەبی بن، وەك:

ئیستیفادەش کەرد. (ئیستیفادەی کرد).

ئیهمالش کەرد. (ئیهمالی کرد).

ئیزافەش کەرد. (ئیزا فەی کرد).

(کەرد)، زیاتر بەیاسای پریدیکات لەگەڵ ناو وئاوەڵناودا، کرداری لێکدراو دادەڕێژێت وتوانای یەکگرتنی لەگەڵ فرێزی پریپۆزیشنیدا، بەبەراورد لەگەڵ ناو وئاوەڵناودا، یەکجار کەمە.

بی (بوو):

بەکردارێکی پەیوەند مەند دادەنرێت، چونکە پێوەندیی بکەر بەتەواوکەرە ئاوەڵناو، یان ناوەکەیەوە دەبەستێتەوە [2]. چوار جۆر بەکارهێنانی کرداری (بی : بوو) لەهەورامیدا دیاری دەکرێن:

---

(1) بۆزانیاری زیاتر، بڕوانە: ئازاد ئەحمەد حسەین، (2001: 92).

(2) ا- بۆزانیاری زیاتر لەبارەی کرداری پەیوەندمەند، بڕوانە نامەی ماستەری (صلاح حوێز ڕسول، 2006: 27- 31).=

ب- کرداری پەیوەندمەند بەمجۆرە پێناسەکراوە:

((ئەو کردارانەن، کەواتای تەواویان نییە، تەنها بۆنیشاندانی سیفەت، یان بارێك بەکاردێن، واتا یان لەگەڵ ئاوەڵناوێك، یان وشەیەکی تردا تەواو دەردەکەوێت)) . (حسن انوری، حسن احمدی گیوی، 1378: 68).

1- بوونی بوونایەتی.
2- بوونی گۆڕان.
3- بوونی هەبوون.
4- بوونی هەیی [(1)].

لەناو ئەو جۆرانەی (بی) دا، بوونی بوونایەتی، کرداری لێکدراو دادەڕێژێت، کە لە چالاکیدا، دوای ( کەرد) د ێت . بەگشتی لە گەڵ ئاوەڵناودا یە کدەگرێت ودرو ستەی لێکدراو ڕۆدەنێت، کە بەرامبەر بەو کردارە لێکدراوانە ڕادەوەستێت، کە (کەرد) بە یاسای پریدیکات لەگەڵ ئاوەڵناوەکاندا سازیان دەکات.

(بی) یش وەکو (کەرد)، تەنها لەبارێکدا، کەواتای (گۆڕان) بگەیەنێت، بەسادەیی دەردەکەوێت:

- من بیانی بە ماموسا. (من بووم بە مامۆستا).
- ئیمە بیێیمی بە ماموسا. (ئێمە بووین بە مامۆستا).

بەم یاسایانەی خوارەوە، کرداری لێکدراو بەرهەم دەهێنێت:

1- پریدیکات:

زۆرترین ڕێژەی کردارە لێکدراوەکانی (بی)، لەگەڵ ئاوەڵناودا، بەم یاسایە بەرهەمهاتوون و زۆر بەکەمی لەگەڵ فرێزە پریپۆزیشنەکاندا یەکدەگرێت:

ئازادە بیە. / ئازاد بی. (ئازاد بوو).
ئاڵۆزە بیە. / ئاڵۆز بی. (ئاڵۆز بوو).
پەڕە بیە. / پەڕ بی. (پڕ بوو).
بەچەمۆ بی. (بەچاوەوە بوو).
بەئاواتۆ بی. (بەئاواتەوە بوو).

لەڕێی ئەم یاسایەوە، لەگەڵ هەندێ کەرەستەی زمانی عەرەبییدا، کرداری لێکدراو دادەڕێژێت:

ئیکمال بی. (ئیکمال بوو).
ئەمین بی. (ئەمین بوو).
ئیسپات بی. (ئیسپات بوو).

2- ڕۆڵی بابەتانەی بکەر:

ئێرش وەنە وەربی. (ئاگری تێ بەربوو).

3- ڕۆڵی بابەتانەی بکەرو پریدیکات:

هەناسەش سوار بی. (هەناسەی سواربوو).
چەمش سوور بی. (چاوی سوور بوو).
ڕووەش سیاوە بیە. (ڕووی ڕەش بوو).

---

(1) د.فەرەیدوون عبدول، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ. 4، (2000: 71).

دا (دا) :

له گەڵ ناو وفر ێزی پریپۆزیشنیدا یه کدەگرێت و کرداری لێکدراو بەپێی ئەم یا سایانەی خوارەوە بەرهەم دەهێنێت:

1- ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار:

ئێرش وەنه وەردا. (ئاگری تێ بەردا).

ویش هوردا. (خۆی هەڵدا).

بازش دا. (بازی دا).

2- پریدیکات:

ڕوو بەرێکی فراوا نی کرداره لێکدراوەکانی (دا)، بەم یا سایه له گەڵ ناو بەپ لەی یه کەم وفر ێزی پرپۆزیشنی بەپلەی دووەم داڕێژراون:

ئازارش دا. (ئازاری دا).

قەسەمش دا. (سوێندی دا).

گزیش دا. (گسکی دا).

بەکری دا. (بەکرێ دا).

3- ڕۆڵی بابەتانەی بەرکارو پریدیکات:

ویش دەسۆدا. (خۆی بەدەستەوە دا).

گیانش جه دەس دا. (گیانی لەدەست دا).

گیرت (گرت):

بەگشتی لەگەڵ ناو، بەتایبەتی ناوی ئەبستراکتیدا یه کدەگرێت، زۆر به کەمی له گەڵ کەره ستەی وەك فر ێزی پریپۆزیشنیدا، درو ستەی لێکدراو بەر هەم دەهێن ێت . لەڕێی ئەم یا سایانەی خوارەوە، کرداری لێکدراو سازدەکات:

ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار:

زوانش گیرت. (زمانی گرت).

ڕۆژووش گیرت. (ڕۆژووی گرت).

چێژش هورگیرت. (چێژی وەرگرت).

2- پریدیکات:

بەکری گیرت (بەکرێ گرت) .

گیرت باوشی. ⟩ (گرته باوەش)

گیرتەنه وەره.

کۆت (کەوت):

له گەڵ ناو وئاوەڵ ناو وفر ێزی پریپۆزیِ شنیدا، بەپێی ئەم یا سایانەی خوارەوە، کرداری لێ کدراو دادەڕێژرێت:

1- ڕۆڵی بابەتانەی بکەر:

پەکەش کۆتە. (پەکی کەوت).

چەمش پنە کۆت. (چاوی پیٚ کەوت).

وەرمش کۆتە پۆرە. (خەوی لیٚ کەوت).

2- پریدیکات:

وەڵی کۆت. (پێش کەوت).

دوور کۆتۆ. (دوور کەوتەوە).

دەس کۆت. (دەست کەوت).

وەرو چەمی کۆت. (لەبەر چاو کەوت).

کرداری (کۆت) لەدروستەی کرداره لێکدراوەکاندا، چەند تایبەتمەندییەکی واتایی هەیە [1]، لەوانە:

ا- لەهەندێك ڕۆناندا، لەواتای فەرهەنگی دوور دەکەوێتەوەو بەرەو واتایەکی نویٚ دەڕوات، وەك:

فریا کۆت. (فریا کەوت).

دما کۆت. (دوا کەوت).

ب- هەندێك لەکرداره لێکدراوەکانی، بەقۆناغی واتا خواستندا ڕۆیشتوون وبوون بە ئیدیۆم، وەك: بەدان کۆت. (بەدان کەوت).

شی (چوو):

لەگەڵ ناو و فرێزی پریپۆزیشنیدا، بەپێی ئەم یاسایانەی خوارەوە یەك دەگرێت:

ڕۆڵی بابەتانەی بکەر:

ڕۆحش شی. (ڕۆحی چوو).

گیانش بەرشی. (گیانی دەرچوو).

دڵش ونە/ چنەشی. (دڵی لیٚ چوو).

سەرش ونە/ چنە تیك شی. (سەری لیٚ تێك چوو).

پریدیکات:

جە دەس شی. (لەدەست چوو).

جە کیس شی. (لەکیس چوو).

---

(1) لەدیاریکردنی ئەم تایبەتمەندییانەدا، سوودم لەنامەی دکتۆرای (یوسف شریف سعید، 85:1998) وەرگرتووە.

دلینە شی. (لەناو چوو).

جه ویر شی.     (لەبیر چوو).

کرداری (شی) بەیاسای پریدیکات تەنها لەگەڵ فرێزی پریپۆزیشنیدا یەکدەگرێت و لەم بوارەدا چالاکترین کردارە.

بەرد (برد):

بەڕێژەیەکی زۆر لەگەڵ ناودا یەکدەگرێت وبەڕادەیەکی کەمتریش لەگەڵ فریزی پریپۆزیشنیدا.بەم یاسایانەی خوارەوە، کرداری لێکدراو ڕۆدەنێت:

1- ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار:

هیرشش بەرد.     (هێرشی برد).

ڕۆحش بەرد.     (ڕۆحی برد).

کڕنۆشش بەرد.  (کڕنۆشی برد).

2- پریدیکات:

دلینه بەرد.      (لەناوبرد).

بەسەر بەرد.     (بەسەر برد).

جه خشته بەرد  (لەخشته برد).

کرداری ( بەرد) لەبە شێکی زۆری ڕۆنا نه لێکدراوەکاندیدا، وا تای فەر هەنگی لەدە ست دەدات وبە شێکی زۆری کردارەکانی، بەقۆناغی واتا خواستنندا ڕۆیشتوون و بوون بە ئیدیۆم [1].

وارد  (خوارد):

تەنها لە گەڵ ناودا، بەیا سای ڕۆ ڵی بابەتا نەی بەرکار، کرداری لێکدراو بەر هەم دەهێنێت و وا تا فەرهەنگییەکەی ون دەکات:

قەسەمش وارد.   (سوێندی خوارد).

قوئانش وارد.    (قورئانی خوارد).

بەتیڵش وارد.    (بەرتیلی خوارد).

گیرش وارد.      (گیری خوارد).

وست (خست):

بەڕادەیەکی زۆر لەگەڵ ناوی شوێندا یەکدەگرێت وبەم یاسایانەی خوارەوە، کرداری لێکدراو دادەڕێژێت:

ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار:

(1) بۆ ئەم تایبەتمەندییە، سوودم لە (یوسف شریف سعید، 1998: 86) وەرگرتووە.

تەگەرەش وستەنە.  (تەگەرەی تێ خست).

2- پریدیکات:

وەڵی وست.     (پێش خست).

سەر وست.     (سەرخست).

دوور وستۆ .  (دوورخستەوە).

جەکار وست.   (لەکار خست).

یەك وست.     (یەکخست).

وزووە یاد.     (دەخاتەوە یاد).

ڕیك وست.     (ڕێکخست).

پەکە وست.    (پەکخست).

ئاورد/ ئارد  (هێنا):

لەگەڵ ناو وفرێزی پریپۆزیشنیدا، بەم یاسایانەی خوارەوە، کرداری لێکدراو دادەڕێژێت:

ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار:

| | |
|---|---|
| ژەنیش ئاوردە. | (ژنی هێنا). |
| قسیش ئاوردی./ قسیش ئاوردە. | (قسەی هێنا). |
| هیرشش ئاورد. | (هێرشی هێنا). |
| ئیمانش ئاورد. | (ئیمانی هێنا). |

2- پریدیکات:

| | |
|---|---|
| بەجی ئاورد. | (بەجێ هێنا). |
| بەکار ئاورد. | (بەکارهێنا). |

کیشا (کێشا):

لەگەڵ ناودا یەکدەگرێت وبەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار، کرداری لێکدراو بەرهەم دەهێنێت:

| | |
|---|---|
| ئاویش کیشا. | (ئاوی کێشا). |
| هەناسەش هور کیشا. | (هەناسەی هەڵکێشا). |
| گیانش کیشا. | (گیانی کێشا). |

نیا (نا):

بەڕێژە یەکی زۆر لە گەڵ  ناودا یە کدەگرێت وزۆر بە کەمی لە گەڵ فر ێزی پریپۆزی شنیدا د ێت.  بەم یاسایانەی خوارەوە، کرداری لێکدراو سازدەکات:

1- ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار:

| | |
|---|---|
| هەنگامش نیا. | (هەنگاوی نا). |

بناخەش نیا. (بنیاتی نا).

قەدرش پۆنیا. (ڕێزی لێ نا).

پاڵش پۆنیا. (پاڵی پێوەنا).

2- پریدیکات:

نیا سەرۆ. (بەسەرەوە نا).

ئاما (هات):

لەگەڵ ناو وفرێزی پریپۆزیشنیدا، کرداری لێکدراو بەپێی ئەم یاسایانەی خوارەوە سازدەکات:

ڕۆڵی بابەتانەی بکەر:

دڵش تیکەڵ ئاما. (دڵی تێکەڵ هات).

دەمش ئاما پێوەنە. (دەمی بەیەکدا هات).

ڕیشەش بەرئاما. (ڕیشەی دەرهات).

پریدیکات:

بەگیر ئاما. (بەگیر هات).

تووش ئاما. (تووش هات).

بەکار ئاما. (بەکار هات).

کۆتایی ئاما. (کۆتایی هات).

بڕی (بڕی):

بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ ناودا یەکدەگرێت وزۆر بەکەمی لەگەڵ فرێزی پریپۆزیشنیدا، کرداری لێکدراو پێکدەهێنێت . لەهەندێ دروستەدا واتای فەرهەنگی لەدەست دەدات و بەرەو ئیدیۆم دەڕوات .

لەڕێی ئەم یاسایانەی خوارەوە، کرداری لێکدراو دادەڕێژێت:

ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار:

جەرگش بڕی. (جەرگی بڕی).

دەسش بڕی. (دەستی بڕی).

قسیش بڕیە. (قسەی بڕی).

ئارامش چنە بڕی. (ئارامی لێ بڕی).

پریدیکات:

بڕیش ملەرە (بەسەردا بڕی).

بینا (بەست):

لەگەڵ ناودا یەکدەگرێت وتەنها بەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار، کرداری لێکدراو ڕۆدەنێت و زۆر کەم بەواتای فەرهەنگی بەکارێت:

قسیش هور بینا.           (قسەی هەڵبەست).

درویش هور بینا.           (درۆی هەڵبەست).

مەڕیا (شکا):

لەگەڵ ناودا یەکدەگرێت وتەنها بەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بکەر، کرداری لێکدراو دادەڕێژێت و لەناو دروستە لێکدراوەکانیدا، بەقۆناغی واتا خواستندا، تێپەڕیوەو بووە بەئیدیۆم:

مازیش مەڕیا.           (پشتی شکا).

شەرمش مەڕیا.           (شەرمی شکا).

زەنگوڵیش مەڕیێ.           (ئەژنۆی شکا).

گیڵنا (گێڕا):

تەنها بەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار، لەگەڵ ناودا، کرداری لێکدراو بەرهەم دەهێنێت:

زەماوەندەش گیڵنا.           (ئاهەنگی گێڕا).

چەمیش گیڵنێ.           (چاوی گێڕا).

ئاژاویش گیڵنا.           (ئاژاوەی گێڕا).

یاوا (گەیشت):

بەم یاسایانەی خوارەوە، لەگەڵ ناو وفرێزی پریپۆزیشنیدا، یەکدەگرێت وکرداری لێکدراو دادەڕێژێت:

ڕۆڵی بابەتانەی بکەر:

دەسش پنە یاوا.           (دەستی پێ گەیشت).

پریدیکات:

بەئاوات یاوا.           (بەئاوات گەیشت).

واست (خواست):

لەگەڵ ناو وفرێزی پریپۆزیشنیدا، بەم یاسایانەی خوارەوە، کرداری لێکدراو سازدەکات:

1- ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار:

ئیزنش واست.           (ئیزنی خواست).

ژەنیش واستە.           (ژنی خواست).

ئاواتش واست.           (ئاواتی خواست).

2- پریدیکات:

بەئاوات واست.           (بەئاوات خواست).

پەرسا (پرسی):

تەنها لە گەڵ ناودا، بە شداری ڕۆ نانی کرداری لێکدراو دە کات وبەیا سای ڕۆ ڵی بابەتا نەی بەرکار، دروستەی لێکدراو بەرهەم دەهێنێت:

هەواڵش پەرسا.          (هەواڵی پرسی).

ئەحواڵش پەرسا.          (ئەحواڵی پرسی).

مت (ڕشت):

بەیاسای ڕۆ ڵی بابەتا نەی بەرکار، لە گەڵ ناودا، کرداری لێکدراو سازدەکات، کە واتا یەکی ئ یدیۆمی دەبەخشن:

ئارەقش مت.          (ئارەقی ڕشت).

ونیش متە.          (خوێنی ڕشت).

ڕەنگش مت.          (ڕەنگی ڕشت).

پەرست (پەرست):

لەگەڵ ناودا یەکدەگرێت وبەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار، کرداری لێکدراو دادەڕێژێت:

خواش پەرست.          (خوای پەرست).

ئێرش پەرست.          (ئاگری پەرست).

تکا (تکا):

بەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بکەر، لەگەڵ ناودا، کرداری لێکدراو پێکدەهێنێت:

ئاوەڕووش تکا.          (ئابڕووی تکا).

حیاش تکا.          (حەیای تکا).

نیشت (نیشت):

لەگەڵ ناودا، بە شداری ڕۆ نانی کرداری لێکدراو دە کات وبەیا سای ڕۆ ڵی بابەتا نەی بکەر، درو ستەی لێکدراو سازدەکات:

سامش ونەنیشت.          (سامی لێ نیشت).

تەرسش ونەنیشت.          (ترسی لێ نیشت).

زڕیا (زڕا):

بەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بکەر، لە گەڵ ناوە کانی (وەرم: خەو) و ( نام: ناو) دا، دوو کرداری لێکدراو دادەڕێژێت، وەك:

وەرمش زڕیا.          (خەوی زڕا).

نامش زڕیا.          (ناوی زڕا).

دوای خستنەڕووی کردارەکان وئەو کەرەستانەی لەگەڵیاندا یەکدەگرن، دەتوانین دووجۆر یاسا لەهەر کردارێکی لێکدراودا دیاری بکەین:

یاسای فەرهەنگی: ئەو کەرەستانەن، کە دروستە لێکدراوەکەیان پێکهێناوە.

یاسای داڕشتن: واتە شێوەی ڕێکخستن ولێکدانی کەرەستەکان بۆدروستکردنی کردارە لێکدراوەکان.

## 5 -4/1 ژمارەو جۆرەکانی ڕۆڵەبابەتییەکان:

ژ مارەو جۆری ڕۆ ڵە بابەتیـ یەکان، لەلێکۆڵینەوەیە کەوە، یان زمانەوانێ کەوە، بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت وکەمجار لە (10- 15) ڕۆڵ تێپەڕ دەکات، بۆنموونە (Haegeman) (کارا، باس، ئامێر، وەر گر) ی وەك گرنگترین ڕۆڵەکان دیاری کردووە [1].

بەگشتی دووچەشن ڕۆڵی واتایی دیاری دەکرێت:

ا- ئەوانەی لەلایەن کردارەوە بەفرێزە ناوییەکان دەدرێت، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

کارا (Agent Theta Role):

کە سێکە، کار ێك بەمەبە ست، یان بەرێ کەوت ئەنجام بدات، وا تە سیمای (زیـ ندوویێتی) مەرجێکی بنەڕەتییە، بۆئەوەی فرێزێکی ناویی، ئەم ڕۆڵەی پێ ببەخشرێت. کردارە لێکدراوە تێ پەڕەکان، کەبە یاساکانی پریدیکات، یان ڕۆڵی بابەتانە داڕێژراون، ڕۆڵی کارا بەفرێزی ناویی بکەر دەدەن، وەك:

(17) ا- دارا گەمە کەرو. (دارا گەمە دەکات).

ب- هیمن بەرهەمەکیش وەڵێ کەردێ. (هێمن بەرهەمەکانی بلاّوکردەوە).

پ- ماموسا دەرسەکەش دووبارە کەردۆ. (مامۆستا وانەکەی دووبارە کردەوە) .

بەخ شینی ئەمجۆرە ڕۆ ڵە، لەسینتاك سی کردارە لێکدراوەکا ندا، ز یاتر تایبە تە بەکردارە تێپەڕەکان. کردارە تێنە پەڕەکان، تەنها ژمارە یەکی زۆر کەمیان، کەبەیا سای پر یدیکات سازبوون، توا نای دانی ئەم ڕۆڵەیان هەیە، وەك لەم ڕستەیەی خوارەوەدا نیشاندراوە:

(18) هیوا فریاو ئیمە کۆت. (هیوا فریای ئێمە کەوت).

بەشێوەیەکی گشتی، کردارە لێکدراوە بارگەیەنەکان، لە گەڵ ئەوا نەیش کەباری دەروو نی، یان هۆشەکی دەردەبڕن، کارا وەرناگرن [2]. بەمپێیە کردارەکانی:

حەزش کەرد. (حەزی کرد).

باوەڕش کەرد. (باوەڕی کرد).

ڕقش چنە بی. (ڕقی لێ بوو).

زەرد هور گیلاّ . (زەرد هەڵگەڕا). ..................هتد.

ئەمجۆرە ڕۆڵە بەفرێزە ناوییە بکەرییەکانیان نادەن.

---

(1) محەمەد مەعرووف فەتاح، نووسەری نوێ، (ژ. 19: 176).

(2) یوسف شریف سعید، (1990: 10).

بکەر (Subject Theta Role):

هەموو فرێزێکی ناویی لە شوێنی بکەردا، مەرج نییە لە هەموو بارێکدا، ڕۆڵی کارای پێ بدرێت. دەکرێت بەسیما بنەڕەتییەکاندا (Inherent Features)، جیاوازی لەنێوان بکەرو کاردا بکرێت:

a. کارا [ + N ، + زیندوو، + هێز، + مەبەست ]

b. بکەر [+ N ، ± زیندوو، ± هێز، ± مەبەست ][1]

ئەو کردارە لێکدراوانەی ئەمجۆرە ڕۆڵە دەدەن، ئەمانەن:

1- کردارە تێنەپەڕەکان، کەبەیاسای پریدیکات ڕۆنراون:

(19) ا- کاروان ئازاد بی. (کاروان ئازاد بوو).

ب- شیرینە ئازادە بیە. (شیرین ئازاد بوو).

2- کردارە تێپەڕەکان، کەبەیاسای پریدیکات بەرهەمهاتوون، بەمەرجێك بکەرەکانیان (- زیندوو) بێت:

(20) ا- لافاو شارەکەش ویران کەرد. (لافاو شارەکەی وێرانکرد).

ب- کیشەکە سەرش هورداوە. (کێشەکە سەری هەڵدایەوە).

پ- جەنگەکە بەپابی. (شەڕەکە بەرپا بوو).

لەم بارەدا، هەندێ جار ڕۆڵی بکەر بەڕۆڵی (هێز- Force) ناودەبرێت [2].

باس (Theme Theta Role) :

کەسێك، یان شتێکە، کاریگەریی کردارێکی کەوتبێتە سەر [3]:

(21) ا- ئیمە یانەکەما دروس کەرد. (ئێمە خانووەکەمان دروست کرد).

ب- کریکارەکی هەرمانە کیشا جیبەجی کەردی. (کرێکارەکان کارەکانیان جێبەجێ کرد).

پ- ئارام زاوڵەکەی ئازار مدو. (ئارام مناڵەکە ئازار دەدات).

کارلێکراو (Patient Theta Role):

ئەم جۆرە ڕۆڵە، ئاماژە بۆکەسێك، یان شتێك دەکات، کەگۆڕانێکی بارودۆخی بەسەردا هاتبێت . لەلایەن ئەم کردارانەی خوارەوە دەدرێت:

1- کردارە تێپەڕەکان، کەبە یاسای پریدیکات داڕێژراون وکەرتەکانی یەکەمیان ئاوەڵناون، یان ئەو وشانەن، کەئەمڕۆ سەربەخۆ بەکارناهێنرێن:

(22) ا- کناچەکی ژوورەکەش پاك کەردۆ. (کچەکە ژوورەکەی پاك کردەوە).

ب- دارا پەژمەکەش شی کەردۆ. (دارا خورییەکەی شیکردەوە).

2- کردارە تێنەپەڕەکان، کەبەیاسای پریدیکات سازبوون:

(23) ا- حۆزەکە پەڕبی جە ئاوی. (حەوزەکە پڕبوو لەئاو).

ب- زاوڵەکە جەتو بیزار بی. (مناڵەکە لەتۆ بێزار بوو).

(1) بۆزانیاری زیاتر، بڕوانە: صباح ڕەشید قادر، (2006: 86).

(2) Fromkin , ( 2002: 193).

(3) Ibid, 192.

ب- ئەو ڕۆڵە واتاییانەی پریپۆزیشن وپۆست پۆزیشنەکان، بەفرێزێکی ناویی دەدەن:

لەشێوە زاری هەورامیدا، جگە لەپریپۆزیشن، پۆ ست پۆزی شنەکانیش توا نای بەخ شینی هە ندێ ڕۆ ڵی بابەتانەیان هەیە، ئەمەش بەتایبەتمەندییەکی هەورامی دادەنرێت، کەلەهە ندێ ز مانی ئەورووپی شدا، وەك هەنگاری و قازاخی بەر چاودەکەون [1]، کەوا تە ئەم ڕا ستییە زمانی یە، تایبەتێتی یەکی گ شتی زما نە هیندۆئەورووپییەکانە [2]. ئەم چەشنەڕۆڵانە، بریتین لەمانەی خوارەوە:

ئامێر (Instrument):

ئامرازێکە، کارێکی پێ جێبەجێدەکرێت، یان ناکرێت . پریپۆزیشنی (بە) ئەم ڕۆڵە دەدات:

(24) ا- ئالان هەرمانەکیش بەکۆمپیوتەر کەردە. (ئالان کارەکانی بەکۆمپیوتەر کرد).

ب- ئارام کتێبخانەکەش بە شمە ڕیك وست. (ئارام کتێبخانەکەی بە ئێوە ڕێکخست).

وەرگر (Recipient):

کەسێکە، کارێکی ئاڕاستە بکرێت، سوودی پێ بگە یەنێت، یان ز یانی لێ بدات [3]. ئەم ڕۆ ڵە لەلا یەن پریپۆزیشنی (پەی) ەوە دەدرێت:

(25) ا- ئاکار سەعاتەکیش پەی من وەشە کەردۆ. (ئاکار سەعاتەکەی بۆمن چاککردەوە).

ب- ئادی یاریگاکەشا پەی ئێمە پاك کەردۆ. (ئەوان یاریگاکەیان بۆئێمە پاك کردەوە).

ئەم ڕۆڵە هەندێ جار بە ئامانج (Goal) ناودەبرێت [4] .

شوێن (Locative):

شوێنی ڕوودانی کردارێك دەردەخات ودەکرێت بەچەند جۆرێکەوە [5]:

ا- شوێنی جێگیر: لەلایەن پۆست پۆزیشنی(- ەنە) وە دیاری دەکرێت:

(26) ئێمە بازاڕەنە نانما وارد. (ئێمە لەبازاڕدا نانمان خوارد).

ب- شوێنی ڕێڕەو (Path):

پۆست پۆزیشنی (- ەنە)، ئەم ڕۆڵە دەبەخشێت:

(27) کوڕەکە ئاوەکەنە ویش ڕزگار کەرد. (کوڕەکە بەئاوەکەدا خۆی ڕزگارکرد).

پ- شوێنی ئاڕاستەو کۆتایی هاتنی ڕووداو:

ئەم ڕۆڵەیش، لەلایەن پریپۆزیشنی (تا-) و پۆست پۆزیشنی (- ۆ) وە دەدرێت:

(28) - کەشەکە تا وارۆ هەرەسش ئاورد. (شاخەکە تا خوارەوە هەرەسی هێنا).

## 4 - 4/1 تێپەڕی وتێنەپەڕیی کرداره لێکدراوەکان:

تێپەڕی وتێنەپەڕیی، دوو واتای ڕێزمانیی کردارن وپەیوەندییان بەژمارەی ڕۆڵە بابەتییەکانەوە

(1) ئی. ئا. فیگۆرۆفسکی، (1969: 100).

(2) ئازاد ئەحمەد حسەین، (2001: 80).

(3) محمد معروف فتاح، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژ. 19، (2001: 176).

(4) بۆزانیاری زیاتر، بڕوانە: Fromkin , (2002: 193)

(5) بۆزانیاری زیاتر، بڕوانە: ئازاد ئەحمەد حسەین، (2001: 39- 42).

هەیە، کەکردارەکان بەزگماك هەیانە . ئەو کردارانەی دروستەیەکی لێکدراو دادەڕێژن، پارێزگاری لەتایبەتمەندێتی وزیندوویێتی خۆیان دەکەن، واتە ڕۆڵە بابەتییەکانیان لەدەست نادەن وبەئارگومێنتە پێویستەکانیانی دەبەخشن . بەواتایەکی تر، ئەوکردارانەی لەبنجدا تێپەڕ، یان تێنەپەڕن، کە دەکرێن بەلێکدراو، هەربەو شێوەیە دەمێننەوەو هێزەکانیان لەتێپەڕەوە بۆتێنەپەڕ، یان بەپێچەوانەوە ناگۆڕرێن(1).

لەسینتاکسی کردارە لێکدراوەکاندا، تێپەڕی وتێنەپەڕی، بەدابەشبوونی کەرتی یە کەمی کردارەکا نەوە بەندن وپێوەندیی ڕاستەوخۆیان پێیانەوە هەیە، نەك واتای فەرهەنگی کردارە کان، کە لە ئەنجامی کردەی لێکدانەکەوە بەرهەمهاتوون . بۆنموونە لەم ڕستانەی خوارەوەدا:

(29) ا- ئادی سەما کەرا. (ئەوان سەما دەکەن).

ب- زاوڵەکە گەمە کەرو. (منداڵەکە یاری دەکات).

پ- سەربازەکی هیرشا بەرد. (سەربازەکان هێرشیان برد).

ئە گەر لەڕوانـگەی وا تای فەرهەنگیـیەوە سەیری کردارە لێـکدراوەکان بکر ێت، دەبـێت بەتێنە پەڕ دابنرێن، چونکە هەریەکەیان گوزارشت لەتەنها ڕووداوێك دەکەن، کەلەلایەن بکەرێکەوە جێبەجێ کراون. بەڵام هەر یەك لەکردارەکان لەو درو ستە لێکدراوا نەدا، بەزگماك خاوەنی دوو جۆری جـ یاواز لەڕۆڵی بابەتانەن وئەگەر مامەڵەی تێنەپەڕیان لەگەڵدا بکرێت، ئەوا دەبێت لەم بارەدا تەنها یەك ڕۆڵیان بەخـشی بێت، کە (بـکەری) ەو ڕۆ ڵی دووەمـ یان کە ( بەرکاری) ە، هێـشتا پـ ێی ماوە . ئە مەیش پێـچەوانەی یا ساو مەر جە بابەتییەکا نە، چونکە دەبـێت هەموو ڕۆ ڵەکانی کردار ێك بەئارگومێـنـتەکانی درابـ ێت، بۆ ئەوەی ڕستەی ڕێزمانی وفۆڕم دروست بەرهەم بێت . لەم پێناوەیشدا، هەریەك لەوکردارە لێکدراوانە، کەر تەکانی یەکەمیان بۆشوێنی بەرکار دەنێرن، بۆئەوەی ڕۆڵە بەرکارییەکانیان، کەپێیانە، بیاندەنێ.

---

(1) هە ندێ لەتو یژەرانی کورد، کە لەکرداری لێـکدراو لە شێوەزاری سلێمانیدا دواون، یان لەلێکۆڵینەوەکانیا ندا ئاماژە یان بۆکرداری لێـکدراو کردووە، وایانداناوە کەکردار بەلێکدراوی، دەشێت لەتێپەڕەوە ببێت بە تێنەپەڕو بەپێچەوانەشەوە، بۆنموونە:

ا- فەرەیدوون عەبدول محەمەد، نامەی ماستەر، (1998):

لەلاپەڕە(80- 81) دا دەڵێت:((کاری وامان هەیە بەسادەیی تێپەڕە، کەدەبێ بەناسادە دەبێ بە تێنەپەڕو بەپێچەوانەشەوە، کاری وامان هە یە بەسادەیی تێنەپەڕەو کەدەبێ بەناسادە دەبێتە کارێکی تێپەڕ. بۆنموونە (کەوت) کەکارێکی سادەیە کاتێ کەدەبێ بە (دوای کەوت) دەبێتە کارێکی ناسادەو کارەکەش لەتێنەپەڕەوە دەبێتە تێپەڕ. بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە چاوگی ئەم کارە ناسادەیە لەهەمان داڕشتنیا (دوا کەوتن) دوو واتا دەبەخشێت:

1- دوای کاروان کەوتم. کارەکە تێپەڕە.

2- لەکاروان دواکەوتم. کارەکە تێنەپەڕە.

نموونەیەکیش لەو کارانەی بەسادەیی تێپەڕن وکەدەبن بەکارێکی ناسادە، دەگۆڕێ بۆتێنەپەڕ کاری (گرتی) یە. لەیەکێك لەشێوەکانی ناسادەیی دا دەبێ بە (پێ ی گرت)، (منداڵەکە پێ ی گرتووە)، ئاشکرایە کاری (پێ ی گرتووە) کارێکی نادەی تێنەپەڕە.))

ب- یوسف شەریف سەعید، نامەی دکتۆرا، (1998):

هەرچەندە لەلاپەڕە (27) دا وتویەتی:((کەرەسە پێکهێنەرەکانی ترکەبەشداری ڕۆنانی لێکدراو دە کەن هیچ کار ێك ناکە نە سەر تێنە پەڕی وتێپەڕی کارە داڕێژراوەکە)). لەگەڵ ئەوەشدا لەلاپەڕە (31)دا دەڵێت:((ئەو کارانەی لەبنجدا تێنەپەڕن وبەلێـکدراوی وە کو کاری تێـپەڕ ڕەفـتار دەکەن، وەك دواکەوتن، دەست کەوتن، پێ کەوتن)).

## 1/2 تیۆری (X-bar):

تـ یۆری (X-bar) لەسینتاكـ سی کرداره لێكدراوەکا ندا، ڕۆ ڵی د یارو بەر چاوی هە یەو پێوەندیـ یە سینتاکسییەکانی نێوان کەرتەکانی کردارەکانمان، بەپێی یاساکانی ئەم تـ یۆرە ڕوونکردووە تەوەو نەخـ شەی هێڵكارییە درەختییەكان پەیوە ست بەو یا سایانەوە کێـ شراون، کە تەواو کەری شیکردنەوە تیۆریـ یەکانن و زانیاری وڕوونکردنەوەی زیاتر دەخەنەڕوو، چونکەهەندێك پێوەندیی ڕێزمانی لەنێوان کەرتەکانی کرداره لێكدراوەکاندا هەن، کەلەو ڕێیەوە دەتوانرێت لێكبدرێنەوەو شیبكرێنەوە. بۆیە لەکارەکەما ندا گرنكیـ یەكی زۆر مان بەهێڵكاری داوەو تایبەتمە ندی ود یاردە سینتاكـ سییەکانی کردارەکا نمان لەو ڕێگە یەوە تاوتوێكردووە.

لێكۆڵیـ نەوەکانمان سەبارەت بەکردەی سازکردنی فر یز، لە گەڵ بنـ یاتی درو ستەی قووڵ وڕوو کەش و فۆڕمی لۆجیكیی ئەوڕ ستانەی کرداری لێـ كدراو قاڵبی داڕ شتوون، لەبەرڕۆ شنایی تـ یۆری (X-bar) دا ئەنجامدراوە، بۆیە بەپێویستمان زانی سەرەتا لەتیۆرەکە بدوێین.

(X-bar) تـ یۆرێكی سینتاكـ سییە، چۆنیەتی داڕ شتنی فرێزە کان، کە پێكهێـ نەری ڕ ستەن، لەئا ستە دروستەییەکاندا،پەسن دەکات. لەبەرئەوە بەتیۆری دروستەی فرێزو داڕێژەری دروستەی قووڵ و ڕوو کەش و فۆڕمە لۆجیكییەكان دادەنرێت [1].

ئەم تـ یۆرە، ڕە گەزەکانی ( سەر، تەواو کەر، دیاریـ کار)، بەکەرە ستەی سەرەتایی و بەرایی فرێزە کان دادەنێت، کەلەناویاندا ( سەر) بنـ جی وخورتیـ یەو لەچە شنی فرێزەکە یەو پێویـ ستە هەموو کاتـ ێك بوونی هەبێت. لەم خشتەیەی خوارەوەدا، هەندێ لەچەشنەکانی فرێزوسەرەکانیان خراونەتەڕوو:

| چەشنەکانی فرێز | سەرە |
|---|---|
| کردارییی | ڕەگی کردار |
| ناویی | ناو |
| پریپۆزیشنی | پریپۆزیشن |
| پۆست پۆزیشنی | پۆست پۆزیشن |

هەرچی دووڕەگەزەکەی ترە (دیاریکار، تەواوکەر)، مەرج نییە هاوبە شیی ڕۆ نانی هەموو فرێـز ێك بـكەن، بەڵكو بووـ نیان بەجۆری فرێزە کەو تایبەتمەندیـ یەکانی ز مانێكی د یاریکراوەوە پابە ندە. وا تە درو ستەی فر یز دە شێت تەنها لە سەر پێكهاتـ بێت، یان لە یەکگرتنی سەرویەکێك، یان هەردوو ڕەگەزە کەی تر سازبووبێت.

ئەگەر وا دابنرێت (Xp) بۆهەریەك لەفرێزەکانی ڕستە هێما یە، (X) یش سەری هەریەکەیا نە، ئەوا یاساکانی تیۆری (X-bar) بۆهەر فرێزیك بەمشێوەیە دەبێت:

. x spec ⟵ x p


.x تەواوكەر ⟵ x

(1) Cooke and Newson,(1997: 147).

ئەو فرێزانەی کەرەستەیەك، یان زیاتریان وەك سەربار لەگەڵدا یە، (x) ێکی تر، یان زیاتر لەگەڵ یاساکانی سەرەوەدا دەردەکەوێت:

$\bar{x}$ ⟵ سەربار x.

ئەو یاسایانە، بنەڕەتی تیۆری (X- bar) ن ودەتوانرێت لەهێڵکارییەکی درەختیی وەکو خوارەوەدا نیشان بدرێن:




(یاسا بنجییەکانی تیۆری X- bar)

بەپێی ئەم تیۆرە، فرێزەکان لە زمانە سروشتییەکاندا، هەمان دروستەی بنەڕەتی ودوو ئاستی فرێزییان هەیە:

أ- (X p)، یان (X) لەسەرو دیارخەر پێکدێت.

ب- ($\bar{X}$) بریتیە لە سەرەو تەواوکەرێك [1] .

واتە هەموو فرێزێك دوو ئاستی ناوەکی هەیە. (X)، (X)، (X) سێ ئاستی جیاوازی فرێز دەنوێنن [2]:

Maximal projectio ⟶ X (Xp) . (پڕۆژەی گەورە)

Intermediate Projection ⟶ $\bar{X}$ . (پڕۆژەی ناوەند).

Minimal projection ⟶ X. (پڕۆژەی نزم).

## 2/ 1-1 کاتیگۆرییە ئەرکییەکان (Functional Categories):

مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی (کات، نیشانەکانی ڕێککەوتن، ناسراوی، نەناسراوی، ڕادە، ئامرازە

(1) Ibid, 144.

(2) صباح ڕەشید قادر، (2006: 13- 14).

لێکدەرەکان، جێناوەکان،...)، کۆمەڵێك کاتیگۆریی دروست دەکەن، کەبەکاتیگۆریی ئەرکی ناودەبرێن [1]، وەك:

ا- کاتیگۆریی کات وکەس. INFL – Inflection. / (I)

ب- کاتیگۆیی دیارخەری. Determiner. / (D)

پ- کاتیگۆریی ئامرازی لێکدەر. Complementizers. / (C)

هەریەك لە (I) ، (D)، (C)، دەبنەسەرەیەکی ئەرکی بۆفرێزەکانی (Ip)، (Dp)، (Cp).

محه مەد مەعرووف فەتاح [2]، ئا ماژەی بەوەداوە، کە بەپێی بۆ چوونێکی بەرفراوان لەناو تـیۆری (GB) دا، کەرە ستە گەردانی یەکانی کردار، بەتای بەتی ئەوا نەی جۆرە بەندێتی یەك لەنێوان بە شەکانی ڕستەدا پێکدەهێنن، دەبێت وەك سەرە ئەرکییەکان بنوێنرێن.

بەمجۆرە لەتیۆری (GB) دا، هە ندێك لەگیرە کە کرداری یەکان، وەك سەرەی ئەرکیی دیار یدەکرێن، کەبریتین لە(نیشانەکانی ڕێککەوتن، کات، نادیاری، نەرێ،.......هتد) [3].

لەناو کەرەستە گەردانییەکانی کرداردا، ( کات و کەس) پێوەندی یەکی ڕا ستەوخۆی بەکارە کەی ئێمەوە هەیە ورۆڵێکی دیاروبەرچاو لەسینتاکسی کردارە لێکدراوەکاندا دەبینێت، بۆیە لەناو فر ێزە ئەرکییەکا ندا، بایەخێکی تایبەتمان بەفرێزی کات وکەس داوە [4].

## 2-1/2 یاسای دروستەی جۆری فرێز بەگشتی بەپێی تیۆری (X-bar) :

بەپێی تیۆری (X-bar)، جۆرە کانی فر ێز لەزما نە سرو شتییەکاندا بەگ شتی، بەپێی ئەم یا سایانەی خوارەوە، پێکهاتوون:

1- $Ip \longrightarrow spec\ \bar{I}$ .

$\bar{I} \longrightarrow Vp\ I$.

2- $Vp \longrightarrow spec\ \bar{V}$.

$\bar{V} \longrightarrow$ تەواوکەر V.

($\bar{V} \longrightarrow$ سەربار V).

3- $Np \longrightarrow spec\ \acute{N}$.

$\acute{N} \longrightarrow N$.

---

(1) صباح ڕەشید قادر، (2006: 38-39).

(2) Fattah, (1997: 212-213).

(3) حاتەم ولیا محەمەد، (2006: 81)

(4) مۆرفیمەکانی کاتی ڕابردوو لەهەورامیدا (- ا، - ی، - ت، - د) ن، کە دەچنە سەر ڕەگی ڕانەبردوو. هەرچی کاتی ڕانەبردوویشە، مۆرفیمێکی تایبەتی نییە، بەڵکو لەناو ڕەگی کرداردا تواوەتەوە. بەواتایەکی تر ڕەگی کردار هەڵگری واتای کاتی ڕانەبردوو (داهاتوو)، بۆزانیاریی زیاتر، بڕوانە: نامەی ماستەری (شێرکۆ حەمە ئەمین قادر، 2002: 80).

pp -4 ⟵ .P spec

p̄ ⟵ .Np p

### 2/ 1- 3 دروستەی فرێزی کرداریی کرداری لێکدراو بەپێی تیۆری (X-bar) :

زمانەوان لەناسینەوەی کرداردا، پشت بەتایبەتێتی و ڕەفتاری دەبەستن، لەوا نە ڕەفتاری مۆرفۆلۆژی، کە کات، ئەسپێکت، کەس و ژمارە دەگرێتەوە [1].

فر ێزی کرداری، کاتیگۆری یەکی سینتاکسییەو کردار وەك سەر تێیدا دەردەکەوێت و بەپێی جۆری کرداری لێکدراو دەگۆڕێت. ئەو کردارە لێکدراوانەی بەیا سای ڕۆ ڵی بابەتا نەی بکەر بەر هەمهاتوون، تەنها کەرتی دووەم یان (بە شی کردار یی درو ستەکە)، فر ێزی کرداری پێ کدەهێنێت و کەر تەکانی یە کەمیان دەکەونە دەرەوەی فرێزی کردارییەوە، بەڵام ئەو کردارا نەی بەیا سای ڕۆ ڵی بابەتا نەی بەرکار دار ێژراون، کەر تەکانی یە کەمیان، وەك بە شە پێکهێنێکی فر ێزی کرداری، هاوبە شی دە کەن ورۆ ڵی تەواو کەر لەناو فرێزی کرداریدا دەبینن.

لەسینتاکسی کردارە لێکدراوەکاندا، دروستەی فرێزی کرداری، پێوی ستی بەکەرە ستەی دیاریکار نی یە، وا تە شوێنی (spec) بە بەتاڵی دەمێنێ تەوەو وەك شوێنێکی بنجی وزگ ماکی بوونی ناب ێت. لەبەر ئەوە لەیاساکانی دروستەی فرێزی کرداریدا، شوێنی (spec) مان لابردووە، چونکە سەر، یان سەرو تەواوکەرە ناوەکییەکان، تەنها کەرەستەن، کە فرێزی کرداری لەسینتاکسی کردارە لێکدراوەکا ندا پێکدەهێنن و لەهیچ فریزێ کی کردار یدا، پێکهاتە یەکی بنج یی تر بوونی نی یە. لەبەر ئەوە فر ێزە کرداری یەکان پێوی ستیان بەکەرەستەی (spec) نییە، بۆئەوەی تەواو بن. بە هەمان شێوە ئەو فر ێزە پریپۆزی شنیانەیش کە وەك بەشە پێکهێنێکی بنجی لە درو ستەی کردارە لێکدراوەکا ندا دەردە کەون، کەرە ستەی د یارر، وا تە شوێنی (spec) یان نابێت.

ڕۆنانی فرێزی کرداری، تاکە جۆری فرێزە لەسینتاکسی (X-bar) دا، بۆ هەموو فرێزە کان [2] فراوان دەکرێت ودرێژ دەکرێتەوە.

بەپێی تیۆری (X-bar)، تەواو کەر خو شکی سەری فەرهەنگی یەو بەو حوکم دەکر ێت، بەڵام لەو کردارە لێکدراوانەدا، کەبەیا سای ڕۆ ڵی بابەتا نەی بەرکار دار ێژراون، کەرتی یە کەم (تەواو کەری ناوەکی) مەرج نی یە لەهەمووبارێکدا، خو شکی سەر (ڕە گی کردار) ب ێت و هەموو کات ێك هاو شانی یەکتری بن و لە سەر ڕا ستە هێڵ ێك کار بکەن، بەتای بەتی لەو درو ستانەدا، کە فرێز ێکی پریپۆز یشنی وەك کەرەستەیەکی بنجی هاوبەشی ڕۆنانیان دەکات.

فرێزی کرداری، گەورەترین پڕۆژەی کردارەو دەشێت لەپڕۆژەیەکی بچووکتر (مام ناوەندی)، یان زیاتر پێکهاتبێت وله هێڵکاریی درەختییدا، شوێنێکی بەرزتر لەپڕۆژە بچووکەکان دەگرێت. پڕۆژەکانی کردارێك، کەزیاتر لەپڕۆژەیەکی تەواوی کردارەکە بەسەریاندا زاڵ بێت، پێیان دەوترێت پڕۆژە

---

(1) Finch, (2000: 129).

(2) صباح ڕەشید قادر، (2006: 20).

مام ناوەندییەکانی کردار [1]. گەورەترین پڕۆژەی کردارێك (Vp)، **یان** (V) ە، پڕۆژە مام ناوەندییەکانی، (V) ن [2]. بەگشتی کرداره لێکدراوەکان، پەیوەست بەتیۆری (X-bar)، دروستەی فرێزی کردارییان بەپێی ئەم یاسایانەی خوارەوە دەبێت:

ئەو کرداره لێکدراوانەی بەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بکەر داڕێژراون:


$$\bar{V} \leftarrow Vp$$

$$V \leftarrow \bar{V}$$

(1) ا- مازیش مەڕیا (پشتی شکا).

ب- ئاوەڕووش تکا. (ئابڕووی تکا).

یاساکانی تیۆری (X-bar) بۆ ئەم چەشنە کردارانە، لەم هێڵکارییە درەختییەدا خراونەتە ڕوو:




**هێڵکاریی ژمارە (1)**

پێوەندی سینتاکسی نێوان کەرتەکانی ئەمجۆرە کردارانە، لەچوار چێوەی (تەواو کەری دەرە کی - سەر) دا لێکدەدرێتەوە، واتە کەرتی یەکەم، تەواوکەری دەرەکیی کەرتی دووەمە.

دەشێت لەڕۆنانی ئەم چەشنە کردارانەدا، فرێزێکی پریپۆزیشنی، وەك بەشێکی بنجی و زگماکی هاوبە شی بکات. لەم بارەدا یاساکانی فرێزی کرداری بریتی دەبن لە:

$$\bar{V} \leftarrow \bar{V}p$$

$$V\ PP \leftarrow V$$

---

(1) Haegeman, (1998: 90).


(2) سەرچاوەی پێشوو.

(2) ا- تەگەرە جە هەرمانەکی کۆت. (تەگەرە لەئیشەکە کەوت).

ب- لەرزش ونە ئاما. (لەرزی لێ هات).


پ- دڵش جە یانەکەی شی. (دڵی لەخانووەکە چوو).

هێڵکاریی درەختیی یاساکان بەمجۆرەیە:




**هێڵکاریی ژمارە (2)**

دەشێت فرێزی پریپۆزیشنی، بەیاریدەی پۆست پۆزیشن سازبووبێت، لەم بارەدا هێڵکاریی درەختیی بەمجۆرە دەبێت:




ئەو کردارە لێکدراوانەی بەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار داڕێژراون:


$Vp \rightarrow \bar{V}.$

$V \rightarrow V\ Np.$

(3) ا- هیزەکاو ئاسایشی پیا خرابەکیشا بەندی کەردی. (هێزەکانی ئاسایش پیاوخراپەکانیان بەند کرد).

ب- ئیمە نانما وارد. (ئێمە نانمان خوارد).

یاساکان لەم هێڵکارییە درەختییەدا نوێنراون:




(کەرتی یەکەمی کردارەکە

(کەرتی دووەمی کردارەکە).

**هێڵکاریی ژمارە (3)**

پێوەندیی ڕێزمانیی نێوان کەرتەکانی ئەمجۆرە کردارانە، (تەواوکەری ناوەکی- سەر) ە، واتە کەرتی یەکەم، تەواوکەری ناوەکیی کەرتی دووەمە.

لە دروستەی ئەم چەشنە کردارانەشدا، دەگونجێت فرێزێکی پریپۆزیشنی، ببێتە بەشە پێکهێنێک، وەك:

(4) ا- ئادی یاگیشا بە ئیمە لیژە کەردە. (ئەوان جێیان بەئێمە لێژکرد).

ب- دارا چەمش جە ئیمە کەرد. (دارا چاوی لەئێمە کرد).


پ- هیمن ئارامش جەڕزگاری بڕی. (هێمن ئارامی لەڕزگار بڕی).

$$Vp \rightarrow \bar{V}.$$

$$\bar{V} \rightarrow V\ Np.$$

$$\bar{V} \rightarrow V\ pp.$$

**هێڵكاریی درەختیی یاساكان:**




**هێڵكاریی ژمارە (4)**


**ئەو كردارە لێكدراوانەی بەیاسای پریدیكات سازبوون:**

**كرداری تێنەپەڕ:**

(5) ا- تاقیكردنەوەكە وەڵی كۆت. (تاقیكردنەوەكە پێش كەوت).

ب- دەسم سڕ بی. (دەستم سڕ بوو).

**هەریەك لەڕستەكان، هێڵكارییەكی درەختیی وەك خوارەوەیان دەبێت:**





**هێڵکاریی ژمارە (5)**

**کرداری تێپەڕ:**

**(6) ا- زاوڵەکە زەڕ پاشەکۆت کەرو.   (مناڵەکە پارە پاشەکەوت دەکات).**

**ب - ئاسو جلەکیش ڕەنگی کەردی.   (ئاسۆ جلەکانی ڕەنگ کرد).**

**هەریەك لەڕستەکانی سەرەوە، دەتوانرێت لەهێڵکارییەکی درەختیی وەك خوارەوەدا، ڕوون بکرێنەوە:**




**هێڵکاریی ژمارە (6)**

کەرتی یەکەمی ئەم پۆلە کردارا نە، پێوە ندیی ڕێزمانی یان لە گەڵ کەرتی دووەم (بە شی کرداری) دا نی یە، بەڵکو لەدرو ستەکەدا، تەنها بە شە پێکهێنێ کی وا تایین، لەسینتاک سدا ڕۆ ڵی بە شێك لەبە شە سەرەکییەکانی ڕستە نابینن، واتە یەکەیەکی سینتاکسی نین.

## 2/2 پێوەندیی ئاسۆیی نێوان کەرتەکانی کرداری لێکدراو لەهێڵکاریی درەختییدا:

لەئاستی ئاسۆییدا، پێوەندییەك لەنێوان کەرتەکانی کرداره لێکدراوەکاندا، لەهێڵکاریی درەختییدا بەدی دەکرێت، کە بە (کەوتنە پێش Precedence) ناودەبرێت و بەمشێوەیە پێناسە کراوە:


گرێیەك لەپێش گرێیەکی ترەوە دێت، کاتێك:

1- گرێی یەکەم کەوتبێتە لای ڕاستی دووەم.

2- هیچیان بەسەر یەکتریدا زاڵ نەبن [1].

کەرتی یەکەمی ئەو کرداره لێکدراوا نەی بەیا ساکانی ڕۆ ڵی بابەتا نەی بکەر، یان بەرکار داڕێژراون، ڕاستەوخۆ لەپێش کەرتی دووەمەوە دێن، بێ ئەوەی هیچ گرێیەکی نێوانبڕ لەنێوانیاندا هەبێت:

(7) - ڕۆحش شی. (ڕۆحی چوو).





فرێزی ناویی (ڕۆ حش)، ڕا ستەوخۆ لەپێش کەرتی دووەمەوە( شی) هاتووە، چونکە کەوتووە تە لای ڕاستییەوە، واتە گرێی (spec) ڕاستەخۆ کەوتووەتە پێش گرێی (Vp) یەوە.

گرێی (Ip) هەرچەندە کەوتووەتە لای ڕاستی گرێی (Vp) یەوە، بەڵام لەپێشییەوە نەهاتووە، چونکە بەسەریدا زاڵە.

(8) - دارا قەسەمش وارد. (دارا سوێندی خوارد).

---


(1) Radford, (1982: 79).




کەرتی یەکەمی کردارەکە (قەسەم)، ڕاستەوخۆ لەپێش کەرتی دووەمەوە هاتووە.

لەوکردارە لێکدراوانەدا، کەفرێزێکی پریپۆزیشنییان، وەك بەشە پێکهێنێکی بنجی لەگەڵدا یە، کەرتی یەکەم ڕاستەوخۆ لەپێش کەرتی دووەمەوە نایەت، بەڵکو لەم بارەدا گر ێی فر ێزە پریپۆزیـشنییەکە، وەك نێوانبڕێك لەنێوانیاندا دەبێت:

(9) چەمم بەئارامی کۆت. (چاوم بەئارام کەوت).



گرێی(spec)، ڕاستەوخۆ لەپێش گرێی (pp) یەوە هاتووە، ئەمیش ڕاستەوخۆ لەپێش گر ێی (V) ەوە هاتووە. وا تە لەوکرداره لێکدراوا نەدا، کەفرێزێکی پریپۆزیشنی، وەك کەره ستەیەکی زگ ماك بە شداری ڕۆنانی دروستەکانیان دەکات، ڕاستەوخۆ لەپێش بە شی کرداریەوە د ێت وناتواندێت پێش کەرتی یە کەم بکەوێت.


کەواتە لەم جۆره کردارا نەدا، کەر تەکانی یە کەم ناڕا ستەوخۆ لەپێش کەر تەکانی دووە مەوە (بە شی کرداری) یەوە دێن.

بەشێوەیەکی گشتی، پێوەندییە ڕێزمانییەکانی، وەك (بکەر، بەرکار، تەواو کەر)، کە لەنێوان کەر تەکانی کرداره لێکدراوەکاندا هەن، دەبێت بتوانرێت لەڕووی پێوەندیی لەپێشهاتنەوە لێیان بکۆڵرێتەوە.

## 2/ 3 زاڵبوون (Dominance):

پێوەندییەکی ستوونییە لەنێوان کەرەستەکانی ڕستەدا، لەهێڵکاریی درەختیدا نیشاندەدرێت و بەمجۆره پێنا سەکراوە:((گرێیەك بە سەر گرێ یەکی تردا زاڵ دەبێت، بە مەرجێك لەهێڵکار یدا شوێنێکی بەرزتر لەدووەم بگرێت وبتوانرێت بەهێڵێکی بەرەوخوار، هەردوو گرێیەکە بەیەك بگەیەنرێن)) [1].

لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا:





گرێی (Ip) بەسەر گرێکانی (Np1) و(Vp) دا زاڵە، کە دووبەشە پێکهێنی (Ip) ن. گرێی (Vp) بەسەر گرێکانی (Np2) و (V̄) ە نزمەکەدا زاڵە. گرێی (V) ە نزمەکەیش بەسەر گرێکانی(PP) و(V) دا زاڵە. (Ip) بەناڕا ستەوخۆیی بە سەر (Np2) و (V) ە نزمە کەدا زاڵە، بە هەمان شێوە (Vp) یش بەناڕاستەوخۆیی بەسەر(PP) و (V) دا زاڵە.

---

Heagman, (1998: 85). (1)
Farrokhpey, (1999 : 227).


لەسینتاکسی کردارە لێکدراوەکاندا، زاڵبوونی (Ip) و (Vp) بەسەر کەرتەکانی کردارەکاندا، بەپێی یاسای داڕشتنی کردارەکان دەگۆڕێت. بۆنموونە لەو کردارە لێکدراوانەدا، کەبەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بکەر سازبوون، (Ip) ڕاستەوخۆ بەسەر هەردوو کەرتی کردارەکەدا زاڵە، وەك لەم هێڵکارییە درەختییەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

(10) □ گیانش بەرشی. (گیانی دەرچوو).




لەوکردارە لێکدراوانەشدا، کەبەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار داڕێژراون، گرێی (Ip) بەناڕاستەوخۆیی بەسەر هەردوو کەرتی کردارەکەدا زاڵەو گرێی (Vp) یش ڕاستەوخۆ:


(11) □ ئالان هەرمانەکیش کەردە. (ئالان کارەکەی کرد).





کەوا تە یەکێك لەجیاوازییەکانی نێوان یاسای ڕۆڵی بابەتانەی بکەرو بەرکار، لەڕووی پێوەندیی زاڵبوونەوەیە، لەیەکەمیاندا (Vp) بەسەر کەرتی یەکەمی کردارەکەدا زاڵ نییە، بەڵام لەدووەمیاندا زاڵە.

لە هەموو  ئەو  کردارە لێکدراوا نەدا، کەبەیا سای پر یدیکات ڕۆ نراون، (Ip) بەناڕا ستەوخۆیی بە سەر کەرتەکانی کردارەکەدا زاڵەو(Vp) یش ڕاستەوخۆ:

(12) ا- زەڕەکە جە کیسو من شی.      (پارەکە لەکیسی من چوو) .





ب- ئیمە کوڕەکەما ڕۆزگار کەرد.    (ئێمە کوڕەکەمان ڕزگار کرد).




لەوکردارانەدا، کەبەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بکەر بەرهەمهاتوون وفرێزێکی پریپۆزیشنیش، وەك


کەرەستەیەکی بنجی لەڕۆنانەکەیدا بەشدارە، گرێی (Vp) ڕاستەوخۆ بەسەر گرێکانی (PP) و (V)، کەکەرتی دووەمی کردارەکەیە، زالەو ناڕاستەوخۆیش بەسەر (P) و(Np) دا:

(13)  چەمش بەمن کۆت. (چاوی بەمن کەوت).




بەلاَم لەو کردارانەدا، کەبەیاسای ڕۆ لَی بابەتا نەی بەرکار پێکهاتوون و فرێزێکی پریپۆزیشنیش وەك کەرەستەیەکی بنجی لەڕۆنانیاندا هەیە، گرێی (Vp) ڕاستەوخۆ بەسەر کەرتی یە کەمی کردارە کەدا زا لەو ناڕا ستەوخۆیش بە سەر (PP) و کەرتی دووە می کردارە کەدا، چونکە گرێ یەکی (V) ی نزم دەکەوێ تە نێوانیانەوە:

(14)  دارا چەمش جە من کەرد. (دارا چاوی لە من کرد).




زمانەوا نەکان بۆ پێوە ندیی نـ ێوان ئەو کەرە ستانەی هاو شانی یەکن وگرێ یەك بە سەریاندا زا ڵە، زاراوەکانی (دایك، کچ، خوشك،...هتد) بەکاردەهێنن.

## 2/ 4 وەچە ئاڕاستەکردن ( Constitunte command / C-Command ):


کەر تەکانی کردارە لێ کدراوەکان لەسینتاك سدا، کات ێك لەهێڵکاریی درەخت یدا، شی دەکرێ نەوەو دەخرێ نەڕوو، لە شێوەی چەند گرێیەکدا دەردەکەون، کەکاریگەرییان لە سەر یەکتری هە یەو زاراوە کانی خزمایەتی، وەك (دایك، کچ، دەستە خوشك،...) یان بۆبەکاردەهێنرێت [1].

تـ یۆری (GB) هەوڵی دەستنیـ شانکردنی ئەو گرێیا نە دەدات، کە لە شیکردنەوەی زما ندا بەرێگای هێڵـ کاریی درەخـ تی، کاریـ گەرییان لە سەر یەکتری هە یە. هە ندێك لەگرێکان دوو دوو بەرامـ بەر یەکتر ڕادەوە ستن ولە سەر ڕا ستەهێڵێك دەردە کەون، بێ ئەوەی گرێ یەکی ترلە یەکیان جیابکا تەوەو لە یەکیان دابڕێت.

ئەو جووتە گرێیانەی بەم شێوەیەن، هەریەکەیان ئەویتر وەك وەچەیەکی خۆی دیاری دەکات واتە (دەبن بە وەچەی یەکتری) و جۆرە گونجاندنێك لەنێوانیاندا پێکدێت. بەهۆی چەشـنە پێوەندییەکی ڕۆنانیـیەوە، کە بە (وەچە ئاڕاستەکردن) ناودەبرێ وبۆیەکەمجار لەلایەن (ڕاینهارت 1981: 630- 635) [2]ەوە پێناسەکراوە، دەتوانرێت لەم هێڵکارییانەی خوارەوەدا بخرێتەڕوو:




(A) و(B) دووگرێن، وەچە ئاڕاستەی یەکتری دەکەن بەومەرجەی هیچ کامیان بەسەر ئەوی تریاندا زاڵ نەبێت وگرێی (X) یش بەسەر هەردووکیاندا زاڵ بێت [3].




(1) بۆزانیاری سەبارەت بەبەکارهێنانی ئەم زاراوانە بەرامبەر بەگرێکانی هێڵکارییەکی درەختی، بڕوانە:
Farroqhpey, (1999: 260).

(2) سەرچاوەی پێشوو، 230.

(3) Comsky, (1986 b: 8).
Ruther ford, (1998: 87).

گرێی (A) و(B) دەستە خوشکن، (A) پێوەندیی وەچە ئاڕاستەکردنی لەگەڵ (B) و هەموو وەچەکانیدا هەیە.

وە چە ئاڕا ستەکردن، لەدیاریکردنی پێوەندی یە ڕێزمانی یەکان وکۆ تە سینتاکسییەکانی ن ێوان بە شە جیاوازەکانی ڕستەدا [1] هۆکارێکی یاریدەدەرە.

## 2/ 1-4 جۆرەکانی پێوەندیی وەچە ئاڕاستەکردن:

دووجۆر پەیوەندی دیاریکراون [2]، کەبریتین لە:


1- وەچە ئاڕاستەکردنی وەك یەکی/ سیمەتری (Symmetric C- Command ):

پێوەندییەکی بەرامبەرییە لەنێوان دووگرێدا، واتە یەکەم وەچە ئاڕاستەی دووەم بکات وبەهەمان شێوە دووەمیش وەچەئاڕاستەی یەکەم بکات.

2- وەچە ئاڕاستەکردنی وەك یەك نەبوو/ ئەسی مەتری (Asymmetric C- Command) :

پێوەندییەکی نابەرامبەرییە لەنێوان دووگرێدا، واتە یەکەم وەچە ئاڕاستەی دووەم دەکات، بەڵام دووەم وەچە ئاڕاستەی یەکەم ناکات.

لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا، هەردوو جۆرەپێوەندییەکە بەهێما ڕوونکراونەتەوە:




(B) و (Y) وەچە ئاڕاستەکردنی وەك یەکن، (B) لەگەڵ (A , C) دا، وە چە ئاڕا ستەکردنی وەك یەك نەبوون، چونکە (B) وەچەئاڕاستەیان دەکات، بەڵام ئەو دووانە هیچ کامیان وەچە ئاڕاستەی ناکەن.

سەرجەم ئەو گرێیانەی لەلایەن کەرەستەیەکەوە وەچە ئاڕاستە دەکرێن، بەمەودای وەچە ئاڕاستەکردنی ئەو کەرەستەیە دادەنرێن [3].

لەخوارەوە پێوەندیی وەچەئاڕاستەکردنی نێوان کەرتەکانی کردارە لێکدراوەکان، بەپێی جۆری کردارەکان لەهێڵکاریی درەختیدا دەخەینەڕوو:

ا- ئەوکردارانەی بەیاساى ڕۆڵی بابەتانەی بکەر سازبوون:


(15)  ڕۆحش شی.     (ڕۆحی چوو).

---

Aritchison, J, (1992: 194). (1)


Andrew Carine, J, (2002: 76- 77) .(2)

Heageman, (1998:134). (3)




کەرتی یەکەمی ئەم جۆرە کردارانە، کەلەژێر گرێی (spec) دایە، لەگەڵ ($\bar{I}$) دا، وەچە ئاڕاستەی وەك یەکی یەکتری دەکەن، چونکە لەسەر ڕاستەهێڵێك دەرکەوتوون وگرێی (Ip) یش بە سەریاندا زا ڵە. کەوا تە گر ێی (spec) وەچەئاڕا ستەی هەموو ئەو گرێیا نە دە کات، کە لە ($\bar{I}$) ەوە جیابوونە تەوە. لەم جۆرە کردارانەیشدا، تەنها گرێی (Vp)، کە گەورەترین پڕۆژەی کەرتی دووە می درو ستە لێکدراوەکە یە، لە ($\bar{I}$) کەوتووەتەوە. کەواتە کەرتی یە کەم ودووە می ئەم کردارا نە وە چە ئاڕا ستەی وەك یەکی یەکتری دە کەن وگرێی ($\bar{I}$) مەودای وەچە ئاڕاستەکردنی کەرتی یەکەمی کردارەکانە.

(16)  چەمش بە من کۆت. (چاوی بە من کەوت).



گر ێی (spec) و ($\bar{I}$) وه چه ئاڕا ستەی وەك یەکی یەکتری ده کەن، گر ێی (spec) وه چه ئاڕا ستەی هەریەك لە (PP) و (V) دەکات، چونکە لە ($\bar{I}$) ەوە جیابوونەتەوە، بەلاّم هیچ کام لەوان به تەنها وه چه ئاڕاستەی گرێی (spec) ناکەن، واتە پێوەندییەکەیان لەجۆری وەکیەك نەبوو (ئەسی مەتری) یە.

گرێی (PP) و (V) وەچە ئاڕاستەی وەك یەکی یەکتری دەکەن وگر ێی (V) وه چه ئاڕا ستەی هەر یەك لە (P) و(Np) دەکات، بەلاّم ئەمان بەتەنها وەچەئاڕاستەی ناکەن.


کەواتەلەوکردارا نەدا، کەبەیا سای ڕۆ ڵی بابەتا نەی ب کەر داڕ ێژراون وفرێزێ کی پریپۆزی شنیان وەك کەرەستەیەکی بنجی لەگەڵدایە، پێوەندیی نێوان کەرتی یەکەم وکەرتەکانی تری کردارەکە، لەجۆری وه چه ئاڕاستەکردنی وەك یەك نەبووە. وا تە کەرتی یه کەم وه چه ئاڕا ستەی کەرتی دووەم ده کات، بەلاّم دووەم بەتەنها وەچە ئاڕاستەی یه کەم نا کات، بەڵکو لە گەڵ فر ێزە پریپۆزی‌شنییەکەدا پێکەوە وه چه ئاڕا ستەی دەکەن.

پێوەندییەکان لەم خشتەیەی خوارەوەدا نیشاندراون:

| پێوەندیی وەچە ئاڕاستەکردن لەنێوان کەرتەکانی ئەو کردارانەی بەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بکەر داڕێژراون وفرێزێکی پریپۆزیشنی هاوبەشی ڕۆنانی کردوون | |
|---|---|
| وەك یەك (سی مەتری) | وەك یەك نەبوو (ئەسی مەتری) |
| (کەرتی یەکەم/ spec) و ($\bar{I}$ , Vp)<br>(PP) و (V)<br>(P) و (Np) | (کەرتی یەکەم/ spec) و (V, PP)<br>(V) و (Np, p) |

ب- ئەو کردارانەی بەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار بەرهەمهاتوون:

(17) زاوڵەکە گەمەش کەرد. (مناڵەکە یاریی کرد).




گرێی (spec) و ($\bar{I}$) وەچە ئاڕاستەی وەك یەكی یەكتری دە كەن، لەبەر ئەوە(spec) و (Vp) یش وەچە ئاڕاستەی وەك یەكی یەكتری دەكەن. گر ێی (Vp) لە سینتاكسی ئەم جۆرە كردارا نەدا لەگرێكانی (Np) و (V) پێكهاتووە، كەكەرتەكانی كردارە لێكدراوەكەن و وەچە ئاڕاستەی وەك یەكی یەكتری دە كەن، چونكە لەسەر ڕا ستەهێڵێك هاتوون وگرێی (V) بە سەریاندا زا ڵە. لەم جۆرە كردارا نەدا (spec) وە چە ئاڕاستەی كەرتەكانی كردارەكە دەكات، بەڵام هیچ كام لەكەرتەكان وەچە ئاڕا ستەی (spec) ە كە نا كەن. پێوەندییەكان بۆ ئەم جۆرە كردارانە، خشتەیەكی وەك خوارەوەیان دەبێت:

| پێوەندیی وەچە ئاڕاستەكردنی ئەو كردارانەی بەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بەركار داڕێژراون. | |
|---|---|
| وەك یەك (سی مەتری) | وەك یەك نەبوو (ئەسی مەتری) |
| (spec) و ($\bar{I}$ , Vp)<br>(كەرتی یەكەم/Np) و (كەرتی دووەم/ V) | (spec) و (كەرتی یەكەم/ Np، كەرتی دووەم/ V) |

لێرەدا پێوەندیی وە چە ئاڕا ستەكردن لەنێوان كەر تەكانی ئەو كردارە لێكدراوانەیشدا دەخەینە ڕوو، كەفرێزێكی پریپۆزیشنی هاوبەشی ڕۆنانی دروستەكانیان دەكات.

(18) ◻ دارا چەمش جە ئیمە كەرد. (دارا چاوی لەئێمە كرد).




كەرتی یەكەمی كردارەكە ($Np_1$) و (V) ە نزمەكە، وەچە ئاڕاستەی وەك یەكی یەكتری دەكەن، چونكە لەسەر ڕاستەهێڵێك كار دەكەن وگرێی(V) ە بەرزەكەیش بەسەر هەردووكیاندا زاڵە.

وەچە ئاڕاستەی ئەو گرێیانە دەکات، کە لە (V) ە نزمەکەوە جیابوونەتەوە، کە ئەوانیش (Np1) (PP, V) ن، بەڵام هیچ کام لەمان وەچە ئاڕاستەی(Np1) ناکەن.

گرێی (PP) و (V) کە کەرتی دووەمی کردارەکەیە، وەچە ئاڕاستەی وەك یەکی یەکتری دەکەن. گرێی (V) وەچە ئاڕاستەی هەریەك لە (P) و (Np2) دەکات، بەڵام ئەمان بەتەنها وەچەئاڕاستەی ئەو ناکەن.

کەواتە لەسینتاکسی ئەمجۆرە کردارانەدا، کەرتی یەکەم وەچەئاڕاستەی کەرتی دووەم دەکات، بەڵام کەرتی دووەم وفرێزە پریپۆزیشنییەکە پێکەوە وەچە ئاڕاستەی کەرتی یەکەم دەکەن.

کەرتی دووەم (بەشی کرداریی) و فرێزە پریپۆزیشنیەکەیش وەچە ئاڕاستەی وەك یەکی یەکتری دەکەن.

لەم خشتەیەی خوارەوەدا، پێوەندییەکان بۆ ئەمجۆرە کردارانە دیاری کراون:

| پێوەندی وەچەئاڕاستەکردن لەنێوان کەرتەکانی ئەو کردارانەی بەپاسای ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار سازبوون وفرێزێکی پریپۆزیشنیش هاوبەشی ڕۆنانی کردوون. | |
|---|---|
| وەك یەك (سی مەتری) | وەك یەك نەبوو (ئەسی مەتری) |
| (Spec) و (Vp, Ī)<br>(کەرتی یەکەم / NP1) و (V ە نزمەکە)<br>(PP) و (کەرتی دووەم/ V) | (Spec) و ( V, NP1 ە نزمەکە , V, PP )<br>(کەرتی یەکەم/ NP1 ) و ( PP , کەرتی دووەم /V )<br>(NP2, P) و (کەرتی دووەم/ V) |

## 2/ 5 حوکمکردن لەسینتاکسی کردارە لێکدراوەکاندا:

حوکمکردن لەشیکردنەوەی ڕێزمانیدا زاراوەیەکە، ئاماژە بۆجۆرێك لەپێوەندیی سینتاکسی دە کات، کە تێیدا وشەیەك، یان کۆمەڵە وشەیەك، پێویستی بە فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژیی وشەیەکی تر دەبێت [1].

تیۆرە جۆراوجۆرەکانی (حوکمکردن، بەستنەوە، دۆخ، ثیتا، X-bar، کۆنترۆڵ)، یە کدەگرن وتیۆرێکی گشتی بەناوی (حوکمکردن وبە ستنەوە Government – Binding Theory) پێکدەهێنن [2] ، کە تیۆرێکی زمانەوانیە وچۆمسکی لە سەر بناغەی چەمکی ڕێزمانیی جیهانی، ساڵی(1981) لەکتێبی((چەند وانەیەك لەبارەی تیۆری دەسەڵات وبەستنەوە)) دا، گەشەی پێداوە[3].

تیۆرە کە گرنگی بەدوو پێوەندیی ڕێزمانی دەدات، کە ( حوکمکردن) و (بە ستنەوە) ن. کەوا تە حوکمکردن یەکێکە لە مۆدولەکانی تیۆری (GB)، کە خۆی بەپێوەندییە دروستەییەکانی نێوان گرێکانی ڕستەیەکەوە خەریك دەکات. یەکێك لەڕێسا سەرەکییەکانی، کاتیگۆریی بەتاڵە [4].

(1) Crystal, D.(1980: 139).

(2) Trask, (1993: 121).

(3) Richards etal(1992: 117).

(4) Trask, (1993: 121).

## پێناسەی حوکمکردن:

کەرستەیەك حوکمی کەرستەیەکی تردەکات، بەمەرجێك حوکمکەر بێت وسەرە ئاڕاستەی ئەوی تری بکات و هیچ بەربەستێکی نێوانبڕ لەنێوانیاندا نەبێت [1]. واتە حوکمکردن پێوەندییەکی دوو قۆڵیی وە چە ئاڕاستەکردنە [2].

حوکمکردن لەسەر بنەمای بوونی دوو ڕەگەز جێبەجێدەبێت، کەبریتین لە:

ا- حوکم کەر: ئەو کەرە ستانەن، کە توا نای بەخ شینی ڕۆ ڵی بابەتا نە، یان دۆ خی ڕێزمانیـ یان هە یە، لەکورد یدا، ڕە گەزەکانی ( کات و کەس، ڕە گی کردار، پریپۆزیـ شن، پۆ ست پۆزیـ شن). کاتـ ێك لە گەڵ کەرەستەیەکی تردا، لەپێوەندییەکی وەچە ئاڕاستەکردندا دەبن، ئەوا (سەرە ئاڕاستە) ی ئـەو کەرە ستەیە دەکەن [3]، واتە وەك سەرێکی حوکمکەر لەبەرامبەریدا خۆیان نیشاندەدەن.

ب- حوکمکراو: یەکە سینتاکسییەکانن، کە ڕۆڵ ودۆخ وەردەگرن.


کەوا تە حوکمکردن، پێوەندیـ یەکی سینتاکـ سییە، لەنێوان حوکم کەرو حوکمکراودا [4]. کردارە لێکدراوەکان، کە بەهۆی ڕۆڵی بابەتانەوە دارێژراون، بەپێی جۆری کرداری دروستەکەیان، ئەو کەرەستانەی حوکمی کەرتەکانی یەکەمیان دەکەن، دەگۆڕێت.

لـ ێرەدا حوکمکردنی کەرتی یە کەمی ئەم چە شنەکردارانە، بەپێی جۆری ڕۆ ڵە بابەتییە کەی، ڕوون دەکەینەوە.

## 2/ 1-5 ئەوکردارانەی بەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بکەر سازبوون:

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، کەرتی یەکەمی ئەم کردارانە، پێوەندیی وەچەئاڕا ستەکردنی لە گەڵ کات و کەسدا هەیە وهیچ گرێیەکی نێوانبڕیش لەنێوانیاندا نییە. واتە کات وکەس سەرە ئاڕاستەی کەرتی یە کەم دەکات ودەبێتە حوکمکەری، وەك لەم هێڵکارییەدا بەشێوەیەکی گشتی نیشاندراوە:

((سەرە ئاڕاستەی کەرتی یەکەم/ سەری حوکمکەر)).




---

Chomsky, (1986 b: 21-22) .(1)


Haegeman , (1998: 135).(2)

(3) بۆزانیاری زیاتر لەبارەی سەرە ئاڕاستەکردنەوە، بڕوانە: محەمەدی مەحوی، (2001: 33).

Cook and Newson, (1997: 35). (4)

## 2/ 5 -2 ئەو کردارانەی بەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار ڕۆنراون:


کەرتی یەکەمی ئەم کردارانەیش، پێوەندیی وەچەئاڕاستەکردنی لەگەڵ ڕەگی کردار (واتە کەرتی دووەم) دا هەیەو هیچ گرێیەکیش ناکەوێتە نێوانیانەوە، لەبەر ئەوە ڕەگی کردار سەرە ئاڕاستەوحوکمی کەرتی یەکەم دەکات. بەواتایەکی تر، ئەو کردارانەی کەرتەکانی یەکەمیان ڕۆڵی بابەتانەی بەرکاریان وەرگرتووە، لەلایەن کەرتەکانی دووەمیانەوە حوکم دەکرێن، وەك لەم هێڵکارییەدا ڕوونکراوەتەوە:




((سەرە ئاڕاستەی کەرتی یەکەم/ سەری حوکمکەر)).

## 2/ 5-3 حوکمکردنی تەواوکەری بنجی کردارە لێکدراوەکان:

ئەو کردارانەی تەواوکەری ناوەکییان لەگەڵدایە، سروشت وهەڵکەوتی بەشی کردارییان بەجۆرێکە، کەخاوەنی پێشگرێکی فەرهەنگین ولەدروستەی ڕووکەشی سینتاکسییاندا بۆپریپۆزیشن دەگۆڕرێت [(1)]، کە وەچە ئاڕاستەی تەواوکەرەکە دەکات ودەبێتە ڕەگەزێکی حوکمکەری، وەك لەهێڵکارییەکانی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:




((سەرە ئاڕاستەی تەواوکەری ناوەکی/ سەری حوکمکەر))

(1) بۆزانیاری لەبارەی چۆنیەتی گۆڕینی ئەو پێشگرانە بۆ پریپۆزیشن، بڕوانە بەشی سێیەمی نامەکە.

## 6/2 دۆخی ڕێزمانی:

زاراوەی دۆخ لەمێژووی زمانەوانیدا، بۆمەبەست و واتای جیاواز بەکارهاتووە، لە وشەی لاتینی (Clause) ەوە وەرگیراوە، کە وەرگێڕراوی وشەی گریکی (Ptosis) ە، بەواتای (fall) دێت، کە (ئەرستۆتالیس) بۆجیاکردنەوەی ناو لەکردار بەکاریهێناوە [1].

پێشتر لەڕێزمانی تەقلیدیدا، دۆخ وا باسکراوە، کە بۆنیشاندانی شێوەی گەردانکردن بێت [2]، بەڵام ئێستا زاراوەی دۆخ ئاماژە بۆ ئەو ئەرکە سینتاکسییانە دەکات، کەفرێزە ناوییەکان جێبەجێی دەکەن، بەواتایەکی تر ((لەهەندێ زماندا دەور لەڕستەدا، شێوەیەکی تایبەتی بەوشە دەبەخشێ، پێی دەوترێت دۆخ)) [3].

کەواتە فرێزی ناوی، بەپێی ئەرکە ڕێزمانییەکەی، شێوەی جۆراوجۆر وەردەگرێت، دیاریکردن و دەستنیشانکردنی ئەو فۆڕمە جیاوازانەیش، لەڕێی زاراوەکانی دۆخەوە جێبەجێدەکرێن.

لەم ڕوانگەیەوە دۆخ بریتی دەبێت لەو گۆڕانکارییانەی، بەهۆی ئەرکی فرێزی ناویی لەڕستەدا لەکۆتاییەکەیدا ڕوودەدات [4]. بۆنموونە (ڕزگار) فرێزێکی ناوییەو بەپێی ئەرکە ڕێزمانییەکەی، لەم ڕستانەدا گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە:

(19) ا- ڕزگار/ ڕزگاری وانەکەش ئامادە کەرد. (ڕزگار وانەکەی ئامادە کرد).

ب - من ڕزگارم قەسەم دا. (من ڕزگارم سوێند دا).

پ- pro کتیبەکە پیشکەش بەڕزگاری کەرو. (Pro کتێبەکە پێشکەش بەڕزگار دەکات).

لە (ا) دا، دۆخی ڕێزمانیی (بکەری- Nominative) و لە (ب) دا، (بەرکاری- Accusative) و لە (پ) دا، (داتیڤی- Dative)، بەفرێزی ناویی (ڕزگار) دراوە.

هەر زمانێك پێڕەوێکی دۆخیی تایبەت بەخۆی هەیەو لەهەندێکیاندا دۆخ لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە دەردەکەوێت ولەهەندێکی تریاندا دەرناکەوێت. وادادەنرێت دۆخ لە هەموو زمانێکدا هەیە، لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە دەربکەوێت، یان دەرنەکەوێت[5]. واتە دۆخی نادیار (ئەبستراکت) بواری دەرکەوتنی دۆخ بەهەموو فرێزێکی ناویی دەدات، چونکە بەپێی تیۆری دۆخ، هەموو فرێزێکی ناوی، کەڕۆنانێکی دیاریکراو وناوەرۆکێکی فۆنەتیکیی هەبێت، دەبێت هێمایەکی دۆخی ئاشکرا، یان نادیاری هەبێت،[6] بەپێچەوانەوە بەپێی فیلتەری دۆخ( filter Case)، هەر فرێزێکی ناویی، ناوەرۆکێکی فۆنەتیکیی هەبێت و

---

(1) مزگین عبدولڕەحمان ئەحمەد، (2006: 17).

(2) Muhammad Salih Abdulla Barwari, (2004: 58).

(3) وریا عمر امین، ڕۆشنبیری نوێ، ژ. 92، (1982: 16- 19).

(4) محەمەد ڕەزای باتینی، (1993: 62).

(5) Ferrokhpey, (1999: 222).

(6) Chomsky, (1986a: 6).

دۆخی نەبێت، ئەوا فۆڕم نادروستە[1].بۆنموونە لەڕستەی:

(20)★ هیتیارەکە ئاوی مدو، ملّکەکە. (جووتیارەکە ئاودەدات، باخەکە).

فرێزی ناویی (ملّکەکە) لەو شوێنەدا، هیچ دۆخێکی ڕێزمانیی نییە، لەبەرئەوە فۆڕم دروست نییەو هاوکات، ڕستەکەیش ناڕێزمانییە.

تیۆری حوکمکردن وبەستنەوە (GB)، مامەڵە لەگەڵ دۆخی ئەبستراکتدا دەکات و بەدۆخێکی گشتیی داناوە، تەنانەت لەو زمانانەیشدا، کە دۆخی مۆرفۆلۆژییان هەیە. واتە بەپێی تیۆری (GB)، دۆخ بەتەواوی نادیارەو مەرج نییە مۆرفۆلۆژییانە لەشێوەی مۆرفیمدا بنا سرێتەوەو لەسەر کۆتایی فرێزە ناوییەکان دەربکەوێت.

## 1-6/2 دۆخی ڕێزمانیی لەسینتاکسی کرداره لێکدراوەکاندا:

لەچۆمسکی (1981) دا، بەگشتی دوو جۆر دۆخی ڕێزمانی دیاریکراون[2]:

أ- دۆخی زگماکی. (Inherent case) .

ب- دۆخی دروستەیی. (Structural case).

## 2/ 6-1-1 دۆخی ڕێزمانیی زگماکی:

ئەو دۆخانەن، کەبەهەندێك ئارگومێنتی تایبەتی کردارەکان لەدروستەی قووڵدا، پێش ئەوەی گواستنەوە ڕووبدات، دەدرێن [3]. بکەرو بەرکار، وەك دوو ئارگومێنتی کردار، لەدروستەی ڕووکەشداو دوای جێبەجێکردنی گواستنەوە خورتییەکان، دۆخی ڕێزمانی وەردەگرن. کەواتە دەبێت ئەو ئارگومێنتانەی کردار کامانە بن، کە لەدروستەی قووڵدا دۆخی ڕێزمانییان پێ دەدرێت؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین کەرتی یەکەمی ئەو کردارە لێکدراوانەی لەدروستەی قووڵدا، ڕۆڵی بابەتانەی بکەر، یان بەرکاریان پێدراوە، هاوکات دۆخی ڕێزمانیی بکەری وبەرکاریی زگماکیشیان دراوەتێ، وەك لەڕستەکانی خوارەوەدا، نیشاندراون:

(21) ا- Pro زەماوەندشا گیڵنا. (Pro ئاهەنگیان گێڕا).

ب- Pro هیرشش بەرد. (Pro هێرشی برد).

پ- Pro نما کەرو. (Pro نوێژ دەکات).

(22) ا- گیانش بەرشی . (گیانی دەرچوو).

ب- نەهەش کۆت. (ناوکی کەوت).

پ- پەکەش کۆتە. (پەکی کەوت).

---

(1) Chomsky, (1993: 49).

(2) محەمەدی مەحوی، (2001: 162).

(3) Cook and newson, (1997: 225).

لەدروستەی قوولْدا، فرێزە ناوییەکانی (زەماوەند، هیرش، نما)، لە (21) دا، دۆخی ڕێزمانیی بەرکاری وفر ێزە ناوی یەکانی (گ یانش، نە هەش، پە کەش) لە (22) دا، دۆ خی ڕێز مانیی ب کەرییان بە زگ ماك وەرگر تووە. کەوا تەدۆخی زگ ماکی لەکورد یدا، لەدرو ستەی قوو لْدا و پێش ئەوەی گوا ستنەوە ڕوو بدات، لەسینتاکسی ئەو چەشنە کردارە لێکدراوانەدا بەدی دەکرێت.

هەندێك زما نەوان[1]، ڕایانوا یە، کە دۆ خی زگماکی لەو زمانا نەدا هە یە، کە کردارەکانیان توانا یان هەیە لەڕستەدا، دەسەلأتیان بەسەر دوو بەرکاری ڕاستەوخۆدا هەبێت. بەپێی ئەم بۆچوونە دۆخی زگماکی بەتایبەتمەندی یەکی کردارە تێ پەڕەکان دادەنر ێت ولە گەلْ کرداری تێنە پەڕدا دەرنا کەوێت، چونکە بەرکاریان نییە. ئەمەیش لەگەلْ تایبەتمەندیی کردارە لێکدراوەکانی کوردیدا ناگونجێت، چونکە هەروەك پێشتر ڕوونمانکردەوە، دۆخی زگماکی جگە لە بەرکار، بەبکەریش دەدر ێت. وا تە کردارە تێنە پەڕەکانیش ئەم جۆرە دۆخە بەکەرتی یە کەمیان، لەبارێکدا کە ئەرکی بکەر ببینن، دەدەن. لەلا یەکی تریشەوە ئەو کردارە تێپەڕانەی درو ستەی کرداری لێکدراو بەر هەم دەهێنن، دە سەلأتیان تەنها بە سەر یەك بەرکاردا هەیە، نەك دووان.

## 2-1-6/2 جۆرەکانی دۆخی ڕێزمانیی زگماکی:

لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە، دوو جۆرە:

1- دۆخی نادیاری زگماکی:

ئەم جۆرە دۆ خە، بە مۆرفیم نیشان نادر ێت، چونکە ئەبستراکتە، بۆنموو نە لەهەر یەك لەم ناوی ڕووداوانەدا:

قەسەم واردەی (سوێند خواردن).

گەمە کەردەی (یاری کردن).

نان کەردەی (نان کردن).

هەریەك لە ناوە کانی (قە سەم، گە مە، نان)، لەلا یەن ناوی ڕووداوە کانی (واردەی، کەردەی) یەوە، کە سەری ڕێز مانیی درو ستە لێکدراوەکانن، وە چەیان دیاریکراوەولا یەنی بابەتا نەیان نیشانە کراوەودۆ خی ڕێزمانیی نادیاری زگماکییان پێدراوە[2].

2- دۆخی مۆرفۆلۆژیی زگماکیی:

هەندێك دروستەی خستنە پالْ، کەلە (ناوی ڕووداو + و + ناو) پێکهاتوون، وەك:

کەردەوکیلْی (کردنی یاری).

کەردەو نانی (کردنی نان).

واردەو بەتیلْی (خواردنی بەرتیل).

---

(1) Radford, (1982: 348).

(2) بۆزانیاری لەبارەی ئەمجۆرە دۆخە لەشێوەزاری سلێمانیدا، بڕوانە: محەمەدی مەحوی، (2001: 73).

هەر (کەردەی، واردەی)، سەری حوکمەکەری فرێزەکانن وبەیار یدەی / و/ ی خستنە پاڵی خاوەنداری، دۆخی ڕێزمانی بە (کیلی، نان، بەتیل) دەدەن ودۆخەکەیش لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە دەناسرێتەوە، واتە بووە بە مۆرفیم.

3- دۆخی ڕێزمانیی داتیڤی زگماکی:

لەدروستەی سینتاکسیی ئەو کردارە لێکدراوانەدا، کە فرێزێکی پریپۆزیشنییان وەك بەشە پێکهێنێکی بنجی لەگەڵدا یە، پریپۆزیشنەکە، کە سەری فرێزەکە یە، دۆخی ڕێزمانیی داتیڤی بە فرێزە ناوییە تەواوکەرەکەی دەدات، کاتێك فرێزە ناوییەکە بەجێناوێکی لکاو جێگیر دەکرێت و دەچێتە کۆتایی بەشی کرداریی کردارە لێکدراوەکەوە، لەم بارەدا بەزگماك دۆخی ڕێزمانیی داتیڤی دەبێت:

(23) ا- دارا ئارامش جە من بڕی. (دارا ئارامی لە من بڕی).

ب- دارا ئارامش چنە بڕیم. (دارا ئارامی لێ بڕیم).

لە (ب) دا، جێناوی لکاوی (م)، دۆخی ڕێزمانیی داتیڤی بەزگماك هەیە، چونکە لەو دروستە سینتاکسییەدا، هیچ سەرێك نییە، کە حوکمی بکات ودۆخی ڕێزمانیی بداتێ، بەڵکو پێشتر دۆخەکەی لەلایەن سەرێکی حوکمکەر ( جە) وە، وەرگرتووەو دواتر بە یاسایەکی گواستنەوە، کۆتایی کردارەکەی گرتووە.

## 3-1-6/2 دۆخی ڕێزمانیی دروستەیی:

ئەو دۆخانەن، لەڕۆنانی سەرەوەی ڕستەدا، دوای جێبەجێکردنی کردەی گواستنەوە لە سەر فرێزە ناوییەکان دەردەکەون [(1)]. لەکوردیدا بەگشتی دۆخی ڕێزمانیی دروستەیی، بەپێی شوێنە چەسپاوەکان، بەفرێزە ناوییەکان دەدرێن، کە لەهەورامییدا ژمارەیەك لەو دۆخانە، بەتایبەتی (بکەری، بەرکاری)، پەیوەست بەجۆری کردار لەڕووی کات وهێزەوە، لەهەندێك باردا دەبن بەمۆرفیم وبەفۆنەتیکی دەبیسترێن ((/ی/ بۆ نێر، /ی/ بۆ مێ، /ا/ بۆ کۆی هەردووکیان)) [(2)]. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بدرێت، کەوا شێوەزاری هەورامی سیستمێکی تێکەڵاوی لەدۆخی دروستەیی (مۆرفۆلۆژی و نامۆرفۆلۆژی) هەیە. واتە لەوەسفکردنی سینتاکسیی هەورامیدا، هەندێك لەئەرکە سینتاکسییەکان بەمۆرفۆلۆژی دەردەبڕرێن ولەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە دەناسرێنەوەو هەندێکی تریشیان لەم ڕووەوە نادیاردەبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو فرێزێکی ناویی لەشوێنی چەسپاوی خۆیدا، دۆخی نادیاری هەیە.

لێرەدا ئەو بارانە دەخەینە بەرچاو، کە دۆخی ڕێزمانیی دروستەیی، نیشانەی مۆرفۆلۆژیی تایبەت بە خۆی دەبێت [(3)].

---

Cooke and newson, (1997: 226). (1)

(2) فەرەیدون عەبدول محەمەد، (1998: 95).

(3) بۆزانیاریی زیاتر، بڕوانە سەرچاوەی پێشوو: ( 85-95).

دۆخی بکەریی (Nominative):

بەکرداری ڕابردووی تێپەڕەوە بەندە:

(24) ا- دارای هەرمانەکیش جیبەجی کەردە. (دارا کارەکەی جێبەجێ کرد).

ب- شیلانی یانەکەش پاك کەردۆ. (شیلان ماڵەکەی پاك کردەوە).

دەشێت لەم بارەدا، مۆرفیمی دۆخی بکەری دەرنەکەوێت:

(25) ا- دارا هەرمانەکیش جیبەجی کەردە.

ب- شیلانە یانەکەش پاك کەردۆ.

کەوا تە دۆ خی بـ کەری لەو ڕ ستانەدا، کەکرداری ڕا بردووی تێ پەڕیان تێدا یە، لەڕووی نا سینەوەی مۆرفۆلۆژییەوە، بە دۆخێکی دوولایەن دادەنرێت:

(26) ا- ڕزگاری/ ڕزگار یادگارییەکەش ویر ئاوردانی. (ڕزگار/ شیلان یادگارییەکەی بیرهێنامەوە)

ب- شیلانی/ شیلانە یادگارییەکەش ویر ئاوردانی.

ب- دۆخی بەرکاری (Accusative):

بەکرداری ڕانەبردووی تێپەڕەوە بەندە، ناوی تایبەتی، مۆرفیمی دۆخی لەگەڵ دەردەکەوێت، بەڵام ناوە گشتییەکان دەبێت نا سراو بن، بۆ ئەوەی مۆرفیمی دۆخ یان لە سەر دەربکەوێت. وا تە مەرجی نا سراوی بنەمایەکی سەرەکییەو یاسایەکە، بۆدەرکەوتنی مۆرفیمی دۆخ لەسەر ئەو ناوە گشتییانەی ڕۆڵی بابەتا نەی بەرکاریان لەکردارێکی ڕانەبردوو وەرگرتووە:

(27) ا- ئارام نوزادی ڕۆزگار کەرو. (ئارام نەوزاد ڕزگار دەکات).

ب- ئارام شیلانی ڕۆزگار کەرو. (ئارام شیلان ڕزگار دەکات).

پ- هیمن موچیاری زاوڵەکا کەرو. (هێمن ئامۆژگاری مناڵەکان دەکات).

پ- دۆخی داتیڤی (Dative):

لەهەورامیدا، دۆخی داتیڤی لەڕوانگەی ئەو سەرە ڕێزمانییەوە، کە دەیبەخشێت، دەکرێت بە سێ جۆرەوە:

1- ئەو دۆخانەی بەهۆی پریپۆزیشنەکانەوە دەبەخشرێن، لەم بارەدا نیشانەی دۆخی داتیڤی لەسەر فرێزە ناوییەکان دەردەکەون:

(28) ا- ئی مە کتیبە کەما پی شکەش بەئاکاری/ نازاری کەرد. (ئێ مە کتێبە کەمان پێ شکەش بەئاکار/ نازدار کرد).

ب- کاروان گفتوگو چەنی ئاسۆی/ شیلانی کەرو. (کاروان گفتوگۆ لەگەڵ ئاسۆ/ شیلان دەکات).

2- جۆر ێك لەدۆخی داتیڤی، بەهۆی پۆ ست پۆزیشنەکانەوە، کەبریتین لە (- ە نە، - ەرە، - ۆ) بەفرێزە ناوییەکان دەدرێن، لەم بارەدا نیشانەی دۆخی داتیڤی دەرناکەوێت:

(29) ا- Pro بازاڕەنە نانم وارد. (Pro لەبازاڕدا نانم خوارد).

ب- هیوا هەنگامی خاسەش هەرمانەکیشەنە نیا. (هیوا هەنگاوی باشی لەکارەکەیدا نا).

3- بەشێك لەدۆخی داتیڤی، بە تەواوی هێزو دە سەڵات بەپریپۆزیشنەکان دەبەخشن و هیچ نیشانەیەکی دۆخیی، لەسەر فرێزە ناوییەکان دەرناکەون

(30) ا- ئاسو ڕەسمەکەش بەکومپیوتەر کەرد. (ئاسۆ وێنەکەی بە کۆمپیوتەر کرد).

ب- دارا یارمەتیو ئادیشا بەزەڕ مدو. (دارا یارمەتی ئەوان بەپارە دەدات).

## 2/ 6-2 پێدانی دۆخ (Case Assigner):


بەپێی تیۆری دۆخ، تەنها سەرەکان کە لەکورد یدا، (ڕە گی کردارو پریپۆزیشن و کات و کەس) ن، لەچوار چێوەی پێوەندیی نێوان سەرو تەواو کەردا، دۆخی ڕێز مانیی بەتەواو کەرەکانیان دەدەن. ڕێسای پێدانی دۆخی ڕێزمانی، لەهەموو زمانێکدا هەیەو هەر زمانێك جۆرێك لەئاراستەکەی، هەڵدەبژێرێت و کاری پێ دەکات. لەکورد یدا ڕەگی کردارو کات و کەس لەلای چەپەوە بۆلای ڕاست، دۆخی ڕێز مانیی دەبەخشن، پریپۆزیشنەکانیش بەپێچەوانەوە لەلای ڕاستەوە بۆلای چەپ، دۆخی ڕێز مانیی دەدەن. فرێزێکی ناویی تەواو کەر، دەبێت ڕاستەوخۆ لەتەنیشت سەرێکی ڕێزمانییەوە بێت، بۆ ئەوەی دۆخی ڕێزمانیی لێ وەربگرێت. ئەم یاسایەش جۆری ڕیزبوونی وشەوفرێز لەڕستەدا دیاری دەکات[1] . واتە دۆخی ڕێزمانیی بەپێی مەرجەکانی (حوکمکردن) و (وەچە ئاڕاستەکردن)، پەیوەست بەبنەمای خوشکایەتییەوە دەدرێت. چونکە لەتیۆری حوکمکردن وبەستنەوەدا، تەرخانکردنی دۆخ بۆفرێزێکی ناوی، بەمەرجەکانی حوکمکردنەوە پابەندە، کە بەبنەماکانی تەرخانکردنی دۆخ دادەنرێت [2].

واتە فرێزە ناوییەکە (دۆخ وەرگرەکە) وسەرەکە (دۆخ بەخشێنەرەکە)، دەبێت وەچە ئاڕاستەی یەکتری بکەن و لەهێڵکاریی درەختییدا، خوشکی یەکتر بن وگرێیەك بە سەریاندا زاڵ بێت، وەك لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

(31)  ئیمە بازاڕەنە ئاسوما وینا. (ئێمە لەبازاڕ ئاسۆمان بینی).

(1) محەمەدی مەحوی، (2001: 16).

(2) Chomsky, (1986a: 6).




فرێزی ناویی (ئاسو)، کاتێك دەتوانێت دۆخی ڕێزمانیی بەرکاری لەڕەگی کردارەوە وەربگرێت، کە لەو هێڵکاریەدا هەر لەو جێکەوتەیەدا بێت و هەردووکیان ببنە دەستەخوشکی یەکتری وگرێی (V) بەسەریاندا زاڵ بێت. دوای وەرگرتنی دۆخە ڕێزمانییەکەی، دەشێت لەگەڵ فرێزە پریپۆزیشنییەکەدا، جێگۆڕکێ بکات.

ا- فرێزی کات وکەس (Ip):

گەورەترین پرۆژەی (I) یە، (I) وەچە ئاراستەی نزیکترین (Np) دەکات، کە($Np_1$) ی بکەرە، کەواتە(I) حوکمی بکەر دەکات ودۆخی ڕێزمانیی بکەری دەداتێ. چونکە هەموو(Np) یەك دۆخی ڕێزمانیی بکەری دەبێت، ئەگەر لەلایەن (INFL) ەوە حوکم کرابێت[1].

ب- فرێزی کرداری (Vp):

گەورەترین پرۆژەی ڕەگی کردارە(V)، ڕەگی کرداریش وەچە ئاراستەی نزیکترین (Np) دەکات، کە($Np_2$) ی بەرکارە. کەواتە ڕەگی کردار حوکمی فرێزی ناویی بەرکار دەکات و دۆخی ڕێزمانیی بەرکاری دەداتێ.

پ- فرێزی پریپۆزیشنی:

گەورەترین پرۆژەی (p) یە، وەچە ئاراستەی تەواوکەرەکەی دەکات، کە لەشێوەی فرێزێکی ناویدایەو حوکمی دەکات ودۆخی ڕێزمانیی داتیڤی پێ دەبەخشێت [2].

## 1-2-6/2 کردارە لێکدراوە تێنەپەڕەکان:

ئەو جۆرانەیان، کەبەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بکەر داڕێژراون، کەرتەکانی یەکەمیان لەهێڵکاریی درەختیدا، لەژێر گرێی(Spec)دادەردەکەون، لەبەرئەوە لەلایەن مۆرفیمە گەردانییەکانی کردارەوە(کات و

(1) Chomsky, (1993:132) Lec.

(2) Haegeman, (1999: 13).


کەس- I / INFL) ەوە، حوکم دەکرێن ودۆخی ڕێزمانیی بکەری وەردەگرن:

(32) ا- ڕۆحش شی. (ڕۆحی چوو).

ب- مازیت مەڕیا. (پشتت شکا).

پ- زەنگوڵیش مەڕیێ. (ئەژنۆی شکا).

لەو ڕ ستانەدا، هەر یەك لەفرێزە ناوی یەکانی (ڕۆ حش، ماز یت، زەن گوڵیش)، کەرتی یە کەمی کردارەکانن ودۆخی ڕێز مانیی بکەرییان لەلا یەن ( کات و کەس- I) یەوە وەرگر تووە، وەك لەم هێڵکاری یە درەختییەی خوارەوەدا نیشاندراوە:




## 2-2-6 /2 کردارە تێپەڕەکان:


ئەوا نەیان، کە بەیا سای ڕۆ ڵی بابەتا نە سازبوون، کەر تەکانی یە کەمیان، دۆ خی ڕێز مانیی بەرکاری لەڕەگی کردارەوە (بەشی کرداریی) یەوە، وەردەگرن. وەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا:

(33) ا- کوڕەکە قسیش کەردە. (کوڕەکە قسەی کرد).

ب- ژەنەکی قەسەمش وارد. (ژنەکە سوێندی خوارد).

پ- زاوڵەکە جەنگش کەرد. (منداڵەکە شەڕی کرد).

فرێزە ناوییەکانی (قسی، قەسەم، جەنگ)،کەرتی یە کەمی کردارە کانن و لەلا یەن ڕە گی کردارەکا نەوە حوکم کراون ودۆ خی ڕێز مانیی بەرکاریی زگماکی یان پێ بەخ شراوە، وەك لەم هێڵکاری یە درەختی یەدا خراوەتە ڕوو:




## 2/ 6-2-3  دۆخی ڕێزمانیی ئەو فرێزە پریپۆزیشنییانەی بەشە پێکهێنێکی بنجی کردارە لێکدراوەکانن:


وەك پێشتر ڕوونمانکردەوە، لەهەورامیدا سەری ڕێز مانیی فر ێزە پریپۆزیشنیەکان، یان پریپۆزیشنن، یان پۆست پۆزیشن. لەدروستەی ئەو کردارە لێکدراوانەدا، کە فرێزە پریپۆزیشنییەکان وەك کەرەستەیەکی بنجی وبنەڕەتی لەنێوان هەردوو کەرتی کردارەکەدا دەردەکەون، زیاتر پرۆژەی پریپۆزیشنەکانن، وا تە سەری ڕێزمانی یان پریپۆزیشنە، لەبەر ئەوە لەسینتاکسی کردارە لێکدراوەکا ندا، دە سەلاّتیان بە سەر تەواوکەرەکانیاندا دەبێت وحوکمیان دەکەن و دۆخی ڕێزمانیی داتیڤییان دەدەنێ:

(34) ا- چەمم بە دارای/ شیلانی کۆت. (چاوم بەدارا/ شیلان کەوت).


ب- زاوڵەکە ئارامش جە تاتەیش بڕی. (منالّەکە ئارامی لەباوکی بڕی).


پ- ئێر جە یانەکەی وەربی. (ئاگر لەمالّەکە بەربوو).

لە (ا، ب، پ) دا، فرێزە ناوییەکانی (دارا، شیلانە، یانەکە)، دۆخی ڕێزمانیی داتیڤییان لەپریپۆزیشنەکانی (بە، جە) وە وەرگرتووە:




ڕستەکانی (ا، ب)، لەم هێڵکارییە درەختییانەدا، خراونەتە ڕوو:






## 3-6/2 بەربەستەکانی حوکمکردن (Barrier):

ئەوڕەگەزانەی دەبنە بەربەست، یان سنوور بۆپ ێدانی دۆ خی ڕێز مانی، بریتین لەپڕۆژە گەورەکانی وەك (فرێزی کرداری لەو ڕستانەدا، کەکردارەکانیان تێپەڕن، فرێزی پریپۆزیشنی، ڕ ستەی تەواو کەر)، کە بە ((بەربەستەکانی حوکمکردنی زمان نا سراون و هەر ز مانێکیش ژمارە یەك لەو بەربە ست و سنوورانەی هە یە. سنوورەکە بەوجۆرە یە، کەڕە گەزێکی حوکم کەر ناتوانێ بە سەر ڕە گەزێکی حوکم کەری دیـکەدا بازبدات، یان تێپەڕێت وڕەگەزێکی تر حوکم بکات)) [1].

یەك بەربەست ڕێ لە حوکمکردن دەگرێت، دووان ڕێ لەگواستنەوە دەگرن [2].


فرێزی کرداری وەك بەربەستێکی حوکمکەر لەکرداره لێکدراوە تێپەڕەکاندا:

لەم هێڵکارییە درەختییەی خوارەوەدا:

(1) محەمەدی مەحوی، (2001: 182- 183).

Crystal, (1991: 35. (2)


Ip




گر یی (Vp ) بووە تە بەربە ستێك لەئا ست ڕە گی کرداردا، بۆ ئەوەی حوکمی($Np_1$) بـکات ودۆ خی ڕێزمانیی بداتێ. بۆنموونە لەڕستەی:


(35) - دارا پرسیارەکیش شیکار کەردی. (دارا پرسیارەکانی شیکار کرد).

ڕەگی کرداری (کەرد)، ناتوانێت حوکمی فرێزی ناویی (دارا) بکات ودۆخی ڕێزمانیی بکەری بداتێ، وەك لەهێڵکارییەکەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:




فرێزی پریپۆزیشنی:


گرێی (pp) بەربەستێکە ناهێڵێت ڕەگی کردار حوکمی فرێزە ناوییە تەواوکەرەکەی بکات، وەك لەم هێڵکارییە درەختییەدا دیارە:




بۆنموونە لەڕستەی:

(36) ئالان جە تاقیکردنەوەکەنە سەرکۆت.    (ئالان لەتاقیکردنەوەکەدا سەرکەوت).

ڕەگی کردار ناتوانێت حوکمی فرێزی ناویی (تاقیکردنەوەکە) بکات ودۆخی ڕێزمانیی بداتێ:





ڕستەی تەواوکەر (پاڕستە):

لەڕستەی:

(37) □ كناچەكى يانەكەى پاك مەكەرووە، ئەگەر واران وارو.   (كچەكە ماڵەكە پاك ناكاتەوە، ئەگەر باران ببارێت).

بـكەرى ڕ ستەى تەواو كەر (واران) بە تەنها لەلا يەن سەرى حوكم.كەرى پاڕ ستەكەوە، حوكمى دۆ خى ڕێز مانيى دەكر ێت، چونكە گر ێى (S) بەربە ستێكە بۆ حوكمكردن و سەرى حوكم. كەرى ڕ ستە تەواوكەرەكەيە. كات وكەسى ڕستە سەرەكييەكە ناتواذ ێت بە سەر ئەم بەربە ستەدا، تێ پەڕببێت و حوكمى دۆ خى ڕێز مانيى بـكەرى پاڕ ستەكە بـكات. (INFL) ى شاڕ ستەكە ئە گەر بيتوانيا يە حوكمى بـكەرى پاڕستەكە بكات، ئەوا ئەو كاتە دووجار حوكمدەكرا، كە ئە مەيش نا شێت، چونكە ((فر ێزە ناوي يەكان لە زمانە سروشتييەكاندا، دەتوانن تەنها يەك نيشانەى مۆڕفۆلۆژيى دۆخى ڕێزمانييان هەبێت)) [1].




## 2/ 6-4 ڕوونكردنەوەيەكى گشتى وپێويست:

لەو ڕاستييەوە، كەپێدانى دۆخى ڕێزمانيى بەدروستەوە بەندەو دروستەييە، دەتوانرێت كاتيگۆرييە ڕێــزمانييەكانــى وەك بــكەر، بــەركار، فرێــزى پريپــۆزيشنى، لەڕێــى پێوەندييەكانى نــێوان گرێكانــەوە

(1) محەمەدى مەحوى، (2001: 183).

بناسرێنەوەو پێناسە بکرێن، بەمشێوەیە [1]:

[Ip, Np]: واتە ئەو (Np) یەی ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەلأتی (Ip) دایە، بکەری ڕستەکەیە. لە سیستمی (X) دا، بکەری ڕستە دەبێتە (Spec) ی (Ip).

[V, Np ]: ئەوە دەگە یەنێت، کە ئەو(Np) یەی لەژێر دە سەلأتی (V) دا یە، بەرکاری ڕ ستەکەیە، کەڕاستەوخۆ لە(V) ەوە هەلگوێزراوە.

[V, PP ]: ئەوە دەبەخشێت، کە فرێزی پریپۆزیشنی (کەرەستەیەکی سەرباربێت، یان تەواو کەر)، لەژێر دەسەلأتی فرێزی کردارییدایە.

[$\bar{I}$ , VP]: واتە فرێزی کرداری، ئەو پێکهێنەی ڕستەیە، کەڕاستەوخۆ ($\bar{I}$) ێك بەسەریدا زاڵە.

لە بەر ڕۆ شنایی پێنا سەکانی بـکەرو بەرکار، ئەوە ڕووندەبێـتەوە، کەوا کەرتی یە کەمی ئەو کردارە لێکدراوانەی بەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بکەر سازبوون، ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەلأتی (Ip) دان.
کەرتی یەکەمی ئەو کردارانەیش، کەبەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار دارِ ێژراون، لەژێر دە سەلأتی (V) دان و ڕاستەوخۆ لەگرێی (V) ەوە هەلگوێزراون (بڕوانە هێڵکارییەکانی ژمارە 1، 3 .).
لەهەورامیدا، کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکان، کە لەسینتاکسدا ئەرکی بـکەر، یان بەرکار دەبـینن، لەشوێنێکی بابەتانەدان ولەگەڵ کەرتی دووەم (بەشی کرداری) دا لەپەیوەندیدان.
وەك پێـ شتر ڕوو نمانکردەوە، وە چە پێکها تەی (INFL)، دۆ خی ڕێز مانی بەکەرە ستەیەك دەدات، کەلەشوێنی بکەردا بێت وڕەگی کرداریش دۆ خی ڕێز مانی بەکەرە ستەیەك دەدات، کە لە شوێنی بەرکاردا بێت. لەبەرئەوە لەسینتاکسی کردارە لێکدراوەکاندا، هەرکەرەستەیەك لەگەڵ کردارێکی تێنەپەڕدا، لەڕووی کەس وژ مارەو ڕە گەزەوە هاونیـشانە بوو، ئەوا لەلا یەن وە چە پێکها تەی (INFL) ەوە حوکمی دۆ خی ڕێز مانیی بـ کەری دەکر ێت و هەر کەرە ستەیەکیش لە گەڵ کردارێ کی تێ پەڕدا لەڕووی ئەو سیما ڕێزمانییانەوە هاونیشانە بوو، ئەوا ڕەگی کردار حوکمی دۆ خی ڕێز مانیی بەرکاری دە کات. لەهەورامـیدا، تێ پەڕی وتێنە پەڕی کردار، ڕۆڵێ کی کاریـگەرو زۆر گرنگ دەبـ ینن، لەدیاریکردنی ئەو ڕە گەزەی وەك سەرێکی حوکمـکەر لەڕ ستەدا، دۆ خی ڕێز مانیی بەفرێزێکی ناویی دەدات. بەپێی بۆ چوونی محە مەدی مەحوی [2]، هەر وەچە پێکهاتەیەك لەڕووی کەس وژ مارەوە لە گەڵ بە شی کرداردا هاونیـشانە بـێت، ئەوا لەلایەن کات وکەسەوە حوکم دەکرێت ودۆخی ڕێزمانیی پێ دەدرێت.

---

(1) محەمەدی مەحوی، (2001: 158).
حاتەم ولیا محەمەد، (2006: 104- 105)
صباح ڕەشید قادر، (2006: 60).
(2) محەمەدی مەحوی، (2001: 89).

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، لەهەورامییدا دوو وەچە پێکهاتە لەڕووی کەس وژمارەوە، لەگەڵ بەشی کرداردا هاونیشانە دەبن (ڕێك دەکەون)، ئەوانیش بکەری کرداری تێنەپەڕو بەرکاری کرداری تێپەڕی ڕابردوون.


بەپێی بۆچوونەکەی محەمەدی مەحوی بێت، فرێزی ناویی بەرکار لەهەورامییدا، لەبەر ئەوەی لەگەڵ کرداری ڕابردووی تێپەڕدا هاونیشانەن، دەبێت لەلایەن کات وکەسەوە حوکم بکرێت ودۆخی ڕێزمانیی بەرکاریی پێ بدرێت. ئەمەیش پێچەوانەی یاساکانی پێدانی دۆخی ڕێزمانین، چونکە کات وکەس تەنها حوکمی فرێزی ناویی بکەر دەکات ودۆخی ڕێزمانیی دەداتێ، واتە ناشێت دۆخی ڕێزمانی بەدوو شوێنی جیاواز لەڕستەدا بدات. لەبەر ئەوە لەهەورامییدا، تێپەڕی وتێنەپەڕیی کردار، دوو تەوەری سەرەکی وگرنگن، لەتیۆری دۆخی ڕێزمانیداو بێ ڕەچاوکردنی ئەم تایبەتمەندییەی کردار، لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا، نەك هەر کەموکورتی پێوە دیاردەبێت، بەڵکو هەڵەی زانستیشی تێدا دەبێت.

لەهەورامییدا، ڕەگەزی ناو لەدیاریکردنی مۆرفۆلۆژییانەی دۆخەکانی ناودا، ڕۆڵی دیاروبەرچاوی هەیە. دۆخ تایبەتمەندییەکی ناوە لەسینتاکسدا، کە پێوەندیی نێوان کەرەستەکانی ڕستە، یان بەشەکانی فرێزێك لەگەڵ یەکتر یدا ڕێکدەخات. بەواتا یەکی تر کۆمەڵە وشەیەك کە لەفەرهەنگەوە دێنە ئاستی قووڵی ڕستەوەو بەپێی یاساکانی ڕیزبوونی کەرەستەکانی زمان، لەسەر هێڵێکی ڕاست بەدوای یەکتردا دێن، ناتوانن بیرێك بگەیەنن، ئەگەر پێوەندیی سینتاکسی لەنێوانیاندا نەبێت، کەدۆخی ڕێزمانی، هەڵسوڕێنەرو بەرپرسی ئەو پەیوەندییانەیە.

کەرتی یەکەمی ئەو کردارە لێکدراوانەی، کەدۆخی ڕێزمانیی بەرکارییان وەرگرتووە، دەشێت لەڕۆنانی بنجییاندا، فرێزێکی پریپۆزیشنی لەبەشی کرداریی (ڕەگی کردار) جیایان بکاتەوە، بێ ئەوەی کاریگەریی لەسەر پێدانی دۆخە ڕێزمانییە بەرکارییەکە هەبێت. لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە دۆخی ڕێزمانیی زگماکی، بەمەرجی خۆشکایەتی، یان حوکمکردنەوە پابەند نییە. واتە بنەماکانی تەرخانکردنی دۆخ، پێوەندیی بەدۆخی دروستەییەوە هەیە. بۆنموونە لەم ڕستانەی خوارەوەدا:

(38) ا- زاوڵەکە دەسش جە کارەباکی دا. (مناڵەکە دەستی لەکارەباکە دا).

ب- دارا ئارامش جە ئاسوی بڕی. (دارا ئارامی لەئاسۆ بڕی).




وەك لەهێڵكارييە كەدا د يارە، لەنێوان كەرتی یە كەمی كرداره كان وبە شی كردار يدا، فرێزێ كی پريپۆزيشنی هەيە، بێ ئەوەی ببێتە بەربەست لەڕێی ئەو دۆخە ڕێزمانييەدا، كەڕەگی كردارەكان بەفرێزە ناوييە بەركارەكانيان دەدەن. لەم چە شنە درو ستانەدا، ئە گەر ڕە گی كردار لە سەر بنەمای خو شكايەتی، حوكمی دۆخی ڕێزمانيی كەرتی يەكەمی بكردايە، دەبووايە لەبنجدا، لەهێڵكارييە درەختييەكەدا، هاو شانی بوە ستێت وگر يی (V) ە بەرزە كە بە سەرياندا زاڵ ب ێت. وەك لەهێڵكارييە كەدا ڕوونكراوە تەوە، كەرتی يە كەمی كرداره كەو (V) ەنزمە كە، دە ستە خو شكێكن و(V) ە بەرزە كە بە سەرياندا زا ڵە. ڕە گی كردارەكەيش، كەكەرتی دووەمی درو ستەكەيە، لە گەڵ فر ێزە پريپۆزي شنييەكەدا، دە ستە خو شكن وگر يی (V) ە نزمەكە بەسەرياندا زاڵە.

هەموو زمانێك چەند شوێنێكی لەڕ ستەدا هە يە، د ياريكردن وپ ێدانی مافی دە ستووری پێ يان، پ شت بەواتای كردار دەبەستێت. تەنها ئەو شوێنانە بەزۆر پڕدەكرێ نەوە، كە حوكمی دۆ خی ڕێز مانی دە كرێن. شوێنی تەواوكەری سەرپشكی، حوكمی دۆخی ڕێزمانی ناكرێت، لەبەرئەوە ئەو كەرە ستانەی لەم شوێنەدا دەردەكەون، لەشێوەی فرێزی پريپۆزيشنيدا دەبن.

كەرتی يەكەمی ئەو كرداره لێكدراوانەی بەيا سای پر يديكات بەر هەمهاتوون، ڕۆ ڵی بابەتا نەو دۆ خی ڕێزمانيـ يان ناب ێت، چونكە يە كەی سينتاك سی نين، هەروەك پێ شتر ڕوو نمانكردەوە. ڕۆڵ ودۆ خيش، تايبەتمەنديی يەكە سينتاكسييەكانەو بەوان دەدرێن.

بەگشتی زمانەکان لەڕوانگەی دۆخی ڕێزمانییەوە، بۆچوار کۆمەڵ پۆلدەکرێن:

أ- لەهەندێکیاندا، دۆخ دەبێت بەمۆرفیم ولەکۆتایی فرێزی ناوییدا دەردەکەوێت.

ب- هەیانە دۆخیان نابێت بەمۆرفیم و لەڕوانگەی مۆرفۆلۆژییەوە ناناسرێتەوە.

پ- دۆخ لەهەندێ زمانی وەکو ئینگلیز یدا، لە شکاندنەوەی فر ێزی ناویی خۆ یدا بەرجە ستە دەب ێت، وەك: He ⟶ Him.

ت- لەهەندێ زمانی تری وەکو عەرەبیدا، سەرو بۆرو ژێر بۆ فرێزەکان دادەنرێت. شێوەزاری هەورامی، سەر بەکۆمەڵی (ا، ب) یە.

## 7/2 لقکردنی کاتیگۆرییانە Sub Categorization:

تایبەتمەندییەکی سینتاکسی کردارەو بریتییە لەکردەی یەکگرتنی سەرێکی ڕێز مانی وکەرە ستەیەکی تەواوکەر، یان زیاتر، بۆبەرهەمهێنانی فرێزێکی کرداری [1].

کەوا تە ل قە کاتیگۆری یەکان تەنها ئا ماژە بۆ ئەو کەرە ستانە دە کەن، کە لەفرێزی کردار یدا، وەك تەواوکەرێك دەردەکەون، ئەمەیش هۆکارێکی یاریدەدەرە بۆ پۆلکردن وجیاکردنەوەی کردار، بەپێی جۆری تەواوکەرەکانیان وهیچ ئاماژەیەك بۆ بکەر ناکەن، چونکە هەموو کردارێك بکەرێکی هەیە (ڕێز مانی ب ێت، یان واتایی). بەواتایەکی تر، بکەر ئارگومێنتێکی دەرە کی کردارەو دە چێتە خا نەی ڕۆ نانی کاتیگۆری یەوە [2]، واتە فرێزێکی ناویی بەخورتی ڕستەیەو بەپێوەندییەکی ڕێزمانیی (بکەری) بەکردارەوە گر ێدراوە [3]. لەبەرئەوە پۆلکردنی کردار لەسەر بنەمای بوونی بکەر، کارێکی نەشیاوە.

کردارە لێکدراوە تێنەپەڕەکان، کەبەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بکەر پێکهاتوون، کەرتی دووەم یان (بە شی کرداری)، لە هەموو بارێکدا توا نای سازکردنی فر ێزی کرداری یان هە یە، لەبەر ئەوە لقکرد نی کاتیگۆریی ناکرێن. هەرچی کردارە لێکدراوە تێپەڕەکانیشە ، کەبەیاسای پریدیکات داڕێژراون وهەندێکیش لەوا نەیان، کەبەیا سای ڕۆ ڵی بابەتا نەی بەرکار ڕۆ نراون، بە شی کرداری یان بە تەنها ناتواذ ێت فرێزێ کی کرداری پێکبهێنێت، بۆیە هەندێك جۆر لەتەواوکەر هەڵدەبژێرن ولەگەڵیاندا یەکدەگرن.

### 1-7/2 جۆرەکانی لقکردنی کاتیگۆریی:

شەش جۆر لقکردنی کاتیگۆریی کردارە لێکدراوەکان دیاری دەکرێت:

1- ئەو کردارانەی بۆ فرێزێکی ناوی لقکردنی کاتیگۆریی دەکرێن:

کردراە لێکدراوە تێپەڕەکان، کە بەیا سای پر یدیکات دار ێژراون، داوای فرێزێ کی ناوی بۆ تەواوکردنی واتاکانیان دەکەن، واتە بۆ [Np] یەك لقکردنی کاتیگۆریی دەکرێن و ئەم سیمایەیان دەبێت : V, [-Np]

(1) URL: http: //www.Silewp/ 2006/ -006.html.

(2) Haegeman, (1999: 28).

(3) Trask, (1993: 25).

ئامادە کەرد (ئامادەکرد):

- دیلان پرسیارەکیش ئامادە کەردی.   (دیلان پرسیارەکانی ئامادە کرد).

فەراموش کەرد (فەرامۆش کرد):

- ئادی کیشەکەشا فەراموش کەرد.   ( ئەوان کێشەکەیان فەرامۆش کرد).

ڕیك وست (ڕێکخست):

- کناچەکی یانەکەش ڕیك وست.   (کچەکە ماڵەکەی ڕێکخست).

عقوبەدا (سزادا):

- کامەران داراش عقوبەدا.   (کامەران دارای سزادا).

2- ئەو کردارانەی بۆ فرێزی پریپۆزیشنی لقکردنی کاتیگۆریی دەکرێن:

هە ندێك لەکرداره لێ ـكدراوه تێ پەڕو تێنه پەڕەکان، بەپێی سرو شت وتایبەتمە ندیی کەر تەکانی یەکەمیان، بۆفرێزێکی پریپۆزیشنی، لقکردنی کاتیگۆریی دەکرێن وسیمای V, [-PP] وەردەگرن:

نەفرەتش کەرد (نەفرەتی کرد):

- ئیمە نەفرەتما جە پیا خرابی کەرد.   (ئێمە نەفرەتمان لە پیاو خراپ کرد).

سوودم هورگیرت (سوودم وەرگرت):

- من سوودم جە تو هورگیرت   (من سوودم لەتۆ وەرگرت).

بیزارەبیە/ بیزاربی (بێزار بوو):

- ئاد جە شمە بیزار بی.   (ئەو لەئێوە بێزار بوو).

پابەند بی (پابەند بوو):

- ئارام بەڕانماییەکاوە پابەند بی.   (ئارام بەرێنماییەکانەوە پابەند بوو).

حازر بی (ئامادە بوو):

- دڵشاد کوڕەکەنە حازر بی.   (دڵشاد لەکۆڕەکەدا ئامادە بوو).

پەشیمان بیانی (پەشیمان بوومەوە):

- من جە هەرمانەکی پەشیمان بیانی.   (من لەکارەکە پەشیمان بوومەوە).

گوشش شل کەرد (گوێی شل کرد):

- کامەران گوشش پەی قسەکاومن شل کەرد.   (کامەران گوێی بۆ قسەکانی من شل کرد).

3- ئەو کردارە لێکدراوانەی بۆفرێزێکی ناوی و فرێزێکی پریپۆزیشنی، لقکردنی کاتیگۆری دەکرێن:
ئەمجۆرە لقکرد نی کاتیگۆریی یە، تایبە تە به هه ندێك لەکردارە لێکدراوە تێ پەڕەکان، کە سیماکانیان بەمشێوەیە دەبێت: V, [-NP], [-PP]

پیشکەشکەرد (پێشکەشکرد):
- شیرزاد کتیبەکەش پیشکەش بەمن کەرد. (شێرزاد کتێبەکەی پێشکەش بەمن کرد).

- دارا نوزادش بەقسی ئازاردا. (دارا نوزادی بەقسە ئازاردا).

4- ئەو کردارە لێکدراوانەی بۆ لاڕستە(ڕستەی تەواوکەر)، لقکردنی کاتیگۆری دەکرێن، لەئەنجامدا کردارەکان سیمای V, [-S] یان دەبێت:

ئارەزووش کەرد (ئارەزووی کرد):
- pro ئارەزووش کەرد، pro بێو پەی ئیگەیە. (pro ئارەزووی کرد، pro بێت بۆئێرە).

هەستش کەرد (هەستی کرد):
- ئارام هەستش کەرد، کە pro (جە) تاقیکردنەوەکەنە بەرمەشو. (ئارام هەستی کرد، کە pro لەتاقیکردنەوەکەدا دەرناچێت).

ئاگادار به (ئاگادار بە):
- (تو) ئاگادار بە، pro نەلو. ((تۆ) ئاگادار بە، pro نەڕوات).

نیازش هەن (نیازی هەیە):
- ئالان نیازش هەن، pro سەرتا ونەدو/ دو ونە. (ئالان نیازی هەیە، pro سەرتان لێ بدات).

پیشنیازش کەرد (پێشنیازی کرد):
- ئاسو پیشنیازش کەرد، کە pro بلدی پەی سێرانی. (ئاسۆ پێشنیازی کرد، کە pro بچن بۆ سەیران).

5- ئەو کردارە لێکدراوانەی بۆ فرێزێکی ناویی وڕستەیەکی تەواوکەر، لقکردنی کاتیگۆری دەکرێن، واتە سیمای V, [-NP], [-S] وەردەگرن:
دڵنیا کەرد (دڵنیا کرد):
- نوزاد منش دڵنیا کەرد، کە pro هەرمانەکیم پەی جیبەجی کەرو. (نەوزاد منی دڵنیا کرد، کە کارەکەم بۆ جێبەجێ بکات).

ڕازی کەرد (ڕازی کرد):

- دارا ئارامش ڕازی کەرد، کە pro وانەکاش پەی بنویسو.   (دارا ئارامی ڕازی کرد، کە pro وانەکانی بۆ بنوسێت).

فێر کەرد (فێر کرد):

- هیوا زاوڵەکیش فێر کەردی، کە گرد سەعبیو وەرزش کەرا.   (هیوا منداڵەکانی فێرکرد، کە هەموو بەیانییەك وەرزش بکەن).

6- ئەو کرداره لێکدراوانەی بۆ فرێزێکی پریپۆزیشنی وڕستەیەکی تەواوکەر، لقکردنی کاتیگۆری دەکرێن، واتە سیمای V, [-PP], [-S] وەردەگرن:

موڵەتش دا (مۆڵەتی دا):

- ئامانج موڵەتش بەسۆرانی دا، کە pro هەرمانەکی تەمامنو.   (ئامانج مۆڵەتی بەسۆران دا، کە pro کارەکە تەواو بکات).

وەعدش دا (بەڵێنی دا):

- ڕزگار وەعدش بەمن دا، کە pro بێو پەی لایما.   (ڕزگار بەڵێنی بەمن دا، کە pro بێت بۆلامان).


ڕاش دا (ڕێگەی دا):

- ماموسا ڕاش بەخویندکارەکەی دا، کە pro ڕاپۆرتیو پیشکەش کەرو.      (مامۆستا ڕێگەی بەخوێندکارەکەدا، کە pro ڕاپۆرتێك پێشکەش بکات).

## 1/3 سەرەتا:

دوای دارشتنی دروستەی قووڵ، دووەم کردەی ڕێزمانی ، یاساکانی گواستنەوەن، کەبەسەر ئەو ئاستە نادیارەی ڕستەدا جێبەجێدەکرێن، بۆ ئەوەی دروستەی ڕووکەش بەرهەم بێت. (( ڕێبازی گواستنەوە دەتوانێت چەند ڕستەیەکی بەڕواڵەت جیاواز بخاتە پاڵ هەمان بنجەوە Deep structure و هەمان ڕستە بخاتە پاڵ چەند بنجێکی جیاوازەوە))[1].

واتە:




یاساکانی گواستنەوە، لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا، هەندێکیان لە هەندێکی تریان گرنگتر و پێویستترن، چونکە ڕستەی ڕێزمانی بەرهەم مدەهێنن و پێوەندیی سینتاکسیی نێوان کەرەستەکانی ڕستە بەئەنجام دەگەیەنن، لەبەرئەوە هەریەك پلە و بایەخیان نابێت.

لەم ڕوانگەیەوە یاساکان بۆ دوو کۆمەڵ پۆلکراون:

1.یاسا بەخورتییەکان:

ئەوانەن کە پێویستی سەرەکین و بێ جێبەجێکردنیان ، ڕستەی ڕێزماندروست لە دروستەی ڕووکەشدا بەرهەم نایەت، ئەم یاسایانە بوونەتە بەشێك لە زانیاریی زمانی ، کە بەشێوەیەکی زگماکی لای قسەکەری هەر زمانێك هەن، چونکە قسەکەر بۆ دەربڕینی بیر و گوزارشت کردن لە دەوروبەر ، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی، کار بەو یاسایانە دەکات.

2.یاسا سەرپشکییەکان:

پێویستیی سەرەکی نین و هیچ ڕۆڵێك لە سازکردنی پێوەندییە سینتاکسیەکاندا نابینن و بێ پیادەکردنیان، ڕستەی ڕێزماندروست لە دروستەی ڕووکەشدا دادەڕێژرێت. پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بدرێت کە هیچ گواستنەوەیەك بەبێ بوونی شوێنێکی بەتاڵ ڕوو نادات، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت کەرەستەیەکی بۆ بگوێزرێتەوە[2].

ژمارە و جۆری یاساکانی گواستنەوە بە گشتی، پەیوەندییان بە تایبەتمەندییەکانی زمانەوە هەیە و ڕێوەی بەندن. مەرج نییە کردەیەکی گواستنەوە کە لە زمانێکدا هەبوو، لە یەکێکی تریشدا

---

(1) د.وریا عمر امین، کۆواری کۆڕی زانیاری کوردستان، ژ. 3، (2005: 295).

(2) Cook and Newson, (1997: 194)

هەبێت[1].

دیاردەی گواستنەوەی بەشەکانی ڕستە لە چوارچێوەی ڕستەدا، یەکێکە لەو دیاردە ڕستەسازییانەی کە زۆربەی زمانانی جیهان تێیدا هاوبەشن.
لەناو ئەو زمانانەدا زمانی ئەڵمانی لەم ڕووەوە چالاکییەکی تەواو دەنوێنێت و پێش هەموو زما نەکانی تر دەکەوێت [2].

لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا، دوو چەشنی سەرەکیی گواستنەوە هەن[3]:

1. یاسای لەبریدانان (Substitution):

بەپێی ئەم یا سایە، کەرە ستەیەك لە ڕ ستەدا، لە جێکەو تەی خۆ یەوە بۆ جێکەوتە یەکی بەتاڵی تر دەگوێزرێ تەوە و بەهۆی ئەم کردەیە شەوە، دۆ خی ڕێز مانی لە جێکەو تە نوێیە کەدا وەردەگر ێت، یان دەبەخشێت. سێ جۆر لەم یاسایە دیاریکراون:

أ/ گواستنەوەی کردار (V-transformation)

ب/ گواستنەوەی کات و کەس (I-transformation)

پ/ گواستنەوەی فرێزی ناویی (NP-transformation)

2.یاسای هەڵواسین (Adjunction):

کەرە ستەیەکی ڕ ستە، دەهێنرێ تە سەرەتاوە ( پێش فر ێزی ناویی بـ کەر) و بە ڕ ستەکەدا هەڵدەواسرێت. ئەم یاسایەش بۆ پێنج چەشن دابەشکراوە:

أ/ گواستنەوەی فرێزی پرسیار ( WH-transformation)

ب/ گواستنەوە لە ڕستەی سەرجێناویدا.

---

(1) بۆنموونە لەزمانی ئینگلیزیدا چەند گواستنەوەیەك هەن، کە لەکوردیدا بەرچاو ناکەون، وەك:

1- گواستنەوەی پرسیار (Question transformation):

- John is writing. ⟶ Is John writing.

2- گواستنەوەی ئاوەڵناو (Adjective transformation):

- The picture on the wall was nice . ⟶ Nice was the picture on the wall.

3- گواستنەوەی شوێن (Temporal Locativev Trans.):

- A little angle stood outside. ⟶ Outside stood a little angle.

4- گواستنەوەی (There) (There – insertion trans.):

- A time comes. ⟶ There comes a time.

5- گواستنەوەی پارتیسپڵ (Participle trans.):

- The frog was squatting in the corner. ⟶ Sqatting in the corner was the frog.

6- گواستنەوەی (Imperative trans.):

- You will make the salad. ⟶ Make the salad.

بۆزانیاریی زیاتر، لەبارەی ئەم جۆرە گواستنەوانەی زمانی ئینگلیزی، بڕوانە نامەی ماستەری Wuria Ahmed Ameen (1999: 48- 81)

(2) ئەحمەد حسن فتح الله، (1990: 50)و ئەو سەرچاوەیەی لەوێدا سوودی لێ وەرگرتووە.

(3) Radford (2003).
Crystal (2003 : 444).

پ/ گواستنەوەی نەکردن (Negative purposing).

ت/ گواستنەوەی باسمەند (Topicalization –transformation).

ج/ یاسای فرتاندن (Deletion Rule).

لە کورد یدا، یا سای یە کەم وەك کردە یەکی گوا ستنەوە نی یە. وەك پێ شتر ڕوو نمانکردەوە لە ڕ ستەدا جێکەوتەی چەسپاو و نەگۆڕ هەن، کە لەلایەن کات و کەس، یان ڕە گی کردارەوە حوکم دە کرێن و دۆ خی ڕێزمانییان پێ دەدرێت. واتە لە کوردیدا، فرێزی ناویی بکەر و بەرکار بەبێ هیچ یاسایەکی گواستنەوە، لە جێکەوتەی خۆیاندا دۆخی ڕێزمانی وەردەگرن.

جێبەجێکردنی ئەم یاسایە خورتەکییە و لەو زمانانەدا بەرچاو دە کەوێت، کە ئارگۆمێنتەکانی کردار لە جێکەوتەی خۆیا ندا ناتوانن دۆ خی ڕێز مانی وەربگرن، یان کردار بۆ ئەوەی دۆ خی ڕێز مانی بدات، پێوی ستی بە گوا ستنەوە دەبێت. هەر چی یا سای هەڵواسینی شە، چە شنی یەکەمی(گوا ستنەوەی فر ێزی پرسیار) لە کوردیدا نییە ، چونکە (( درو ستەی ڕ ستەی پر سیار و دوو درو ستەی قووڵی ڕ ستەی کوردی وەك یەکن))[1]، واتە (( وشەی پرسیار لە ڕ ستەی ز مانی کورد یدا، هیچ جۆرە گوا ستنەوەیەکی بە سەردا نایەت و هەر لە بنەڕە تدا وەك هەر فرێزێکی تری ڕ ستە ، لە ئا ستی قووڵی ڕ ستەکەدا دێ تە کا یەوە و نیشانەکانی کردار لە فەرهەنگدا داوایدەکات.))[2].

گواستنەوەی نەکردنیش ، لە کورد یدا نی یە، چونکە لە بنەڕە تدا و بە زگماك دەر بڕاو نی یە، کە وا تای نەکردن بگەیەنێت و بتوانرێت بگوێزرێتەوە، بەڵکو نەکردن لە کوردیدا بەهۆی یا ساکانی (ز یاکردن)، یان (جێگرتنەوە) وە بەرهەمدێت.

## 3/ 2 یاسا بەخورتیەکانی گواستنەوە لە هەورامیدا:

### 3/ 2-1 گواستنەوەی کلیتیکی بکەری:

کرداره لێکدراوە تێپەڕەکان لە دروستەی قووڵدا، وەك هەموو کردارێکی تر، هەڵگری کلتیکی بکەریین، لە دروستەی ڕووکەشدا و لە ڕێژەی ڕابردوودا، یەکەم کردەی گواستنەوە کە بە خورتی لە سینتاکسی ئەمجۆرە کردارانەدا جێبەجێدەکرێت، گواستنەوەی کلیتیکی بکەرییە، بۆ فرێزی ناویی بەرکاری ڕاستەوخۆ. لێرەدا بەپێی چەشنی کردارەکان ، دیاردەکە ڕووندەکەینەوە:

أ/ ئەو کردارانەی بە یاسای پریدیکات ساز بوون:

لەم کردارا نەدا، کلیتی کی بکەری ، لە بە شی کردار یی ( کەرتی دووەم)ەوە، بۆ فر ێزی ناویی بەرکاری ڕاستەوخۆ ( بەرکاری سیمانتیکی) دەگوێزرێتەوە:

(1) أ- هیوا مڵکەکە ئاوی داش. (DS) ( هیوا باخەکە ئاودای).

ب- هیوا مڵکەکەش ئاوی دا. (SS) ( هیوا باخەکەی ئاودا).

---

(1)محەمەدی مەحوی، (197:2001).

(2) کاروان عومەر قادر، (2006: 26).

(2) أ- ئێمە زەڕ پاشەکۆت کەردما. (DS) ( ئێمە پارە پاشەکەوت کردمان).

ب- ئێمە زەڕما پاشەکۆت کەرد. (SS) ( ئێمە پارەمان پاشەکەوت کرد).

ب/ ئەو کردارانەی بە یاسای ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار داڕێژراون:

لەم کردارانەدا، کلیتیکی بکەری، لە کەرتی دووەمەوە بۆ کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکە دەگوازرێتەوە:

(3) أ- زاوڵەکە بازی داش. (DS) ( منداڵەکە باز دای).

ب- زاوڵەکە بازیش دا. (SS) ( منداڵەکە بازی دا).

(4) أ- ئادی جەنگ کەردشا. (DS) ( ئەوان شەڕ کردیان).

ب- ئادی جەنگشا کەرد. (SS) ( ئەوان شەڕیان کرد).

کردارە لێکدراوە تێپەڕەکان لە ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامیدا، دیاردەی گواستنەوەی کلیتیکی بکەری لە دروستەی ڕووکەشیاندا ڕوونادات، وەك لەم ڕستەیەی خوارەوەدا دیارە:

(5) أ- کە تو ئامای، من قسی کەرینی. (DS) ( کە تۆ هاتی، من قسەم دەکرد).

ب- کە تو ئامای، من قسی کەرینی. (SS)

هۆی ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە (( ڕابردووی بەردەوام لە هەورامیدا لە ڕەگی ڕانەبردووی کردار ساز دەکرێت))[1]، و گواستنەوەی کلیتیکی بکەریش، تایبەتمەندی ئەو کردارە تێپەڕانەیە، کە لە ڕەگی ڕابردوو داڕێژراون.

## 3/ 2-2 کۆپیکردن- لەبەرگرتنەوە ( Copy)[1]:

بەپێی ئەم یاسایە ، فرێزێکی ناوی لە ڕستەدا، لە ڕووی سیما ڕێزمانییەکانی ( کەس و ژمارە، یان ڕەگەز)ەوە کۆپی دەکرێت و لە جێکەوتەیەکی تردا دەردەکەوێت، کە دەبێتە جێگری فرێزەکە.

ئەو کەرەستانەی کۆپی دەکرێن، لە دوو شوێنی جیاوازی هەمان ڕستەدا دەردەکەون، کە لە دووەمیاندا (( شوێنی سەرەی فرێزە ناوییەکە دەگرێتەوە))[2]. واتە یاساکە بە دوو قۆناغ جێبەجێ دەکرێت:

أ/ لەبەرگرتنەوەی فرێزێکی ناوی.

ب/ جێگە گرتنەوەی فرێزە ناوییەکە، بەو فۆڕمەی لەبەری گیراوەتەوە [3].

لە هەورامیدا، فرێزی ناویی بکەر و بەرکار، بۆ ئاماژەکردن بەو پێوەندییە ڕێزمانییەی لەگەڵ کرداردا هەیانە، سیما ڕێزمانییەکانیان بە یاسای کۆپیکردن لە شێوەی مۆرفیمێکی بەندد ا بە کردار دەدەن.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بدرێت، کە فرێزی ناویی بکەر و بەرکار، سیما فەرهەنگییەکانیان بە کردار نادەن[4]. بەواتایەکی تر، لە هەورامیدا فرێزی ناویی بکەر لەگەڵ کردارە تێنەپەڕەکاندا و فرێزی ناویی بەرکار، لەگەڵ کردارە تێپەڕەکاندا، ڕێککەوتنێکی ئاشکرایان بۆ خەسڵەتەکانی کەس و ژمارە و

(1) محمد علی الخولی، ( 201-203:1977)

(2) مهدی مشکره الدینی، (166-1994)

(3) محمد علی الخولی، (202:1997)

(4) نعوم چومسکی، (97:1987)

ڕەگەز، بە یاسای کۆپیکردن هەیە.

لە دیاردەی ڕێککەوتنیشدا، کەرەستەی بە دەسەڵات و کەرەستەی بێ دەسەڵات هەن، بە دەسەڵاتەکە سیما ڕێزمانییەکانی، لە ڕێی کۆپیکردنەوە بەسەر بێ دەسەڵاتەکاندا دەسەپێنێت.[1]

### 3/ 2-2-1 کۆپیکردنی کەس و ژمارە:

ا/ کۆپیکردنی کەس و ژمارەی فریزی ناویی بەرکاری ڕاستەوخۆ و گواستنەوەی بۆ بەشی کرداری، لەو کردارە لێکدراوە تێپەڕانەدا، کە بەیاسای پریدیکات داڕێژراون:

لەم ڕستانەدا:

(6) ا- شیلانە کتیبەکیش دابەشی کەردی. ( شیلان کتێبەکانی دابەشکرد).

ب- ئارام بەرهەمەکیش وەڵێ کەردێ.[2] ( ئارام بەرهەمەکانی بڵاوکردەوە).

فرێزە ناوییەکانی (کتیبەکی، بەرهەمەکی)، بەرکاری ڕاستەوخۆی کردارە لێکدراوەکانن، لە فۆڕمی کەسی سێیەمی کۆدا (ی)، کۆپی کراون و بۆ کەرتی دووەمی کردارەکان ( بەشی کرداری) گوێزراونەتەوە.

لەو ڕستانەی سەرەوەدا ، ئەگەر کاتی کردارەکە ڕانەبردوو بوو، کلیتیکی بەرکاریی لەسەر بەشی کرداری دەرنا کەوێت، چونکە کلیتیکی بکەریی شوێنی کۆتایی کردار دەگرێت و بوار بە دەرکەوتنی کلیتیکە بەرکارییەکە نادات، وەك لە ڕستەکانی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:

(7) ا- شیلانە کتیبەکی دابەشی کەرو. ( شیلان کتێبەکان دابەش دەکات).

ب- ئارام بەرهەمەکی وەڵێ کەرووە. ( ئارام بەرهەمەکان بڵاودەکاتەوە).

ب- کۆپیکردنی کەس و ژمارەی کەرتی یەکەمی ئەو کردارە لێکدراوانەی بە یاسای ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار سازبوون و گواستنەوەیان بۆ بەشی کرداری:

(8) زاوڵەکە چەپڵەیش دێ ونە. ( منداڵەکە چەپڵەی لێدا).

(9) دارا قسیش کەردی (دارا قسەی کرد).

لە ڕستەکانی (8، 9)دا، هەر یەك لە فرێزە ناوییەکانی ( چەپڵی، قسی)، لە ئاخاوتنی شێوەزاری هەورامیدا، لە شێوەی ناوێکی کۆدا بەکاردەهێنرێن، واتە بە زگماك لە فۆڕمی کەسی سێیەمی کۆدا

(1) ڤیان سلێمان حاجی سلێڤانەیی، (29:2001)

(2)أ/ مۆرفیمی (ی) لەسەر کەرتی یەکەمی کردارەکان، کەس و ژمارەی بەرکار نییە، بەڵکو مۆرفیمی کۆیە، چونکە بەرکاری کۆ، مۆرفیمی کۆ بە کەرتی یەکەمی کردارەکان، کە ئەرکی پریدیکات دەبینن، دەدات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە یاسای کۆپیکردنی مۆرفیمی کۆ لەم بەشەدا.

ب/ (کەردێ)، بە مۆرفیمی (ێ) کۆتایی هاتووە، لەبەرئەوە کاتێك کەس و ژمارەی بەرکار وەردەگرێت، لەگەڵیدا دەرناکەوێت، واتە (کەردێ + ی ← کەردێ).

پ/ (وەڵا)، کاتێك مۆرفیمی (ی)ی کۆ وەردەگرێت، فۆڕمەکەی دەبێت بە (وەڵێ)، واتە (وەڵا+ی ← وەڵێ)

دەردەکەون و لە جێکەوتەی بەرکاردان، لەڕێی کۆپیکردنەوە سیماکانی کەس و ژمارەیان بە بەشی کرداری بەخشیوە.

لە سینتاکسی کردارە لێکدراوەکاندا، کۆپیکردنی کەس و ژمارەی فرێزی ناوی و گواستنەوەی بۆ کۆتایی کردار دیاردەیە کە تایبە تە بە کردارە لێکدراوە تێپەڕەکان ، چونکە فر ێزی ناوی لە کردارە لێکدراوە تێنەپەڕەکاندا لە ڕووی کەس و ژمارەوە ، کۆپی ناکرێن و ناگوێزرێنەوە بۆ کۆتایی کردار.

ئەمجۆرە گواستنەوەیە ، هەورامیی کردووەتە شێوەزارێکی ئێرگەتیڤی، چونکە (( ئەو زمانا نەی ڕێککەوتن تێیاندا لەنێوان بەرکار و کرداردا دەردەکەوێ، لە زانستی زماندا بە Ergative ناوبراون))[1].

## 2-2-2/3 کۆپیکردنی مۆرفیمی ڕەگەز (جنس):

ڕوونکردنەوەیەکی گشتی و پێویست:

ڕەگەز، کە تیگۆریەکی زگماکی (ناو)ە و یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی، لە زمانە هیندۆ ئەوروپی و سامییەکاندا، هیچ ناوێك بە بێ ڕەگەز بە بیری مرۆڤدا نایەت، لەهەندێ زماندا، وشە بە پێی واتاکەی، سەر بە ڕەگەزێك دەبێت، لە گەڵ ئەوەشدا ژمارە یەك زمان هەن، ( چینی ، تورکی، گورجی، فینوئۆگۆر،....)، ڕەگەزی ناوییان نییە.

لە زمانە هیندۆ ئەوروپاییەکاندا، کە تیگۆریی ڕەگەز وەك یەك دەرنابڕرێن و ڕێگەی گەیاندن و ژمارەیان وەکیەك نین، بۆ نموونە لە زمانەکانی لاتینی و گریکیی کۆن و ئەڵمانی و ڕووسیدا، سێ ڕەگەز هەن، ( نێرینە، ناوەڕاست، مێینە). لە ئینگلیزیدا ڕەگەز نییە، بەڵام پاشماوەی لە (He) و (She) دا دیارە. لە مێژووی زماندا ئەم کەتیگۆرییە، هی سەردەمی پێشکەوتنی زمانە، (بوداگەڤ) دەڵێت:

(( لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی کە تیگۆری ڕەگەز، ئەو ڕاستییانە دەردەخات، کە خاوەنی واتایەکی یەکجار ئاڵۆز و گرانە، واتە کۆمەڵە واتایەکی یەکجار ئاڵۆز و گران هاتوونەتە کایەوە و چوونەتە قاڵبێکی عادەتی کۆنەوە، کەسێ جۆریان لە یەکتر جیاکردۆتەوە، واتە بنجەکەی هی ئەمڕۆ نییە، و پاشماوەیە)).

کەتیگۆری ڕەگەز، وەك ئاشکرایە لە گەڵ دیاردە سروشتییەکاندا بەیەکەوە نەبەستراونەتەوە، بۆ نموونە ( پاسەوان) لە زمانی فەرەنسیدا مێینەیە، لە ڕووسیدا نێرینەیە، (ژن و کچ ) لە ئەڵمانیدا ڕەگەزەکەیان ناوەڕاستە، واتە بەو سوفیکسانە گەردان دەبن و لەمەیش گرنگتر ئەوەیە کە وشە بۆی هەیە لە تەمەنیدا ڕەگەزەکەی بگۆڕرێت، وەك ڕاستییە مێژووییەکان دەیسەلمێنن، بۆ نموونە ( جۆرێك لە جانتا، بوحەیرە، کۆتر)، هەموو ئەمانە لە سەرەتاوە مێینە بوون ، ئێستا لە ڕووسیدا نێرینەن، (مەدح) پێشتر لە ئەڵمانیدا نێرینە بووەو ئێستا مێینەیە، (فێڵباز) لە ئەڵمانیدا سەردەمێك نێرینە بووە ، بەڵام ئێستا مێینەیە.

---

(1) أ/ وریا عومەر ئەمین، (164:2004)

ب/ بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئێرگەتیڤ و جۆرەکانی، بڕوانە نامەی ماستەری (مزگین عبدالرحمن أحمد: 2006)

کەتیگۆری ڕەگەز لە سەرەتاوە تەنها تایبەت بووە بەناوی مرۆڤ و گیاندارانەوە، دوایی پەڕیوەتەوە بۆ شتی بێ گیان لە سروشتدا. ڕەگەز ئەو ناوو ئاوەڵناوانە بوون، کە پەیوەندییان بە مرۆڤ و گیاندارانەوە هەبووە، ناوەکانی تر، هیچ بنەمایەکی لۆجیکیان نییە، بۆ دابەشبوون بەسەر ئەو ڕەگەزانەدا، بوونی ڕەگەز پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە پۆلکردنی (ناو)ەوە هەیە و شانبەشانی پۆلکردنی گەردانی ناو ڕۆیشتووە[1]. لە هەورامیدا ڕەگەزی ناو بە شێوەیەکی ئاشکراو دیار، وەك تایبەتمەندییەکی شێوەزارەکە، لە دوو فۆڕمدا بەرچاو دەکەوێت: (ـە) بۆ مێ و (Ø) بۆ نێر.. هەرچەندە لە هەندێ باردا، بوار بە گۆڕینی مۆرفیمی (ـە) بۆ (ی) دەدرێت، بۆ ئەوەی ڕۆنانێك بۆ ڕەگەزی مێ لەهی نێر جیابکرێتەوە.

لە سینتاکسی کردارە لێکدراوەکاندا مۆرفیمی ڕەگەز لە فرێزی ناویی بکەر، یان بەرکارەوە بۆ بەشی کرداری، یان هەردوو کەرتی کردارەکە دەگوێزرێتەوە، بەمشێوەیەی خوارەوە:

أ/ گواستنەوەی مۆرفیمی ڕەگەز لە فرێزی ناویی بکەرەوە بۆ کەرتەکانی کردارە لێکدراوە تێنەپەڕەکان، کە بەیاسای پریدیکات سازبوون و بکەرەکانیان لە ڕووی کەس و ژمارەوە تاکن:

| | بکەری مێ | بکەری نێر | |
|---|---|---|---|
| (10) | أ- من نەوەشە کۆتا. | من نەوەش کۆتا. | (من نەخۆش کەوتم). |
| | ب- من نەوەشە گنوو[2]. | من نەوەش گنوو. | (من نەخۆش دەکەوم). |
| (11) | من نەوەشە کۆتینا[3]. | من نەوەش کۆتەنا.[4] | (من نەخۆش کەوتووم). |
| | من نەوەشە کۆتیبینی. | من نەوەش کۆتەبینی. | (من نەخۆش کەوتبووم). |

ب/ گواستنەوەی مۆرفیمی ڕەگەز لە کەرتی یەکەمەوە بۆ کەرتی دووەم، لەو کردارە لێکدراوە تێنەپەڕانەدا، کە بە یاسای ڕۆڵی بابەتانەی بکەر ڕۆنراون:

---

(1) بۆ ئەو ڕوونکردنەوە و زانیارییانەی سەرەوە، سوودم لە چاوپێکەوتنی ( د.فارووق عومەر سدیق ،2008/4/15 ) وەرگرتووە.

(2) لە هەریەك لە ڕستەکانی10(أ، ب) دا، مۆرفیمی ڕەگەزی مێ لەسەر بەشی کرداری دەرنەکەوتووە، چونکە کلیتیکی بکەری لەسەر بەشی کرداری هەیە و دەنگێکی ڤاوڵە، لە کوردیشدا دوو ڤاوڵ بەدوای یەکدا نایەن.

(3) لە ڕستەی (11) دا، مۆرفیمی ڕەگەزی مێ، گۆڕاوە بۆ (ی) بۆ ئەوەی داڕشتنی کردارەکە بۆ نێر و مێ جیاواز بێت، دیاردەی گۆڕینی مۆرفیمی (ـە) بۆ (ی) لەو ئاوەڵناوەیشدا بەدی دەکرێت، کە بە مۆرفیمی (ـە) کۆتاییان هاتووە و کەرتی یەکەمی کردارێکی وەك (بی:بوو) یان پێکهێناوە، وەك:

- ئاد تووڕە بی. - ئادە تووڕی بیە. (ئەو تووڕە بوو)

هەروەها ئەم دیاردەیە لەو ئاوەڵناوانەیشدا بەرچاو دەکەوێت، کە بە مۆرفیمی (1)کۆتاییان هاتووە و بوونەتە دەرخەری ناوێکی مێ، وەك : شۆتی چیا (شیری سارد)، ئاوی چیا+ی ← ئاوی چیێ (ئاوی سارد)

بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە دیاردەی گۆڕینی مۆرفیمی ( ـە)ی مێ بۆ (ی)، بڕوانە : (واتا ڕێزمانییەکانی کردارە لێکدراوەکان لەم نامەیەدا).

(4) مۆرفیمی (ـە) لەسەر کرداری (کۆتەنا)، بۆئاسانی گۆکردن هاتووەتە ئاراوەو مۆرفیمی ڕەگەز نییە.

بکەری مێینە:

(12)   أ- پەکەش کۆتە.   (پەکی کەوت).

ب- ڕووەش سیاوە بیە.   (ڕووی ڕەش بوو).

بکەری نێرینە:

(13)   أ- نەهەش کۆت   (ناوکی کەوت).

ب- گیانش بەرشی.   (گیانی دەرچوو).

پ/ گوا ستنەوەی مۆرفیمی ڕە گەز لە فر ێزی ناویی بەرکاری لۆجیکی یەوە، بۆ کەر تەکانی کرداره لێکدراوەکان، کە بە یاسای پریدیکات بەرهەمهاتوون و کەرتەکانی یەکەمیان ئاوەڵناون:

(14)   أ- من کوڕەکەم ڕۆزگار کەرد.   ( من کوڕەکەم ڕزگار کرد).

ب- من کناچەکیم ڕۆزگارە کەردە.   ( من کچەکەم ڕزگار کرد).

ت/ گواستنەوەی مۆرفیمی ڕەگەز لە فرێزی ناویی بەرکاری لۆجیکیەوە ، بۆ کەرتی دووەم(بە شی کرداری) لەو کردارانەدا، کە بە یاسای پریدیکات پێکهاتوون و کەرتەکانی یەکەمیان ناون:

(15)   أ- دارا دەرسەکەش پیشکەش کەرد.   ( دارا وانەکەی پێشکەش کرد).

ب- دارا شیعرەکیش پیشکەش کەردە.   ( دارا شیعرەکەی پێشکەش کرد)

لە هەورامیدا، وشەی (دەرس) لە ڕووی ڕەگەزەوە نێرە و (شیعر)یش مێیە، لەبەر ئەوە یەکەمیان مۆرفیمی ڕەگەزی نێری داوە بە (کەرد)، کە (Ø) ەو دووەمیشیان مۆرفیمی ڕەگەزی مێی داوەتێ کە (ــە)یە.

ج- گواستنەوەی مۆرفیمی ڕەگەز لە کەرتی یە کەمی کرداره لێکدراوە تێپەڕەکا نەوە، کە بە یا سای ڕۆ ڵی بابەتانەی بەرکار سازبوون، بۆ کەرتی دووەم:

(16)   أ- هیوا هەرمانەکەیش کەردە.   ( هیوا کارەکەی کرد).

ب- دارا نماش کەردە.   (دارا نوێژی کرد).

پ- هیمن قەسەمش وارد.   ( هێمن سوێندی خوارد).

ناوە کانی (هەرما نە و نما)، لە هەورامـیدا لە ڕووی ڕە گەزەوە مێن، بەڵام قە سەم (نـێرە)، لە بەر ئەوە هەریەکەیان بەپێی ڕەگەزەکانیان ، لە ڕ ێی یا سای کۆپیکرد نەوە ، مۆرفیمی ڕە گەزیان بە کەرتی دووە می کردارەکان بەخشیوە.

کەواتە کەرتی یەکەمی کرداره لێکدراوەکان، کە بە یاسای ڕۆڵی بابەتانەی بکەر، یان بەرکار داڕێژراون، کەرەستەیەکی بە دەسەڵاتن، چونکە توا نای بەخـشینی سیما ڕێزمانیـیەکانیان بە بە شی کرداری هە یە و بەشی کردارییش لەم ڕوانگەیەوە، کەرەستەیەکی بێ دەسەڵاتە.

لە هەورامیدا، هاونیشانەیی و ڕێککەوتنی بکەر، یان بەرکار لە گەڵ کرداردا، بۆ د یاریکردن و نا سینەوەی ئەو دوو فرێزە و جیاکردنەوەیان لە کەرەستەکانی تری ڕستە، ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت، بۆ نموونە لەم ڕستانەدا:

(17)   تو ڕۆحت شی.   (تۆ ڕۆحت چوو).

(18)   تو پەکەت کۆتە.   (تۆ پەکت کەوت).

هەریەك لە فرێزەكانی (ڕۆح، پەكە)، لە ڕووی كەس و ژمارە و ڕەگەزەوە لەگەڵ كردارە كانی ( شی،كۆتە)دا، كە تێنەپەڕن، ڕێككەوتوون و هاونیشانەن، كەواتە بكەری ڕستەكانن.
فرێزە ناوییەكانی (تو) لە هەردوو ڕ ستەكەدا، هیچ پەیوەند یەكی ڕێككەوتن، یان هاونیـشانەییان لە گەڵ كردارەكاندا نیە، لەبەرئەوە بكەری ڕستەكان نین. بەهەمان شێوە:

(19) pro نماش كەردە. (pro نوێژی كرد).

Pro كیشەكەش فەراموش كەرد. (Pro كیشەكەی فەراموش كرد).

فرێزەناوییەكانی (نما، كیشەكە)، لە ڕووی كەس و ژمارە و ڕەگەزەوە، لە گەڵ كرداری ( كەرد)، كە تێ پەڕە، ڕێككەوتوون و هاونیشانەن و لە جێكەو تەی بەركاریـشدان، لەبەر ئەوە بە بەركاری كردارە كان دادە نرێن، چونكە مەر جەكانی بەركارییان جێ بەجێ كردووە. كەوا تە لە هەورام یدا، لە ڕواڵ گەی یا ساكانی گواستنەوەوە، دەتوانرێت پێناسەی بكەر و بەركار بەمشێوەیە بكرێت:
ب كەر و بەركار، ئەو فر ێزە ناوییا نەن، كە یە كەمیان لە گەڵ كردارێ كی تێنە پەڕ و دووەم یان لە گەڵ كردارێ كی تێ پەڕدا، پێوە ندیی ڕێك كەوتنیان هە یە و بە یا سای كۆپیكردن سیما ڕێزمانیـ یەكانیان پێبەخشیون.

## 3/ 2-2-3 كۆپیكردنی مۆرفیمی كۆ:

أ/ كردارە لێكدراوە تێنە پەڕەكان، كە كەر تەكانی یە كەمیان ئاوەڵناون و بە یا سای پر یدیكات دارِ ێژراون، ئە گەر ب كەرەكانیان لە ڕووی كەس و ژ مارەوە كۆ بوون، ئەوا مۆرفیمی كۆ (ی) بە كەرتی یە كەمی كردارەكان دەدەن، وەك لە ڕستەكانی خوارەوەدا دیاردەكە نیشاندراوە:

| | | |
|---|---|---|
| (20) | أ- ئیمە نەوەشی كۆتیمی. | ئیمە نەوەشی گنمی. |
| | (ئێمە نەخۆش كەوتین). | (ئێمە نەخۆش دەكەوین). |
| | ب- شمە نەوەشی كۆتیدی. | (شمە نەوەشی گندی). |
| | (ئێوە نەخۆش كەوتن). | (ئێوە نەخۆش دەكەون). |
| | پ- ئادی نەوەشی كۆتی. | (ئادی نەوەشی گنا). |
| | (ئەوان نەخۆش كەوتن). | (ئەوان نەخۆش دەكەون). |

ب/ كردارە لێكدراوە تێپەڕەكان:
لە كردارە لێكدراوە تێپەڕەكانیشدا، كە كەرتەكانی یە كەمیان ئاوەڵناون و بە یا سای پر یدیكات، سازبوون، ئە گەر بەركارەكانیان فرێزێ كی ناویی كۆ بوون، ئەوا مۆرفیمی كۆ (ی) بە كەرتی یە كەمی كردارە كان دەدەن:

| | | |
|---|---|---|
| (21) | أ- ئیمە ئادیما ڕۆزگاری كەردی. | ئیمە ئادیشا ڕۆزگاری كەرمی. |
| | ( ئێمە ئەوانمان ڕزگاركرد). | ( ئێمە ئەوان ڕزگار دەكەین). |
| | ب- ئیمە شمەما ڕۆزگاری كەردیدی. | ئیمە شمە ڕۆزگاری كەرمی. |
| | ( ئێمە ئێوەمان ڕزگاركرد). | (ئێمە ئێوە ڕزگاردەكەین). |

| | |
|---|---|
| پ- شمە ئیمەتا ڕۆزگاری کەردیمی. | شمە ئیمە ڕۆزگاری کەردی. |
| ( ئێوە ئێمەتان ڕزگارکرد). | (ئێوە ئێمە ڕزگار دەکەن). |

### 3-2/3 جێگۆڕکێی مۆرفیمەکانی (ئەنە -)، (ئەرە -) لە پێش کردارەوە بۆ دوای کردار:

لە شێوەزاری هەورامیدا، مۆرفیمەکانی (ئەنە -، ئەرە-)، وەك پێشگرێکی بنجی کردارو لە فەرهەنگدا تۆمارکراون و کەوتوونەتە نێوان کەرتەکانی کردارە لێکدراوە فەرهەنگییەکا نەوە، لە فۆڕمی سینتاکسیی کردارەکاندا، بۆ کۆتایی بەشی کرداری جێگۆڕکێ دەکەن، واتە دەبن بە پاشگر و شوێنی کۆ تایی درو ستەکە دەگرن:

| | فۆڕمی فەرهەنگیی کردار | فۆڕمی سینتاکسی کردار |
|---|---|---|
| أ/ (ئەنە -): | سەرە ئەنەکەردەی. (سەر تێکردن) | سەرەش کەردەنە. (سەری تێکرد) |
| | ئێر ئەنە وەردای. (ئاگر تێبەردان) | ئێرش وەردانە. (ئاگری تێبەردا) |
| | بەرگ ئەنە گیرتەی. (بەرگ تێگرتن) | بەرگش گیرتەنە. (بەرگی تێگرت) |
| ب/ (ئەرە -): | چەم ئەرە گیرتەی. (چاو داگرتن) | چەمش گیرتەرە. (چاوی داگرت) |
| | سەرە ئەرەوستەی. (سەر داخستن) | سەرەش وستەرە. (سەری داخستن) |

### 4-2/3 جێگۆڕکێی مۆرفیمی ڕێزمانیی ( - ۆ):

لە درو ستەی فەر هەنگیی کردارە لێکدراوەکا ندا، مۆرفیمی ڕێز مانیی ( - ۆ)، وەك پا شگرێك بەپا شی کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکانەوە دەردەکەوێت، بەڵام لە دروستەی سینتاکسییەکانیاندا جێگۆڕ کێ بۆ پاش کەرتی دووەمی کردارەکە دەکات:

| دروستەی فەرهەنگی | دروستەی سینتاکسی |
|---|---|
| وردۆ بیەی. (وردبوونەوە) | وردۆ بیۆ. (ورد بۆوە). |
| سیاۆ ۆ بیەی. (ڕەش بوونەوە) | سیاۆ بیۆ (ڕەش بۆوە). |
| دوورۆ کۆتەی. (دوور کەوتنەوە) | دوور کۆتۆ. (دوور کەوتەوە). |
| ویرۆ کەردەی. (بیر کردنەوە) | ویرم کەردۆ. (بیرم کردەوە). |
| وی سوورۆ کەردەی. (خۆ سوور کردنەوە) | ویش سوور کەردۆ. (خۆی سوور کردەوە) |

واتە مۆرفیمی ڕێز مانیی ( - ۆ)، لە درو ستەی قوو ڵدا، بەپا شی کەرتی یە کەمی کردارە لێکدراوەکەوە یە، بەڵام لە درو ستەی ڕووکە شدا، بۆ پا شی کەرتی دووەم جێگۆڕ کێ دە کات، وەك لە ڕ ستەکانی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

(22) ئارام جەمن دوورۆ کۆت. (DS) ( ئارام لەمن دوور کەوتەوە).
ئارام جەمن دوور کۆتۆ. (SS)
ئارام جەمن دوور گنوۆوە[1]. ( ئارام لەمن دوور دەکەوێتەوە).

(23) من ویرۆ کەردم. ( من بیر دەکەمەوە)

من ویرم کەردۆ. (من بیرم کردەوە ).

من ویر کەروۆ. ( من بیر دەکەمەوە).

### 5-2/3: گۆڕینی پێشگرە فەرهەنگی و مۆرفۆسینتاکسییەکانی کردار، بۆ پریپۆزیشینی سینتاکسی:

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەو کردارە لێکدراوانەی بە شی کرداری یان مۆرفیمەکانی (پنە، و نە، چنە، پورە)[2] یان وەکو پێشگر، یان کەرەستەیەکی بنجی لەگەڵ دایە، لە سینتاکسدا داوای فرێزێکی ناویی بۆ تەواوکردنی واتاکانیان دەکەن، ڕەگی کردار کە سەری ڕێزمانیی فرێزی کردارییە، تەنها حوکمی دۆخی ڕێزمانیی فرێزی ناویی بەرکاری پێ دەکرێت و ناتوانێت ڕۆڵ و دۆخی ڕێزمانی بەو کەرەستانەیش بدات، کەوەك تەواوکەر لەناو فرێزی کرداریدان، لەم بارەدا بۆ ئەوەی ڕستەی ناڕێزمانی بەرهەم نەیەت، و هەموو کەرەستەکان حوکم بدرێن و دۆخێکی ڕێزمانی یان هەبێت، پێشگرە بنجییەکەی کردار بۆ پریپۆزیشن دەگۆڕێت و لەگەڵ فرێزە ناوییە تەواوکەرەکەدا، یەکدەگرێت و فرێزێکی پریپۆزیشنی دادەڕێژێت، کە لەلای ڕاستەوە بۆ لای چەپ، حوکمی دەکات و دۆخی ڕێزمانیی داتیڤی دەداتێ، بۆ نموونە لەم ڕستەیەدا:

(24) أ- من بەرگ کتیبەکە ئەنەگیرتم. (من بەرگ کتێبەکە تێگرتم).

لە دروستەی ڕووکەشدا سەرەتا بە پێی یاسای کلیتیك گوێزانەوە، جێگۆڕکێ بە کلیتیکی بکەریی دەکرێت و بە بەرکاری ڕاستەوخۆ وە دەلکێنرێت و دەرکردەی دەبێت بە:

ب- من بەرگم کتیبەکە ئەنە گیرت. ( من بەرگم کتێبەکە تێگرت).

فرێزی ناویی کتێبەکە لە دروستەی قووڵدا و لە شوێنی دروستەییدا، سەرێکی حوکمکەری نییە، کە دۆخی ڕێزمانیی داتیڤی بداتێ. هەرچەندە کرداری (ئەنەگیرتم)، کردارێکی تێپەڕی دوو هێزە، بەڵام دەتوانێت تەنها هێزێکیان بخاتە کارو ناتوانێت دۆخی ڕێزمانیی داتیڤیش بە فرێزی ناویی دووەم (کتیبەکە) بدات، لەبەر ئەوە پێشگرە پریپۆزشنەکەی کردار بۆ پریپۆزیشن دەگۆڕێت، بۆ ئەوەی ببێتە سەرێکی حوکمکەر بۆ (کتیبەکە) و دۆخی ڕێزمانیی بداتێ:

پ/ من بەرگم جە کتیبەکەی گیرت.

بەمجۆرە لە فرێزی پریپۆزیشنی (جە کتیبەکەی ) دا، دۆخی ڕێزمانیی دروستەیی لەلایەن پریپۆزیشنی (جە)وە، بە فرێزی ناویی (کتیبەکە) دەدرێت[3]. ئەمەش چەند نموونەیەکی ترە لەو بارەیەوە:

(25) أ- چەمم دارا پنە کۆت. (چاوم دارا پێ کەوت). ب- چەمم بە دارای کۆت. (چاوم بە دارا کەوت).

---

(1) مۆرفیمی ڕێزمانیی ( - ۆ)، لەم بارەدا لەژێر کاریگەریی کلیتیکی بکەریی کەسی سێیەمی تاك (و) دا، دەبێت بە (وە).

(2) Maccarus(1958: 75)، ڕای وایە، مۆرفیمەکانی (لێ، پێ، تێ) لە شێوەزاری سلێمانیدا،کە بەرامبەر بە (ونە،چنە،پنە،پورە)لە هەورامیدا ڕادەوەستن، لە ڕستەدا لەگەڵ کلیتیکی بەستراوەدا دێن.

(3) بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەم چەشنە دۆخ بەخشینە، بڕوانە: (محەمەدی مەحوی و نەرمین عومەر، 2004:107)

(26) أ- وەرم دارا پورە کۆت. (خەو دارا لێ کەوت).

ب- وەرم جە دارای کۆت. (خەو لە دارا کەوت).

(27) أ- زاوڵەکە دەس کارەبا ونەداش. (منداڵەکە دەست کارەبا لێیدا).

ب- زاوڵەکە دەسش کارەبا ونەدا. (منداڵەکە دەستی کارەبا لێ دا).

پ- زاوڵەکە دەسش جە کارەبای دا. ( منداڵەکە دەستی لە کارەبادا).

وەك لە ڕستەکاندا دەردەکەوێت، لە کردارە لێکدراوە تێنەپەڕەکاندا، لەسەر ئاستی ڕووکەش یەکەم کردەی گواستنەوە، گۆڕینی مۆرفیمەکانی (پنە، چنە، ونە، پورە)یە بۆ پریپۆزیشنەکانیان.

لە کردارە لێکدراوە تێپەڕەکاندا یەکەم کردەی گوێزانەوە، گواستنەوەی کلیتیکی بکەریە بۆ سەر فرێزی ناویی بەرکار، پاشان لەسەر ئاستی ڕوو کەشی دووەمدا، مۆرفیمەکان بۆ پریپۆزیشنەکان دەگۆڕرێن.

### 6-2/3: گواستنەوەی بە خورتیی بەرکاری لۆژیکی بۆ جێکەوتەی پریدیکات:

لە هەندێ لەو کردارە لێکدراوە تێپەڕانەی بە یا سای پریدیکات سازبوون، کەرتی یە کەم بەخورتی داوای بەرکار وەك دەر خەرێك دە کات، وا تە فرێزی ناویی بەرکار بۆ شوێنی پریدیکات دەگوێزرێ تەوە و بەیاریدەی مۆرفیمی خاوەنداریی (و) لەگەڵیدا فرێزێکی خستنەپاڵی خاوەنداری بەرهەم دەهێنێت، وەك لە ڕستەکانی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

(28) أ- ئیمە دوژمنما پەلامار دا. (ئێمە دوژمنمان پەلاماردا).

ب- ئادی هەژارەکەشا یارمەتی دا. ( ئەوان هەژارەکانیان یارمەتی دا).

پ- دارا هیمنیش بەروك گیرت. (دارا هێمی بەرۆك گرت).

(29) أ- ئیمە پەلامارو دوژمنیما دا. (ئێمە پەلاماری دوژمنمان دا).

ب- ئادی یارمەتیو هەژارەکەیشا دا. (ئەوان یارمەتی هەژارەکەیان دا).

پ- دارا بەروکو هیمنیش گیرت. ( دارا بەرۆکی هێمنی گرت).

بەرکار کاتێك لە شوێنی چەسپاوی خۆیەوە، جێگۆڕکێ دەکات و دەبێتە دەرخەری پریدیکات، خەسڵەتی ڕێزمانیی بەرکاریی لەدەستدەدات و ڕێککەوتنی لەگەڵ کرداردا، لە ڕووی سیما ڕێزمانییەکانی کەس و ژمارە و ڕەگەزەوە نامێنێت. ئەم دیاردە یەش بە تایبەتمەندییەکی گرنگی بەرکار لەم جۆرە کردارە لێکدراوانەی هەورامیدا دادەنرێت، بۆ نموونە لەم ڕستانەدا:

(30) أ- ڕزگار ئیمەش دەس بڕیمی. (ڕزگار ئێمەی دەست بڕی).

ب- دارا ئادیش ئاوەڕوو بەردی. (دارا ئەوانی ئابڕوو برد).

(31) أ- ڕزگار دەسو ئیمەش بڕی. (ڕزگار دەستی ئێمەی بڕی).

ب- دارا ئاوەڕوو ئادیشا بەردە. (دارا ئابڕووی ئەوانی برد).

لە ڕستەکانی (30/أ، ب)دا، فرێزە ناوییەکانی (ئیمە، ئادی) بەرکاری لۆژیکین و لە شوێنی بنەڕەتی خۆیاندان و لە ڕووی کەس و ژمارەوە، لەگەڵ بەشی کرداریی کردارە لێکدراوەکاندا ڕێککەوتوون. لە ڕستەکانی (31/أ، ب)دا، ئەو فرێزە ناوییانە جێگۆڕکێیان کردوە و بوونەتە دەرخەری کەرتی یەکەمی کردارەکان و بەهۆی ئەم دیاردەیەشەوە، توانای ڕێککەوتنیان لەگەڵ بەشی کرداریی کردارە لێکدراوەکاندا

نەماوە. دیاردەی جێگۆڕکێی بەرکار و بوونی بە دەرخەری پریدیکات، دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرکارێکی تر، ( بەرکاری ڕێز مانی) لە ڕستەکەدا، چونکە لە ئەنجامی جێ بەجێکردنی ئەو کارەدا، پریدیکات جێکەوتەی بەرکاری لۆژیکی پڕدەکاتەوە و لەڕووی کەس و ژمارە و ڕەگەزەوە لەگەڵ بەشی کرداریی کردارە لێکدراوەکەدا ڕێکدەکەوێت و دەبێتە بەرکاری دووەم. کەواتە لەو ڕستانەدا، کە ئەم چەشنە گواستنەوەیەیان تێدا ڕوودەدات، دوو جۆر بەکار لە ئارادا دەبن:

1. بەرکاری سیمانتیکی (لۆژیکی): بەپێی ڕۆڵی بابەتانەی کردار داوا دەکرێت و بەرکارێکی ئاساییە، وەك هەموو ڕستەیەك، کە کردارێکی تێپەڕی بنەڕەتیی تێدا بێت،

2. بەرکاری ڕێز مانی: لە ئەنجامی جێگۆڕکێدا دێتە ئاراوە و لە بنەچەدا کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکەیە و پێشتر هیچ ڕۆڵێکی بابەتانەی پێ نەدراوە، بەڵام دوای جێگۆڕکێکە، دۆخی ڕێز مانیی بەرکاری وەردەگرێت، چونکە هەر کەرەستەیەك شوێنی دروستەیی بەرکاری لۆجیکی پڕ بکاتەوە، لەلایەن ڕەگی کردارەوە حوکم دەکرێت و دۆخی ڕێز مانیی بەرکاریی پێ دەبەخشرێت، هاوکات لەو شوێنەدا پریدیکاتە کە ( کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوە کە) لەگەڵ بەشی کرداریدا ڕێك کەوتووە. و سیما ڕێزمانییەکانی ( کەس و ژمارە و ڕەگەز) ی بەسەردا سەپاندووە. لە ڕستەی (31- أ)دا، پریدیکاتی (دەس) لە هەورامیدا لە ڕووی ڕەگەزەوە نێرە و لە ڕووی ژمارەیشەوە تاکە، ئەم سیمایانەش لە هەورامیدا بە مۆرفیمی سفر ( Ø ) دەگەیەنرێن، بۆیە لە سەر بەشی کرداریی کردارە لێکدراوەکە ، سیما ڕێزمانییەکانی پریدیکاتەکە، بوونێکی بەرجەستەییان نییە. بەڵام لە ڕستەی (31- ب) دا، ( ئاوەڕوو) مێیە و لە ڕووی کەس و ژمارەیشەوە تاکە، لەبەر ئەوە لە سەر بەشی کرداریی، سیمای مێیەتی پریدیکاتەوە دەرکەوتووە، کە بە مۆرفیمی (ـە) گوزارشتی لێ کراوە.

لە ڕستەکانی (31/ أ، ب)دا، کەرەستەکانی (دەس، ئیمە) لەگەڵ ( ئاوەڕوو، ئادیشا) هەریەکەیان دوو ڕۆڵ دەبینن (لۆجیکی، ڕێزمانیی). ( ئیمە، ئادیشا) لە لۆجیکدا بەرکاری سیمانتیکین و لە ڕێزماندا دەرخەرن، هەربەو شێوەیە ( دەس، ئاوەڕوو) لە لۆجیکدا پریدیکاتی کردارەکانن و لە ڕێزماندا بەرکاری ڕێزمانیین.

کەواتە لە سینتاکسی کردارە لێکدراوە تێپەڕەکاندا، کە بەیاسای پریدیکات داڕێژراون ، بەرکاری سیمانتیکی لە شوێنی چەسپاوی خۆیدا، توانای بەخشینی سیما ڕێزمانییەکانی بۆ کردارهەیە و لە دەرەوەی شوێنەکەیدا، ناتوانێت لەگەڵ بەشی کرداریی کردارە لێکدراوەکەدا ڕێك بکەوێت.

## 7-2/3: یاسای بە جێناوی خۆییکردنی بەرکار[1]:

بە پێی ئەم یاسایە، ئەگەر بکەر و بەرکار لە ڕستەدا هەرئەو کەس و ژمارەیەیان هەبوو، واتە ناوێك دوو فرێزی جیاوازی پێکهێنا، ئەوا فرێزی ناوی دووەم بۆ جێناوێکی خۆیی دەگۆڕرێت. لە ئەنجامی ئەم گۆڕانەشدا، جێناوە خۆییەکە و کردارەکە پێکەوە، دروستەی کردارێکی لێکدراو پێکدەهێنن.

(32) أ- تۆ توت کوشت. (تو توت کوشت).

---

(1) سەلام ناوخۆش، (2005:68) ئەم یاسایە بە( یاسای بەکارهێنانی جێناوی خۆیی) ناودەبات و دەڵێ: (( ئەگەر بکەر و بەرکار ئاماژە=

ب- تو ويت كوشت.          (تۆ خۆت كوشت).

(33) أ- من من هيلاك كەروو.        ( من من هيلاك دەكەم).

ب- من ويم هيلاك كەروو.        (من خۆم هيلاك دەكەم).

زۆر جار ياساى (بە جێناوى خۆيى كردن)، بە (جێگرى) ناو دەبرێت، بەو پێيەى كەرەستەيەك، جێگەى كەرەستەيەكى تر لە ڕستەدا دەگرێتەوە[1].

بەواتايەكى تر لە ڕێزمانى گواستنەوەدا و بە پێى تيۆرى ستاندارد، ئەگەر لە ڕستەيەكدا فرێزێكى ناويى لە دوو شوێندا و بە دوو ڕۆڵى سينتاكسى جياوازەوە دەركەوت، (ئەركى بكەرى و بەركارى) لە يەك كاتدا بينى، ئەوا فرێزى ناويى دووەم پێويستە بە پێى كەس وژمارەكەى، بە جێناوێكى خۆيى بگۆڕرێت، كەواتە جێناويى خۆيى دواى پيادەكردنى ياسايەكى گواستنەوە دێتە ئاراوە[2].

## 3/3: گواستنەوە سەرپشكييەكان:

### 1-3/3 گواستنەوەى باسمەند (تۆپيكاليزەيشن Topicalization):

ديارده يەكى سينتاكسييە، كە تێيدا، هەندێ كەرەستەى ڕستە لە شوێنى بنەڕەتى و چەسپاوى خۆيانەوە، دەجوڵێن و دەهێنرێنە سەرەتاى ڕستە، ( پێش بكەر)، كە لە كورديدا بە شوێنى ( باس) دادەنرێت، ئەو كەرەستەيەى تێيدا دەردەكەوێت، هيچ گۆكردنێكى ڕێزمانيى نابێت، چونكە ئەم شوێنە لە بنەڕەتدا، هى ئەركە ڕێزمانييەكان نييە، لە بەر ئەوە كەرەستەى دەركەوتوو ئەركێكى وەك ( باس، topic) لەم شوێنەدا دەبينێت[3].

ئەو كەرەستانەى لە سينتاكسى كردارە لێكدراوەكاندا، وەك باس دەهێنرێنە سەرەتاى ڕستەوە :

ڕوونكردنەوەيەكى گشتى:

هەورامى، وەك شێوەزارى سلێمانى، هەموو فرێزە ناوييەكانى لە پێش كردارەوە ڕيز دەكات، ڕيزبوونى بنەڕەتيى فرێزەكان لە دروستەى قوولدا و جێگۆڕكێى ئازاديان، لە دروستەى ڕووكەشدا، كە سنووريان بۆ دانراوە و جوولانەوەكەيان ديار يكراوە، ئاماژە و نيشانەى ئاشكران بۆ گرنگى پاراميتەرى ئاراستە و ڕووى پێدانى لايەنە بابەتييەكان و بە خشينى دۆخى ڕێزمانى[4].

---

= بۆ يەك كەس بكەن، ئەوا بە بەكارهێنانى جێناوى خۆيى پێويست دەبێ))، بۆ نموونە:

ئازاد ئازاد دەكوژێ.  ئازاد خۆى دەكوژێ، لەبرى بەركار دەبێ جێناوى خۆيى بەكاربێت. لە بارى ئاوادا ئەگەر جێناوى خۆيى بەكارنەيەت، ڕستەيەكى ناڕێزمانى دروست دەبێت.

(1) ڤيان سلێمان حاجى سلێڤانەيى، (2001:20)

(2)بۆ زانياريى زياتر، بڕوانە: Amin (70:1979)

(3) ا- محمد معروف فتاح (32:1992)، ديارده‌ى تۆپيكاليزەيشن بە ئاستى پراگماتيكەوە دەبەستێتەوە.

ب- بۆ زانيارى زياتر لەبارەى ئەم جۆرە گواستنەوەيە بە گشتى، بڕوانە: Trask(1993: 280)

پ- بۆ زانياريى زياتر لەبارەى ئەم جۆرە گواستنەوەيە لە كورديدا، جگە لە سەرچاوەى أ بڕوانە:

1.نامەى ماستەرى (كاروان عومەر قادر، 2006).

2.نامەى دكتۆراى ( حاتەم وليا محمد، 150:2006-152).

(4)محەمەدى مەحوى (133:2001).

فرێزە ناوییەکان لە دروستەی قووڵدا، ڕۆڵە بابەتییەکان و لە دروستەی ڕووکەشدا دۆخە ڕێزمانییەکان، وەردەگرن، لە بەر ئەوە دەتوانن لە دروستەی ڕووکەشدا بە ڕۆڵ و دۆخەکانیانەوە، بۆ سەرەتای ڕستە بگوێزرێنەوە. لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بدرێت، کە فرێزەکانی ڕستە، سنوور بۆ گواستنەوەکان دیاری دەکەن و مەرج نییە، هەر فرێزێك کە خاوەنی دۆخ و ڕۆڵی ڕێزمانی بێت، لەسەر دروستەی ڕووکەش بواری جێگۆڕکێی بە سەربەستی هەبێت، بۆ نموونە فرێزی بەرکاری ڕاستەوخۆ، ڕۆڵ و دۆخی ڕێزمانیی بەرکاریی هەیە، بەڵام (( لە بەر پارامیتەری ئاڕاستە و ڕوو و بەهۆی پاڵێوەری دۆخی ڕێزمانییەوە، ناتوانرێت لە شێوە فەرهەنگییە تەواو پڕەکەیدا، جێگۆڕکێی بۆ پشت کردار پێ بکرێت و بخرێتە پشت کردارەوە))[1].

## 1-1-3/3: بەرکاری ڕاستەوخۆی لۆجیکی:

لە هەورامیدا بەرکاری ڕاستەوخۆی کردارە لێکدراوە تێپەڕەکان، کە بە یاسای پریدیکات سازبوون، لە دروستەی ڕووکەشدا و لە ڕێژەی ڕابردووی کرداردا، هەرچەندە لە شوێنی دروستەیی خۆیاندا بوونیان هەیە، بەڵام بە خورتی کراون بە کلیتیك و بۆ بەشی کرداریی دروستە لێکدراوەکە گوێزراونەتەوە. واتە کلیتیکی بەرکاری لە هەورامیدا لە ئەنجامی بە کلیتیك کردنی بە خورتی بەرکاری ڕاستەوخۆ بەرهەم دێت، بێ ئەوەی هیچ شوێنپێیەك، لە ڕستەکەدا بەجێ بهێڵێت. واتە کلیتیکەکە و بەرکارە ڕاستەوخۆکە (کە لە شێوەی فۆڕمی فەرهەنگیدایە)، هاونیشانە دەبن و کلیتیکەکە نابێتە ڕێگر و بەربەست، لە ئاست دەرکەوتنی بەرکار لە فۆڕمی تەواوی فەرهەنگیدا، بە واتایەکی تر کلیتیکی بەرکاریی لەم بارەدا بە بێ ویست و ئارەزووی قسەکەر بەرهەمهاتووە.

کاتێك بەرکاری ڕاستەوخۆ بۆ شوێنی باس دەگوێزرێتەوە، لە دوای خۆی تەنها شوێنپێیەك بەجێ دەهێڵێت، کە لەگەڵ کلیتیکەکەدا هاونیشانە بن. واتە لەم دیاردەیەدا بەرکاری پێشخراو، لەگەڵ شوێنپێ و کلیتیکەکەی، کە لەناو کرداردایە، هاونیشانە دەبن:

(34) أ- ئیمە شمەما ڕۆز گاری کەرد یدی. ( ئێمە ئێوەمان ڕزگار کرد). (کلیتیکی بەرکاری)

ب- من هەرمانەکیم جیبەجی کەردی. ( من کارەکانم جێبەجێ کرد).

(35) أ- شمە، ئیمە t ڕۆزگاریما کەردیدی. ( ئێوە، ئیمە t ڕزگارمان کردن) کلیتیکی (بەرکاریی+ باسمەند)

ب- هەرمانەکی، من t جیبەجیم کەردی. (کارەکان، من t جێبەجێم کردن).

بەرکاری ڕاستەوخۆ لەبەر ئەوەی بەشە پێکهێنێکی فرێزی کردارییە، کاتێك وەك باس دەهێنرێتە پێشەوە، دەبێت کلیتیکێك لەجیاتیی، لەناو فرێزە کردارییەکەدا دابنرێت. بەڵام لە هەورامیدا وەك پێشتر ڕوونمانکردەوە، بەرکاری ڕاستەوخۆ لە ڕستەی ئاساییدا، بەخورتی کراوە بە کلیتیك و شوێنێکی بەتاڵی لەناو بەشی کرداریدا پڕکردووەتەوە، لەبەر ئەوە کاتێك وەك باس دەبرێتە پێشەوە، پێویستی بە کلیتیك نابێت. واتە لە هەورامیدا ڕستەی باسمەندی بەرهەمهاتوو بە هێنانە پێشەوەی بەرکاری ڕاستەوخۆ، تەنها

---
(1) محەمەدی مەحوی (133:2001).

به جێبەجێ کردنی یاسایەکی گوێزانەوە دادەڕێژرێت[1]. لەبەرئەوە لە هەورامیدا کلیتیکی بەرکاریی، کە ئەرکی ڕێککەوتنی بەخورتیی بەرکار و کردار لە ڕووی کەس و ژمارەوە جێبەجێ دەکات، هاوکات کلیتیکی (باسمەند)یشە.

## 2-1-3/3: کەرتی یەکەمی کرداره لێکدراوە تێپەڕەکان، کە بە یاسای ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار داڕێژراون:

ئەم چەشنە کردارانە لە ڕووی واتاوە بۆ دوو کۆمەڵ پۆل دەکرێن:

أ/ هەندێکیان واتا یەکی میتافۆڕی دەگەیەنن، هەر چەندە کەرتەکانی یەکەمیان ڕۆڵ و دۆخی ڕێزمانیی بەرکارییان وەرگرتووە، لە گەڵ ئەوەشدا توانای هێنانە پێشەوەیان بۆ سەرەتای ڕستە نییە، وەك لە ڕستەکانی خوارەوەدا، ڕوونکراوەتەوە:

| | | |
|---|---|---|
| (36) | أ- کوڕەکە قەسەمش وارد. | (کوڕەکە سوێندی خوارد). |
| | ب- کریکارەکی مانشا گیرت. | (کریکارەکان مانیان گرت). |
| | پ- من سوودم جەتو هورگیرت. | ( من سوودم لەتۆ وەرگرت). |
| (37) | *أ- قەسەم، کوڕەکە t واردش. | ( سوێند کوڕەکە t خواردی). |
| | *ب- مان، کریکارەکی t گیرتشا. | ( مان، کرێکارەکان t گرتیان). |
| | *پ- سوود، من t جەتو هورم گیرت. | ( سوود، من t لەتۆ وەرم گرت). |

ب/ کۆمەڵێکی تریان بۆ واتای فەرهەنگیی کردارەکە بەکارهاتوون، کەرتەکانی یەکەمیان بە ڕۆڵ و دۆخە ڕێزمانییەکانیانەوە، توانای هێنانە پێشەوەیان هەیە، وەك لە ڕستەکانی خوارەوەدا دیارە:

| | | |
|---|---|---|
| (38) | أ- ئارام قسیش کەردی. | ( ئارام قسەی کرد). |
| | ب- دارا جەنگش کەرد. | ( دارا شەڕی کرد). |
| | پ- هیوا نانش وارد. | (هیوا نانی خوارد). |
| | ت- کاروان هەرمانەکیش کەردە. | ( کاروان ئیشەکەی کرد). |
| (39) | أ/ قسی، ئارام t کەردیش. | ( قسە، ئارام t کردی). |
| | ب- جەنگ، دارا t کەردش. | ( شەڕ، دارا t کردی). |
| | پ- نان، هیوا t واردش. | (نان، هیوا t خواردی). |
| | ت- هەرمانەکی، کاروان t کەردەش. | ( ئیشەکە، کاروان t کردی). |

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بوترێت، کە دیاردەی هێنانە پێشەوەی کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکان، تایبەتە بەو کردارانەی کە بە یاسای ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار داڕێژراون، بە مەرجێك بە فۆناغی واتا خواستندا نەڕۆیشتبن.

---

(1) لە شێوە زاری سلێمانیدا، فرێزی ناویی بەرکاری ڕاستەوخۆ، کاتێك وەك باس دەهێنرێتە پێشەوە، لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیەدا هاوکات دەکرێت بە کلیتیك، چونکە لە فۆڕمی کلیتیکدا دەئاخنرێتە ناو کردارەوە، واتە لەیەك کاتدا دوو پرۆسە جێبەجێدەکرێت، پرۆسەی تۆپیکالیزەیشنی بەسەر پشکی، لەگەڵ پرۆسەی بەکلیتیککردنی بەخورتەکی، ئەمەیش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شێوەزاری سلێمانی، کە لەهەورامی جیای دەکاتەوە، بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (تارا موحسن قادر، 66:2004).

## 3-1-3/3 شوێنپێ (Trace) :

له دروستەی ڕووکه شی ڕستەدا، ئەو کەرەستانەی له جێکەوتەی چەسپاو و بنەڕەتییا نەوە بۆ شوێنێکی تر دەگوێزرێنەوە، شوێنپێیەك لەدوای خۆیان بەجێدەهێڵن[1]، کە لەگەڵیا ندا هاونیشانە دەبن ( co-indexing). ئەمەیش بە تایبەتمەندییەکی دروستەی ڕووکەش دادەنرێت، چونکە له دروستەی قووڵدا شوێنپێ دەرناکەوێت، له ڕۆنانی سەرەوەی رستەدا پێویستە ئاماژەیەك بۆ ئەو کەرەستانە هەبێت کە دەگوێزرێنەوە، بۆ ئەوەی لێکدانەوەی واتایی و دەنگسازیی ڕستە نەشێوێت[2].بۆ نموونە له ڕستەی:

(40) أ/ تەلەبەکی ئاهەنگو جەژنە و نەوروزیشا کەردە. ( خوێندکارەکان ئاهەنگی جەژنی نەورۆزیان کرد).

دەشێت ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەکە بەمجۆرەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

ب- ئاهەنگو جەژنەو نەوروزی، تەلەبەکی t کەردەشا. (ئاهەنگی جەژنی نەورۆز، خوێندکارەکان t کردیان).

(t) ئاماژە بۆ جێکەوتەیەکی چەسپاو دەکات، کە فرێزی ناویی ( ئاهەنگو جەژنە و نەوروزی) لێیەوە گوێزراوەتەوە، بۆ شوێنێك له سەرەتای ڕستە ( پێش بکەر) و هەردووکیان هەر ئەو نیشانەیەیان هەیە.کەرەستەی گوێزراوە، دەبێتە ئاماژە بۆ شوێنپێکەی و دەیبەستێتەوە، بەمەیش تایبەتمەندییەکانی دیاریدەکات، چونکە بە پێی تیۆری (GB):

1.شوێنپێ حوکم دەکرێت. 2.ئەو فرێزەی شوێنپێکە دەبەستێتەوە، له شوێنێکی بابەتانەدا نییە[3].))

بەواتایەکی تر، ئەو شوێنە بەتاڵەی پێکهێنێك بە جێیدەهێڵێت، هەر لەلایەن ئەو پێکهێنەوە له شوێنێکی تردا دەبەسترێتەوە[4].دوو جۆر شوێن دیاریکراون، کە له سنووری ڕستەکەدا کەرەستەیان تێدا دەردەکەوێت:

1. شوێنی A: (A-Position)

ئەو شوێنەیە، کە بە ئارگومێنتێکی وەك بکەر، بەرکار، فرێزی ناویی پریپۆزیشنی پڕدەبێتەوە، وا تە جێکەوتەی چەسپاوی فرێزەکانی ڕستەیە، کە له کوردیدا ڕۆڵی بابەتانەو دۆخی ڕێزمانییان پێ دەدرێت،بۆ نموونە له ڕستەی:

(41) - ئاسۆ یانە دروس کەرو. ( ئاسۆ خانوو دروست دەکات).

شوێنی هەریەك له فرێزەکانی ( ئاسو، یانە) شوێنیAن.

2.شوێنی A (A-Position)

شوێنی هیچ ئارگومێنتێك نییە، لەگەڵ ئەوەشدا فرێزێکی ناوی، یان پریپۆزیشنی، ..... هتد، تێدا دەبینرێت، بۆ نموونە له ڕستەکانی:

---

(1) Chomsky, (1986a: 342).

(2) سەرچاوەی پێشوو، 112.

(3) Chomsky, (1986: 56).

(4) حاتەم ولیا محمد ( 129:2006).

(42) أ- دارا دوژمنەکیش دلینە بەردی.                ( دارا دوژمنەکانی لەناو برد).

ب- کامەران هەرمانەکیش بە کۆمپیوتەر کەردە.      ( کامەران ئیشەکانی بە کۆمپیوتەر کرد).

(43) أ- دوژمنەکی، دارا t دلینەش بەردی.              ( دوژمنەکان، دارا t لەناوی بردن).

ب- هەرمانەکی، کامەران t بە کۆمپیوتەر کەردەش.  ( ئیشەکان، کامەران t بە کۆمپیوتەر کردی).

فرێزە ناوییەکانی ( دوژمەنەکی، هەرمانەکی)، لە ڕستەکانی (43- ا، ب)دا، لە شوێنی بکەر، یان بەرکاردا نین، لە بەر ئەوە بەو شوێنانە دەوترێت ( A)، کە لەم شوێنانەدا کەرەستەی جووڵاو و پێشخراو لە کورد یدا، ڕۆڵی بابەتا نە و دۆخی ڕێزمانی یان پێ نادرێت، چونکە پێشتر وەر یانگرتووە و بەوا نەوە گوێزراونەتەوە. ئەم چەشنە گوا ستنەوەیە بە (A-movement) ناودەبرێت، وا تە کەرەستەیەک لە شوێنی ئارگومێنتێکەوە بۆ شوێنی نا ئارگومێنتێك دەگوێزرێتەوە[1]، لە تیۆری حوکم کردن و بەستنەوەدا، چەند جۆرێك شوێنپێ دیاریکراون، لەوانە شوێنپێی فرێزی ناوی ( NP-trace) و وشەی پرسیار ( Wh-trace) لە زمانی ئینگلیزیدا[2].

لە کوردیدا بە گشتی دوو چەشن شوێنپێ هەن:

1. فرێزی ناوی:

(44) أ- کناچەکی ژوورەکەش پاك کەردۆ.        ( کچەکە ژوورەکەی پاك کردەوە).

ب- ژوورەکە، کناچەکی t پاکش کەردۆ.    ( ژوورەکە، کچەکە t پاکی کردەوە).

(NP-trace)

2. فرێزی پریپۆزیشنی:

(45) أ- هیوا داوا و کتیبەکەیش جەمن کرد.          ( هیوا داوای کتێبەکانی لەمن کرد).

ب- جەمن، هیوا داوا و کتیبەکەیش t کەرد.         ( لەمن، هیوا داوای کتێبەکەی t کرد).

(PP-trace)

لە ڕستەکانی (44- ب) و(45- ب)دا، شوێنپێکانی ( ژوورەکە) و (جەمن) لە لایەن هەریەك لەو فرێزا نەوە حوکم دەکرێن، ڕێسای کاتیگۆری بەتاڵ (Empty Categary principle)، کە ڕێسایەکی تیۆری حوکم کردنە، داوای شوێنپێیەك دەکات، کە بە تو ندی لەلا یەن کاتیگۆری یەکی فەرهەنگی، یان هاونیشانەوە[3] حوکمکرابێت.

---

Haege man, (1999: 218).(1)

Trask, (1993:280). (2)

Crystal, (1991:122). (3)

### 4-1-3/3: ناو یان جێناوی دەرخەری خاوەنێتی، لە فرێزە خاوەندارییەکاندا:

**یەکەم: ئەو فرێزە خاوەنداریيانەی کە بەشە پێکهێنێکی کردارە لێکدراوەکانن:**

وەك پێشتر ئاماژە مان پ‌ێدا، کەرتی یە کەمی ئەو کردارە لێکدراوا نەی بەیا سای ڕۆ ڵی بابەتا نەی بکەر داڕێژراون، دروستەی فرێزێکی خاوەندارییان هەیە، دەتوانر ێت بە سەرپ‌شکی دەر خەر تێیا ندا وەك کەرەستەیەکی باس بهێنرێتە پێشەوە:

| | | |
|---|---|---|
| (46) | أ- پەشتو من مەڕیا. | ( پشتی من شکا). |
| | ب- گیانو نەوەشەکەی بەرشی. | ( گیانی نەخۆشەکە دەرچوو). |
| | پ- ڕۆحو زاوڵەکەی شی. | (ڕۆحی منالّەکە چوو). |
| (47) | أ- من، پەشتم مەڕیا. | ( من، پشتم شکا). |
| | ب- نەوەشەکە، گیانش بەرشی. | ( نەخۆشەکە، گیانی دەرچوو). |
| | پ- زاوڵەکە، ڕۆحش شی. | ( منالّەکە، ڕۆحی چوو). |

دەرخەری خاوەنێتی، کە دەهێنرێتە پێشەوە، شوێنپێ لە دوای خۆی بەجێناهێڵێت، بەڵکو تەنها کلیتیك لە شوێنی خۆیدا بەجێیدەهێڵێت. دەرخەرەکانی ( من، نەوەشەکە، زاوڵەکە) لە ڕستەکانی ( أ،ب،پ)دا، هیچ گۆکردنێکی ڕێزمانییان نابێت.

**دووەم: ئەو فرێزە خاوەنداریيانەی لە دروستەی کردارە لێکدراوەکاندا نابنە بەشێك:**

ئەم چەشنە فرێزانە، کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکان نین، وا تە سەربەخۆن و تەنها ئەرکی بکەر لە ڕستەدا دەبینن، وەك لە ڕستەکانی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

| | | |
|---|---|---|
| (48) | أ- کوڕەکە و تو نەوەش کۆت. | (کوڕەکەی تۆ نەخۆش کەوت). |
| | ب- دەسو زاوڵەکەی سڕبی. | (دەستی منالّەکە سڕبوو). |
| (49) | أ- تو، کوڕەکەت نەوەش کۆت. | ( تۆ، کوڕەکەت نەخۆش کەوت). |
| | ب- زاوڵەکە، دەسش سڕبی. | (منالّەکە، دەستی سڕبوو). |

کلیتیکی خاوە نداری، دوای جێ‌بەجێکردنی یا سایەکی گوێزا نەوە، لە سەر داڕ شتەی فۆنۆ لۆجیی ڕ ستەکان دەردەکەون.

وەك لە ڕستەکانی (49- ا، ب) دا دیارە، ئەو کەرەستەیەی وەك باس هێنراوەتە پێشەوە، هاوکات بەخورتی کراوە بە کلیتیکی دەرخەری، واتە لەیەك کاتدا دوو کردەی ڕێزمانی جێبەجێکراوە:

1. گواستنەوەی سەرپشکی دەرخەرە خاوەندارییەکە. 2. بەکلیتیککردنی بەخورتی دەرخەرەکە.

### 5-1-3/3 گواستنەوەی فرێزی پریپۆزیشنی:

فرێزە پریپۆزیشنییەکان، سەری ڕێزمانیی تایبەت بەخۆیان لەگەڵدا یە، کە پریپۆزیشنە و دۆ خی ڕێزمانیی داتیڤی بە فرێزە ناوییەکەی دەدات. لەبەر ئەوە توانای گواستنەوەیان بۆ شوێنی باس هە یە.وەك پێشتر ڕوونمانکردەوە، لە سینتاکسی کردارە لێکدراوەکاندا، دوو جۆر فرێزی پریپۆزیشنی دەردەکەون:

1.ئەوانەیان، کە بەشێکی بنەڕەتی و بنجیی کردار نین:

(50) أ- ئاسو كتيبەكەش پیشکەش بەمن کەرد. (ئاسۆ کتێبەکەی پێشکەش بەمن کرد).

ب- دارا ڕیخنەش جە هیوای گیرت. (دارا ڕەخنەی لە هیوا گرت).

پ- من جە هەرمانەکی پەشیمان/پەشیمانە بیانی. (من لە کارەکە پەشیمان بوومەوە).

(51) أ- بەمن، ئاسو كتيبەكەش پیشکەش t کەرد. ( بەمن، ئا سۆ کتێبە کەی پێ شکەش t کرد).

ب- جە هیوای، دارا ڕیخنەش t گیرت. (لەهیوا، دارا ڕەخنەی t گرت).

پ- جە هەرمانەکی، من t پەشیمان/پەشیمانە بیانی. (لەکارەکە، من t پەشیمان بوومەوە).

ئەم چەشنە فرێزە پریپۆزیشنانە، توانای گواستنەوەیان بۆلای چەپی ڕ ستە، وا تە دوای کردار هە یە، وەك لە ڕستەکانی خوارەوەدا دیارە:

(52) أ- ئاسۆ كتيبەكەش پیشکەش کەرد، بەمن.

ب- دارا ڕیخنەش گیرت، جە هیوای.

پ- من پەشیمانە بیانی، جە هەرمانەکی.

2. ئەو فرێزە پریپۆزیشنانەی بەشە پێکهێنێکی بنجیی کردارن:

ئەم جۆرە فرێزانە ، لە ڕووی لۆجیکەوە ڕێیان پێ نادرێت، بۆ شوێنی باس بگوێزرێنەوە، چونکە قسەپێکەرانی زمان، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاریان ناهێنن، وەك :

(53) أ- چەمش بەمن کۆت. (چاوی بەمن کەوت).

ب- زاوڵەکە دەسش جە کتیبەکا دا. ( منالّەکە دەستی لە کتێبەکان دا).

پ- کامەران ڤینیش جە هیمنی بی. ( کامەران ڕقی لە هێمن بوو).

(54) ⋆أ- بەمن، چەمش کۆت. (بەمن، چاوی کەوت).

⋆ب- جە کتیبەکا، زاوڵەکە دەسش دا. ( لە کتیبەکە، منالّەکە دەستی لێدا).

⋆پ- جە هیمنی، کامەران ڤینیش بی. ( لە هێمن، کامەران ڕقی بوو).

ئەم چەشنە فرێزە پریپۆزیشنانە، توانای گواستنەوەیان بۆلای چەپ ( کۆتایی ڕستە) هەیە:

(55) أ- چەمش کۆت بەمن. (چاوی کەوت بەمن).

ب- زاوڵەکە دەسش دا جە کتیبەکا. ( منالّەکە دەستی دا لە کتیبەکان).

پ- کامەران ڤینیش بی جە هیمنی. ( کامەران ڕقی بوو لە هێمن).

دیاردەی نەهێنانە پێشەوەی فرێزە پریپۆزیشنییەکان، کە بەشێکی بنجی و زگماکی کردارن، دەبێتە خاڵی جیاوازییان، لەگەڵ ئەوانەی ، کە کردارە لێکدراوەکان بۆ تەواوکردنی واتاکانیان داوایان دەکەن. ( لقکردنی کاتیگۆرکی کراون).

ئەمجۆرە گواستنەوەیە، لەهەندێ سەرچاوەدا، بە گواستنەوەی داتیڤ (Dative Movement) ناو دەبرێت[1] .

---

(1) Givon (1976:6).

### 6-1-3/3 گواستنەوەی بکەر:

بکەری کرداره لێکدراوه تێپەڕەکان، کە بە یاسای پریدیکات، یان ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار سازبوون، دەشێت ناوێکی کۆی ناسراو یان جێناوێکی سەربەخۆی کۆ بن و وشەیەکی ڕادە، وەك دەرخەر لە پێشیانەوە هاتبێت. لەم بارەدا دەتوانرێت فرێزی ناویی بکەر بۆ شوێنی باس بهێنرێتە پێشەوە، لەم دیاردەیەدا کلیتیکێك بە دەرخەرەکەی دەدات، بێ ئەوەی شوێنپێ لەدوای خۆی بەجێبهێڵێت:

(56) أ- گرد خویندکارەکا سوودشا جە ماموسای هورگیرت. (هەموو خوێندکارەکان سوودیان لە مامۆستا وەرگرت).

ب- گرد ئادیشا یارمەتیو منشا دا. ( هەموو ئەوان یارمەتی منیان دا).

(57) أ- خویندکارەکی، گردشا سوودشا جە ماموسای هورگیرت. ( خوێندکارەکان، هەموویان سوودیان لە مامۆستا وەرگرت).

ب- ئادی، گردشا یارمەتیو منشا دا. ( ئەوان، هەموویان یارمەتی منیان دا).

### 2-3/3 یاسای جێگری:

بەپێی ئەم یاسایە، کەرەستەیەك لە ڕستەدا، جێگەی کەرەستەیەکی تر دەگرێتەوە. لە هەورامیدا نەرێکردنی ئەو کرداره ڕانەبردووانەی ، کە مۆرفیمی ( م) لە ڕۆنانیاندا بەشدارە، بە پیادەکردنی ئەم یاسایە دەبێت، وەك لەم ڕستانەدا، خراونەتە ڕوو:

(58) أ- دارا نان موەرو. (دارا نان دەخوات).

ب- ڕزگار کاتو ویش بەفیڕو مدو. (ڕزگار کاتی خۆی بە فیڕۆ دەدات).

پ- هیوا بەڵێنی بەمن مدو، هەرمانەکیم پەی کەرو. (هیوا بەڵێنی بەمن دا، ئیشەکەم بۆ بکات).

(59) أ- دارا نان مەوەرو. (دارا نان ناخوات).

ب- ڕزگار کاتو ویش بەفیرو مەدو. (ڕزگار کاتی خۆی بەفیڕۆ نادات).

پ- هیوا بەڵێنی بەمن مەدو، هەرمانەکیم پەی کەرو. (هیوا بەڵێن بەمن نادات، کارەکەم بۆ بکات).

### 3-3/3 زیادکردن/ فراوان کردن (Expanision):

بەپێی ئەم یاسایە، دەتوانرێت لە دروستەی ڕووکەشدا، ڕستە لە ئاستی ئاسۆییدا، بەپێی ویست و ئارەزووی قسەکەر، کەرەستەی بۆ زیادبکرێت و فراوان بێت.

### 1-3-3/3 زیادکردنی دەرخەر:

کەرتی یەکەمی هەندێك لە کرداره لێکدراوەکان، بەسەر پشکی دەتوانن دەرخەر وەربگرن، یان داوای فرێزێکی پریپۆزیشنی بکەن، لە ئەنجامدا لەبەشی کرداریی ( کەرتی دووەم) جیا دەبنەوە، وەك لە ڕستەکانی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

(60) أ- زاوڵەکە گەمە کەرو. (مناڵەکە یاری دەکات).

ب- کامەران هەوڵ مدو. (کامەران هەوڵ دەدات).

پ- کوڕەکە قەسەمش وارد. (کوڕەکە سوێندی خوارد).

(61) أ- زاوڵەکە گەمە و تۆپانی کەرو. (منداڵەکە یاری تۆپێن دەکات).

ب- کامەران هەوڵی چاك مدو. (کامەران هەوڵی چاك دەدات).

پ- کوڕەکە قەسەمی درویش وارد. (کوڕەکە سوێندی درۆی خوارد).

## 2-3-3/3 زیادکردنی مۆرفیمەکانی نەرێکردن:

لە هەورامیدا، ئەم کردارانەی خوارەوە بە یاسای زیادکردن نەرێ دەکرێن:

أ- کرداری ڕابردوو:

(62) أ- کاروان کتیبەکەش دەس کۆت. (کاروان کتیبەکەی دەست کەوت).

ب- کاروان کتیبەکەش دەس نە کۆت. (کاروان کتیبەکەی دەست نەکەوت).

ب- هەموو کردارێکی ڕانەبردوو ، بەمەرجێك مۆرفیمی (م-) وەك نیشانەی کرداری ڕانەبردوو، لە ڕۆنانیدا نەبێت:

(63) أ- هیوا تەماشەو ڕەسمەکا کەرو. (هیوا تەماشای وێنەکان دەکات).

ب- هیوا تەماشە و ڕەسمەکا مەکەرو. ( هیوا تەماشای وێنەکان ناکات).

پ- هەندێك لەو کردارە ڕانەبردووانەی، مۆرفیمی ( م-) وەك نیشانەی ڕانەبردوو وەردەگرن[(1)]:

(64) أ- کەشەکە هەرەس مارو. (شاخەکە هەرەس دەهێنێت).

ب- ئاسو یادگارییەکەم ویر ماروەوە. ( ئاسۆ یادگارییەکەم بیر دەهێنێتەوە).

(65) أ- کەشەکە هەرەس نمارو. (شاخەکە هەرەس ناهێنێت).

ب- ئاسو یادگارییەکەم ویر نماروەوە. ( ئاسۆ یادگارییەکەم بیر ناهێنێتەوە).

## 4-3/3 یاسای بەفرێزکردنی لاڕستەی تەواوکەر:

ئەو کردارە لێکدراوانەی ، تەواوکەرەکانیان سیمای (+ ڕستە) یان هەیە، واتە لقکردنی کاتیگۆری بۆ ڕستە کراون، دەشێت ڕستەکان بکرێنە فرێز، وەك لە ڕستەکانی خوارەوەدا خراونەتە ڕوو:

(66) أ- ئارام حەز کەرو، pro شیعر بنویسو. (ئارام حەز دەکات، pro شیعربنوسێت).

ب- ئادی بڕیارشا دا، کە pro بلا. ( ئەوان بڕیاریاندا، کە pro بڕۆن).

(67) أ- ئارام حەز جە شیعر نویستەی کەرو. ( ئارام حەز لە شیعرنووسین دەکات).

ب- ئادی بڕیار و لوایشا دا. (ئەوان بڕیاری ڕۆیشتنیان دا).

---

(1) ئەو کردارە ڕانەبردووانەی مۆرفیمی ( م-) وەردەگرن ، لە ڕووی نەرێکردنەوە، دوو جۆرن:

أ/ هەندێکیان بە مۆرفیمی (مە) نەرێ دەکرێن، وەك پێشتر ڕوونمانکردەوە.

ب/ هەندێکیان بە مۆرفیمی (ن) فۆڕمی نەرێیان دەردەکەوێت.

لە سەرچاوە ڕێزمانییەکانی شێوەزاری هەورامیدا، تا ئێستا باسی ئەم مۆرفیمە نەکراوە.

### 5-3/3 گواستنەوەی سەرپشکی بەرکار بۆ جێکەوتەی پریدیکات:

ئەو ناوانەی بە یاسای پریدیکات، هاوبەشی ڕۆنانی کردارە لێکدراوە تێپەڕەکان دەکەن، توانای جێگۆڕکێی سەرپشکییان لەگەڵ بەرکاردا هەیە و لەم بارەدا بە یاریدەی مۆرفیمی خستنەسەری (و)، بەرکار دەکەنە دەرخەری خۆیان، وەك لە ڕستەکانی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:

(68) أ- ئارام بە قسی داراش ئازاردا. (ئارام بە قسە دارای ئازار دا).

ب- هیوا گوڵەکەیش بو کەردی. (هیوا گوڵەکەی بۆنکرد).

پ- ئادی ئیمەشا هاندامی. (ئەوان ئێمەیان هاندا).

ت- ئاسو منش قەسەم دانی. ( ئاسۆ منی سوێند دا).

ج- ڕزگار پرسیارەکیو ماموسایش وەڵام داوە. ( ڕزگار پرسیارەکەی مامۆستای وەڵام دایەوە).

(69) أ- ئارام بە قسی ئازارو دارایش دا. (ئارام بە قسە ئازاری دارای دا).

ب- هیوا بو و گوڵەکەیش کەرد. (هیوا بۆنی گوڵەکەی کرد).

پ- ئادی هانو ئیمەشا دا. ( ئەوان هانی ئێمەیان دا).

ت- ئاسو قەسەمو منش دا. (ئاسۆ سوێندی منی دا).

ج- ڕزگار وەڵامو پرسیارەکیو ماموسایش داوە. ( ڕزگار وەڵامی پرسیارەکەی مامۆستای دایەوە).

### 6-3/3 جێگۆڕکێی کردار، لەگەڵ پریدیکات، یان پێشگرە فەرهەنگی و مۆرفۆسینتاکسییەکان:

یاسایەکی سەرپشکییە، لە ڕستەدا، هەندێك لەو کردارە لێکدراوانەی ، کەرەستەیان وەك پریدیکات لەگەڵدایە، یان پێشگرێکی فەرهەنگی و مۆرفۆسینتاکسییان هەیە، دەشێت لەگەڵ بەشی کرداریدا، بەپێی ویست و ئارەزووی قسەکەر جێگۆڕکێ بکەن:

(70) أ- ئاد/ئادە ویش دەسۆ دا. (ئەو خۆی بەدەستەوەدا).

ب- دارا جە ئیمە جیا مەن. (دارا لە ئێمە بەجێ ما).

پ- دڵش ونە شی. ( دڵی لێ چوو).

ت- دەسش ونە دا. (دەستی لێ دا).

(71) أ- ئاد/ئادە ویش دا دەسۆ. ب- دارا جە ئیمە مەن جیا.

پ- دڵش شی ونە. ت- دەسش دا ونە.

### 4/3 پۆلکردنی کردارە لێکدراوەکان بە پێی جیابوونەوەی کەرتەکانیان لە سینتاکسیدا:

پەیوەست بە لقکردنی کاتیگۆریی کردارە لێکدراوەکان بۆ فرێزی پریپۆزیشنی و توانای کەرتەکانی یەکەمیان بۆ وەرگرتنی دەرخەر لە ڕێی یاساکانی گواستنەوەوە، هەندێك لە کردارە لێکدراوەکان کەرتەکانیان لە سینتاکسدا لەیەکتر جیادەبنەوە، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت کردارەکان بۆ دوو کۆمەڵ پۆل بکرێن:

**یەکەم: ئەو کرداره لێکدراوانەی کەرتەکانیان جیانابنەوە: ئەم کۆمەڵە چەند جۆرێك کردار دەگرێتەوە، لەوانە:**

1- **کرداره لێکدراوەکان، کە بە یاسای پریدیکات سازبوون و کەرتەکانی یەکەمیان بریتین لەم کەرەستانەی خوارەوە:**

**أ- ئاوەڵناو:**

**لە دروستەی کرداری لێکدراودا، توانای وەرگرتنی دەرخەری لەدوای خۆیەوە نییە و بواریش بە فرێزی پریپۆزیشنی نادات، کە بە دوایدا بێت، وەك کردارەکانی: (نەوەش کۆت:نەخۆش کەوت)، ( جوان کەرد:جوانکرد)، (بەرزکەرووە: بەرز دەکاتەوە)، (چاك بووە: چاك بووەوە)، (زەرد هورگیلا: زەرد هەڵگەڕا)**

(72) **ژەنەکی زاوڵەکەی ژێر کەرو.** **( ژنەکە منالّەکە ژێر دەکات).**

(73) **هیوا نەوەش کۆت.** **( هیوا نەخۆش کەوت).**

**ب- فرێزی پریپۆزیشنی دوای بەشی کرداری:**

**کەرتی یەکەمی هەندێك لە کرداره لێکدراوەکان، فرێزێکی پریپۆزیشنین و کەوتوونەتە دوای کەرتی دووەم ( بەشی کرداری)، وەك: (میو بەرهەم: دێتە بەرهەم)، (میوە قووڵی: دێتە کولّ)، (گنو چیز: دەکەوێتە ژێر)، (تەپ کوو سەر: هەڵدەکوتێتە سەر)، (گێر وی: دەگرێتە خۆ).**

(74) **چایەکە ئاماوە قووڵی.** **(چایەکە هاتە کولّ).**

(75) **ئیمە شمەما گیرتیدی وی.** **( ئیمە ئێوەمان گرتە خۆ).**

**پ- ئەو وشانەی ئەمڕۆ سەربەخۆ بەکارناهێنرێن، وەك: ( ون بی: وون بوو)، (فڕە مدو: فڕە دەدات)، (بەخیو کەرو:بەخێو دەکات)، (شی کەرو وە: شی دەکاتەوە)، (تاقیکەرووە: تاقیدەکاتەوە)، ..........هتد:**

(76) **ڕزگار پەژمەکەی شی کەرووە.** **(ڕزگار خوریەکە شی دەکاتەوە).**

(77) **زاوڵەکە کتیبەکەش فڕەدا.** **(منالّەکە کتێبەکەی فڕەدا).**

**ت- فرێزی پریپۆزیشنی لە پێش کردارەوە، وەك: (بەبوگنو: بە بۆن دەکەوێت)، (دلینە مشو: لەناو دەچێت)، (دلینە بەرو: لەناو دەبات)، ( بەسەر بەرو: بەسەر دەبات)، (بەشوو مدو: بەشوو دەدات)، ....... هتد:**

(78) pro **پیا خراپەکەشا دلینە بەرد.** (pro **پیاو خراپەکەیان لەناو برد).**

(79) **زاوڵەکە بە بو گنو.** **(منالّەکە بە بۆن دەکەوێت).**

**ج- ناوی شوێنەکانی وەك ( سەر، چیر، دما): (سەر کۆت: سەرکەوت)، (چیر کۆت: ژێر کەوت)، (دما کۆت: دوا کەوت)**

(80) **دارا جە تاقیکردنەوەکەنە سەر کۆت.** **(دارا لە تاقیکردنەوەکەدا سەرکەوت).**

(81) **هیوا ئیسالّ جە وەنەی دما کۆت.** **(هیوا ئەمسالّ لە خوێندن دوا کەوت).**

**ح- ژمارە، بەتایبەتی (یەك)، وەك: (یەك وست: یەك خست)، (یەك گنو: یەك دەکەوێت).**

(82) pro **یانەکەش یەك وست.** (pro **ماڵەکەی یەکخست).**

دووەم: ئەو کردارە لێکدراوانەی کەرتەکانیان جیادەبنەوە[1]:

ا- جیابوونەوەی سەرپشکی:

ئەو کردارە لێکدراوانەی لقکردنی کاتیگۆری بۆ فرێزی پرێپۆزیشنی دەکرێن، کەرتەکانیان بەپێی ویست و ئارەزووی قسەکەر دەشێت لەیەکتر جیاببنەوە، یان پێکەوەبن، وەك:

(83) أ- دارا کتێبەکەش پیشکەش بەمن کەرد. (دارا کتێبەکەی پێشکەش بەمن کرد).

ب- دارا کتێبەکەش بەمن پیشکەش کەرد. (دارا کتێبەکەی بەمن پێشکەش کرد).

(84) أ- pro وازش جە هەرمانەکی ئاورد. ( pro وازی لە کارەکە هێنا).

ب- pro جە هەرمانەکی وازش ئاورد. (pro لە کارەکە وازی هێنا).

ئەو کردارە لێکدراوانەی بە یاسای ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار دارێژراون، وەك ( هەوڵ مدو: هەول دەدات)، (گەمەکەرو: یاری دەکات)، (قسی کەرو: قسە دەکات)، (ڕۆحش بەرو:ڕۆحی دەبات)،.......هتد، ((ئەو ناوانەی کەرتی یەکەمی ئەم چەشنە کردارانە پێکدەهێنن، دەتوانن وەك هەموو ناوێکی کوردی، ئەرکی دەرخراو ببینن و دەرخەر لە دوایانەوە بێت، لەم بارەدا هەردوو کەرتی کردارەکە لەیەکتر دوور دەکەونەوە و دەرخەرەکە دەچێتە نێوانیانەوە)) [2].

(85) أ- pro هەوڵ مدو. (pro هەوڵ دەدات).

ب-pro هەوڵی چاك مدو. (pro هەوڵی چاك دەدات).

جگە لەدەرخەر، فرێزی پرێپۆزیشنییش، دەشێت کەرتەکانی ئەم جۆرە کردارانە لەیەکتر بترازێنێت، وەك:

(86) أ- ئاسو خەم مورو. (ئاسۆ خەم دەخوات).

ب- ئاسو خەم پەی تو مورو. ( ئاسۆ خەم بۆتۆ دەخوات).

---

(1) جیابوونەوەی کەرتەکانی کرداری لێکدراو، تایبەتمەندییەکی کردارە لێکدراوەکانە، لەزمانی ئینگلیزیشدا بەرچاودەکەوێ، بۆ نموونە کردارەکانی (switch on) و (picked up)،لەم ڕستانەی خوارەوەدا، کەرتەکانیان لەیەك ترازاون:

- Switch on the light.
- Switch the light on.
- Switch it on
- He picked up the pen.
- He picked the pen up.
- He picked it up.

بەڵام کردارەکانی ( climbed up) و (got off)، کەرتەکانیان لەیەکتر جیانابنەوە:

- I climbed up the ladder.
- I climbed up it.
- he got off the car.
- he got off it.

بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:

http:// www.english4ksa.com/Show thread.php?t=517.

(2)محەمەد مەعرووف فەتاح (50:1989).

ب- جیابوونەوەی بەخورتی:

ئەو کردارە لێکدراوانەی، کەرتەکانی یەکەمیان لە شێوەی فرێزێکی خستنە پاڵدان، ( واتە لە سینتاکسدا بەخورتی دەرخەر وەردەگرن)، هەمیشە کەرتەکانیان بەلێك ترازاوی دەبینرێن، وەك: (سوار بی: سوار بوو)، ( فریا کۆت: فریا کەوت)، ( شەرمش مەڕیا: شەرمی شکا)، ( گیانش بەرشی: گیانی دەرچوو)، ......هتد:

(87) ئارام فریاو ئیمە کۆت. (ئارام فریای ئێمە کەوت).

(88) زاوڵەکە سوارو ئەسپەکەی بی. (مناڵەکە سواری ئەسپەکە بوو).

هەندێك لە کردارە لێکدراوە تێپەڕەکان ، کە بە یاسای پریدیکات داڕێژراون، کەرتەکانی یەکەمیان بەخورتی بەرکار دەکەنە دەرخەری خۆیان[1]، لەبەرئەوە لە سینتاکسدا کەرتەکانیان بەلێك ترازاوی دەبینرێن، وەك :

(89) أ- دارا بەروکو هیمنیش گیرت. ( دارا بەرۆکی هێمنی گرت).

*ب- دارا هیمنش بەروك گیرت. ( دارا هێمنی بەرۆك گرت).

( 1 ) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە ( یاسای گواستنەوەی بەرکار و بوونی بەدەرخەری پریدیکات )، لەم بەشەدا.

## 1/4 کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکان لە ڕوانگەی فرێزەوە :

### 1-1/4 ئەو کردارە لێکدراوانەی بەپیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بکەر داڕێژراون :

کەرتی یەکەمی ئەم چەشنە کردارانە، لەبنە چەدا فرێزێکی خستنەپاڵی خاوەنداریی ڕوو تن[1] ، ئەم چەشنە دروستانەیش لە هەورامیدا، بەیار یدەی مۆرفیمی / و/ بەر هەم د ێن، کە پێوەندیی خاوەنداریی دەردەبڕێت، واتە کەرتی یەکەمی کردارەکە، سەری واتایی فرێزەکەیە و سەرە ڕێزمانیەکەیشی، ناوێکی تایبەتی، یان جێناوێکی خاوەنداریی‌یەو بەپیاسای (دەرخراو+و+دەرخەر) سازبوون، وەك :

(1) أ- ڕۆحو دارای شی. (ڕۆحی دارا چوو).

ب- گیانو نەوەشەکەی بەرشی. (گیانی نەخۆشەکە دەرچوو).

پ- مازیو تو مەڕیا. (پشتی تۆ شکا).

کەرتی یەکەمی کردارەکان لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، لە شێوەی دروستەی مۆرفۆسینتاکسیدا[2] بەکاردەهێنرێن، واتە سەرە ڕێزمانییەکانیان بەپێی کەس و ژمارە، بەجێناوی لکاو جێگیرکراون:

(2) أ- ڕۆحش شی. (ڕۆحی چوو).

ب- گیانش بەرشی. (گیانی دەرچوو).

پ- مازیت مەڕیا. (پشتت شکا).

دوای ئەوەی جێناوی خاوەنێتیی دەر خەریی ، یان ناوی دەر خەر ، لەم درو ستانەدا بە فۆرمێکی کلیتیکی دەردەبڕ ێت و مۆرفیمی خستنە پاڵی / و/ دەربڕینی فۆنەتیکی نامێن ێت ،دە شێت دەر خەر لەسەرەتای ڕستەدا (پێش بکەر) دەربکەوێت ،((کە هیچ گۆکردنێکی ڕێزمانی لەو شوێنەدا نابێت ، هەر بۆیە ڕەنگە ئەم کەرەستەیە لەبیر چووبێتەوەو بەهۆی کلیتیکەکەوە قسەکەر ،یان گوێگر ناکەو نە ناو تەم و مژەوەو دەتوانن ڕستەکە لێك بدەنەوە))[3].

(3) أ- ئاد ،ڕۆحش شی. (ئەو ،ڕۆحی چوو).

ب- تو ،مازیت مەڕیا. (تۆ ،پشتت شکا).

کەرتی یەکەمی ئەمجۆرە کردارانە ،فرێزی دیارخەرییان تێدا ناشکێتەوە ،واتە مۆرفیمە دیارخەرییەکان

---

(1) بۆ زانیاری زیاتر، لەبارەی فرێزی خستنە پاڵی خاوەنداری و جۆرەکانی، بڕوانە نامەی ماستەری (عبدالجبار مستەفا مەعروف،2005 :41-46).

(2) مۆرفۆسینتاکس لە زمانەوانیدا بۆ ئاماژەکردن بەتایبەتیە ڕێزمانییەکان بەکاردێت، کەپێوەری مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی تێدا جێبەجێدەکرێت (Crystal,1992:226). ڕووبەڕوو بوونەوەیەکە لە نێوان مۆرفۆلۆجی و سینتاکسدا، کە لەئەنجامدا کۆمەلێك کاتیگۆری دێنە کایەوە، کەهەردوو سیما هەڵدەگرن و گەلێك بۆشایی و کەلێن لە ئاستی ڕێزمانیی زمانەکەدا پڕدەکەنەوە ( Trask ,1993:176 ) . کاتیگۆریی گراماتیکی ،چەمکێکی گراماتیکییە ،کەدەربڕینە مۆرفۆسینتاکسییەکانی تێدایە.

(3) محەمەد مەعرووف فەتاح،ڕۆشنبیری نوێ ،ژ. 128 ،(38:1992).

(ناسراوی ،نەناسراوی ،کۆ)[1] وەرناگرن .ئەمەش پەیوەندی بە خەسڵەت و تایبەتمەندی ونیشانەی واتایی ئەو دا نە فەرهەنگییا نەوە هە یە ،کەبەیا سای ڕۆڵی بابەتا نەی بکەر ، کەرتی یە کەمی ئەمجۆرە کردارە لێکدراوانە پێکدەهێنن .

لە ڕستەکانی پێشوودا ،(ڕوح ،گیان ، مازی) ،کەبە شە پێکهێنێکی کردارە کانن ،نیشانەی تاکیەتییان هە یە ،بۆیە ڕێیان پێنادرێت ،کە مۆرفیمەکانی نا سراوی، یان نەنا سراوی کە خاوەنی نیشانەکانی (تاکیەتی و جیاکردنەوە)ن ،وەربگرن ،چونکە ئەو یەکە فەرهەنگییانە بەزگماك هەیانە. بەهۆی ئەم تایبەتمەندییەوە ،ئەم چەشنە دروستانە لە فرێزی خستنە پاڵی خاوەنداریی تر جیا دەبنەوە، کە لە شوێنی فرێزی ناوبی بکەردان و لەڕستەیەکدان ، کەکردارەکانیان لەڕووی وا تاوە لێکدراو نین ،وەك لە ڕستەکانی خوارەوەدا خراوەتەڕوو :

(4) أ- دەسو تو مەڕیا. (دەستی تۆ شکا)

ب- دەسیو و تو مەڕیا. (دەستێکی تۆ شکا).

پ- دەسیوت مەڕیا. (دەستێکت شکا).

(5) ★ ڕوحیو و تو شی. ★ (ڕۆحێکی تۆ چوو).

لەم چەشنە دروستانەدا، شوێنی دیار خەرەکان (Specifier)، بە بەتاڵی دەمێنێتەوەو هیچ کام لە دیار خەرەکان ( هەر، تەنیا، گرد/ هەموو، تۆزیو/تۆزێك، ...) وەر ناگرن. لە کورد یدا، فرێزی ناوی، سێ چەشن لەو دیارخەرانە وەردەگرێت[2]

أ- تاك بەندەکان(Distributives)، وەك: هەر، تەنیا.

ب- جێناوی نیشانە(Demonstratives)، وەك: ئەم، ئەو.

پ- ڕادە(Quantifiers)،وەك: هەموو، گشت، کام، هیچ، (ژمارەکان، وەك (یەك، یەکەم)).

کەرتی یەکەمی ئەمجۆرە کردارانە، دەشێت فرێزێکی خاوەنداری ببێتە دەر خەرییان، وا تە لەناو فرێزێکی خاوەنداریدا بشکێنەوە، وەك:

(5) - ڕۆحو براکەیم شی. (ڕۆحی براکەم چوو).

بەگشتی دوو چەشن خاوەنداریی جیادەکرێنەوە[3]:

أ- ئاشنا: ئەو کەرەستانە دەگرێتەوە، کەبمانەوێت یان نەما نەوێت پێما نەوە لکاون و لێمان نابنەوە، وەك سیماو ئەندامەکانی لەش و ئەوانەی پەیوەندیی خزمایەتی دەگەیەنن.

ب- نائاشنا: ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە بەئارەزووی خۆمان دەبینە خاوەنیان.

کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکان، کەفرێزێکی خاوەنداری دەردەبڕن، لە جۆری (أ)ن، وەك:

---

(1) مۆرفیمی ناسراوی لە هەورامیدا بەپێی ڕەگەز دوو فۆرم وەردەگرێت : / -ەکە/ بۆ نێر، / -ەکی/ بۆ مێ . هەر بەو شێوەیە مۆرفیمی نەناسراویش دوو فۆرمی هەن :/ -یو/ بۆ نێر ، / -یوە/ بۆ مێ. مۆرفیمی کۆ بۆ نێرو مێ بریتیە لە /-ی/.

بۆ زانیاری لەم بارەیەوە ،بڕوانە :نامەی دکتۆرای فەرەیدوون عەبدول محەمەد ،(1998: 27-29).

(2) Fattah, (1997:197).

(3) محەمەد مەعروف فەتاح، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ((دەستەی کورد))، (162:1980).

(زەنگوڵیم: ئەژنۆم)، (مازیت:پ شتت)، (چەمما: چاومان)، ... هـ تد، وا تە خاوەنێتی دا نەبڕاون (Inalienable Possession)، چونکە کەرە ستەکان لە خاوە نەکانیان وا تە (جێ ناوە لکاوە کان) جیاناکرێنەوە[1].

ئەم جۆرە کەرەستانە، کاتیگۆرییەکی سینتاکسیی ئازادن و تەنها لە شوێنی فرێزی ناویدا دەردەکەون:

(6) أ- مازیش مەڕیا. (پشتی شکا).

ب- زەنگوڵیش مەڕێی[2]. (ئەژنۆی شکا).

کەرتی یەکەمی هەندێك کرداری لێکدراوی تر، دروستەیەکی خستنە پاڵی خاوە نداریی تایبەتییان هەیە، بەڵام لەم جۆرە درو ستانەدا، مۆرفیمی / و/، ناوی دووەم نا کات بە خاوەنی ناوی یە کەم ( کەرتی یەکەمی کردارەکە)، وەك:

(7) أ- پەکەو من کۆتە. (پەکی من کەوت).

ب- پەکەم کۆتە. (پەکم کەوت).

(پەکە) لە دەرەوەی دروستەی فرێزەکەدا، نیشانەی (+گشتێتی) هە یەو بەهۆی قور سایی خـستنە سەرەوە، گۆ کردنی فرێزی ناوی دەبێت و لە شوێنەکەیدا دەردەکەوێت:

(8) - پەکە مەگنو. (پەك ناکەوێت).

ناوی دووەم، کەنیـشانەی (+تایـبەتی) هە یە، گۆ کرد نی دەر خەریی بۆ کەرتی یە کەمی کردارە کە هە یەو سەری ڕێز مانیی فر ێزە ناوییەکە یەو ناتوانر ێت لابر ێت و نی شانەی (+تای بەتی)، بە کەرتی یە کەمی کردارەکە بەخشیوە. مۆرفیمی / -و-/ لەم جۆرە دروستانەدا، تایبەتێتی ناوی دووە می، بۆ کەرتی یە کەمی کردارەکە گوێزاوەتەوە:

(9) أ- پەکەو ئۆتۆمبیلەکەی کۆتە. (پەکی ئۆتۆمبیلەکە کەوت).

ب- ئۆتۆمبیلەکە، پەکەش کۆتە. (ئۆتۆمبیلەکە، پەکی کەوت).

(10) أ- پەکەو نازاری کۆتە. (پەکی نازدار کەوت).

ب- نازارە، پەکەش کۆتە. (نازدار، پەکی کەوت).

## 2-1/4 ئەو کردارە لێکدراوانەی بەپیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار ڕۆنراون:

ئەو ناوانەی کەرتی یەکەمی ئەم چەشنە کردارانە پێکدەهێنن، فرێزێکی ناوی ساز دەکەن، وەك:

(11) - زاوڵەکی وەرزش کەرا. (مناڵەکان وەرزش دەکەن).

(وەرزش) لە فۆڕمێکی یەك مۆرفیمی پێک هاتووە، خاوەنی نی شانە فەرهەنگیـ یەکانی (+گ شتی) و (+کۆ)یە، قورسایی لەسەرە، چونکە لە دروستەی کردارەلێکدراوەکاندا، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر

(1) بۆزانیاریی زیاتر لەبارەی ئەم جۆرە خاوەنێتییە، بڕوانە: د.کمال میراودەلی، (122:2007).

(2) لە هەورامیدا، وشەی (زەنگوڵ:ئەژنۆ)، لەشێوەی کۆدا بەکاردەهێنرێت و لە ڕووی کەس و ژمارەوە لەگەڵ کردارەکەدا ڕێککەوتووەو مۆرفیمی کەسی سێیەمی کۆ (ی)ی داوەتێ، کە لەگەڵ (1)ی کۆتایی کردارەکەدا یەکیگرتووەو بووە بە (ێ).

کەرتی یەکەم[1]. لەبەر ئەو تایبەتمەندییانەی لەو دروستەیەدا، لە وشەی (وەرزش) دا هەیە، گۆکردنی فریێزی ناوی دەبێت.

بەدەر لەدروستەی کرداره لێکدراوەکان، ((هەموو ناوێکی گشتی لە ڕستەدا، تەنها بەقورسایی خستنە سەر، گۆکردنی فریێزی ناوی دەبێت.))[2]. هەندێك لەو ناوانەی کەرتی یەکەمی کرداره لێکدراوەکان پێکدەهێنن، وەك (وەرزش)، (گەمە:یاری)، (هەرمانە:ئیش)،... هتد، دەتوانن وەك وشەیەکی گشتی، یان ناسراو وجیاکراوە، لە شوێنی فریێزی ناویدا دەربکەون، وەك لە ڕستەکانی خوارەوەدا دیارە:

(12) أ- ئاسو گەمە کەرو. (ئاسۆ یاری دەکات).

ب- ئاسو گەمەکە کەرو. (ئاسۆ یارییەکە دەکات).

پ- ئاسو گەمەیو کەرو. (ئاسۆ یارییەك دەکات).

دیارخەرەکانی / -ەکە،-ەکی/،/ - یو،- یوە/،/-ەکی/، دەچنە سەر ئەو ناوانەی کە نیشانەکانی (+گشتی)،(+ژمێردراو)،(+کۆنکرێت) یان هەبێت، چونکە ناسراوی و نەناسراوی، واتای تاکێتی دەگەیەنن و ناوی ئەبستراکتیش، لەبەر ئەوەی بوونێکی فیزیکی نییە، ناتوانرێت بژمێررێت. لە ڕستەکانی سەرەوەدا، (گەمە) کەرتی یەکەمی کرداری (کەرو) یەو ناوێکی ئەبستراکتییە، لەگەڵ ئەوەشدا ناسراو و نەناسراو کراوە، بەلأم واتای تاکێتی لەدەست داوە. مەبەست لە بەکارهێنانی مۆرفیمەکانی /-ەکە/ و /-یو/ لەو دروستانەدا، جیاکردنەوەی (گەمە) یەکە لە یەکێکی تر. کەواتە لەسینتاکسی کرداره لێکدراوەکاندا، ئەو ناوانەی سیمای (+جۆراو جۆری) یان هەیەو کەرتی یەکەمی کردارەکان پێکدەهێنن، بەهۆی مۆرفیمەکانی ناسراوی و نەناسراوییەوە، جۆرەکانیان دیاری دەکرێن.

ئەو ناوانەی پێشتر ئاماژەمان پێدان، دەشێت وشەکانی نیشانە، کەلەهەورامیدا بۆ سێ کۆمەڵ پۆلکراون[3]، ببنە دەرخەریان:

| | تاك | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|
| نزیك | ئینە/ ئی | (ئەمە) | ئینی | (ئەمانە) |
| دوور | ئانە/ ئا | (ئەوە) | ئانی | (ئەوانە) |
| دوورتر | ئوونە/ ئوو | (ئەوە) | ئوونی | (ئەوانە) |

(13) - دارا ئا هەرمانی مەکەرو. (دارا ئەو ئیشە ناکات).

وشەی نیشانە، کەدەبێتە دەرخەری کەرتی یەکەمی کردارەکان، نیشانەکانی (+دەست نیشانکردن)و (+جیاکردنەوە) یان پێ دەبەخشن، چونکە تایبەتمەندیی فەرهەنگیی ئەو ناوانە ئەوەیە، کەجۆر و چەشنیان هەیە و بەهۆی مۆرفیمە دیارخەرەکانەوە، لە یەکتر جیادەکرێنەوە.

(1) محەمەد معروف فەتاح، ڕۆشنبیری نوێ، ژ.121، (48:1989).

(2) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: عەبدوالجەبار مستەفا مەعروف، (9:2005).

(3) بڕوانە: فەرەیدون عەبدول محەمەد، (1998: 43) .

هه ندێك ناوی تری وەك (قەسەم: سوێند)،(وەعد:بەلێن)، ... ه تد، كە كەرتی یە كەمی چەند كردارێكی لێكدراو پێكدەهێنن، لە بارودۆخی زۆر تایبەتدا نەبێت، مۆرفیمە دیارخەرییەكان وەر ناگرن، بۆ نمونە:

(14) أ- ڕزگار قەسەمش وارد. (ڕزگار سوێندی خوارد).

ب- ڕزگار قەسەمەكەش / قەسەمیوش وارد. (ڕزگار سوێندەكەی / سوێندێكی خوارد).

(15) أ- كاروان وەعدش بە ئیمەدا. (كاروان بەڵێنی بە ئێمەدا).

ب- كاروان وەعدەكەش / وەعدیوش بەئیمەدا. (كاروان بەڵێنەكەی / بەڵێنێكی بەئێمەدا).

ئەو ناوا نە لەڕێی یا سای ڕۆ ڵی بابەتا نەی بەركارەوە، هاوبە شی ڕۆ نانی كرداره لێكدراوەكانیان كردووە، دە توانن بە یار یدەی مۆرفیمی خستنە سەری (ی)، دەر خەرێكی ئاوەڵ ناوی وەربگرن، وەك لە ڕستەكانی خوارەوەدا، خراوەتەڕوو:

(16) أ- یادگار قسیش كەردە. (یادگار قسەی كرد).

ب- یادگار قسیی خاسش كەردە. (یادگار قسەی باشی كرد).

(17) أ- دارا جەنگش كەرد. (دارا شەڕی كرد).

ب- دارا جەنگیوی پیایانەش كەرد. (دارا شەڕێكی پیاوانەی كرد).

## 3-1/4 ئەو كرداره لێكدراوانەی بەیاسای پریدیكات بەرهەمهاتوون:

ئەو كەرەستانەی لەڕێی یا سای پریدیكا تەوە، كەرتی یە كەمی كرداره لێكدراوەكان دادەڕێژن، لە ڕووی فۆڕمەوە، دەكرێن بە دوو بەشەوە:

یەكەم: كۆمەڵێكیان دروستەی فرێزیان هەیە، كە دوو جۆرن:

أ- فرێزی خاوەنداری: وەك لەم كردارانەی خوارەوەدا ڕوونكراوەتەوە:

ئاڕاستەی كەرد (ئاڕاستە كرد):

(18) - ئارام پرسیارەكەش ئاڕاستەو من كەرد. (ئارام پرسیارەكەی ئاڕاستەی من كرد).

نیشاندا:

(19) - دارا ڕاكەش نیشانو تو دا. (دارا ڕێگاكەی نیشانی تۆ دا).

فریاكۆت (فریاكەوت):

(20) - ئاسو فریاوئیمە كۆت. (ئاسۆ فریای ئێمە كەوت).

ب- فرێزی پریپۆزیشن:

بەسەر بەرد (بەسەر برد):

(21) - ئێمە هیزی كاتیوی وەشما بەسەر بەرد. (ئێمە دوێنی كاتێكی خۆشمان بەسەر برد).

بەكری گیرت (بەكرێ گرت):

(22) - ئادی یانەكەشا بەكرێ گیرت. (ئەوان خانووەكەیان بەكرێ گرت).

دلینە بەرد (لەناو برد):

(23) - دارا کتیبەکیش دلینە بەردی. (دارا کتێبەکانی لەناو برد).

دووەم: هەندێکی تریان دروستەی وشەیان هەیە، وەك لەم کردارانەی خوارەوەدا نیشاندراون:

دروس کەرد (دروست کرد):

(24) - هیوا یانە دروس کەرو. (هیوا خانوو دروست دەکات).

سڕبی (سڕبوو):

(25) - دەسو زاوڵەکەی سڕبی. (دەستی منداڵەکە سڕبوو).

ئاڵۆز بی (ئاڵۆز بوو):

(26) - کیشەکە ئاڵۆز بی. (کێشەکە ئاڵۆز بوو).

سیاو بیو (ڕەش بۆوە):

(27) - بەرەکە سیاو بیو. (دەرگاکە ڕەش بۆوە).

## 2/4 بکەرو بەرکار لە سینتاکسی کردارە لێکدراوەکاندا:

### 1-2/4 بکەر:

ئەو فرێزە ناوییەیە، کە ڕاستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی گرێی ڕستە (s) دایە[1]، واتە گرێی Ip. لەڕووی پەیوەندی ڕێزمانییەوە، دەشێت بکەر لۆجیکی (واتایی)، یان ڕێزمانی بێت. بکەری لۆجیکی، کاری ڕستە ڕادە پەڕێنێت و دەستی لە بەجێهێناندیدا هەیە. واتە بکەری ڕاستەقینەی کردارە، هەر چەندە لە شوێنی بکەری ئاساییش نەهاتبێت، یان لادرابێت[2]. بەڵام بکەری ڕێزمانی لە ڕووی پەیوەندیی ڕێزمانییەوە، بەرکارەو نەکاری ڕستە ڕادە پەڕێنێت و نەدەستیشی لە بەجێهێناندیدا[3] هەیە، بکەری لۆجیکی بەرامبەری دەوەستێت[4].

بکەری لۆجیکی: - دارا لوا. (دارا ڕۆیشت).

بکەری ڕێزمانی: - زاوڵەکە کۆت. (منداڵەکە کەوت).

### 2-2/4 بکەری ڕێزمانی:

لە سینتاکسی کردارە لێکدراوەکاندا، بکەر لەم بارانەدا ڕێزمانی دەبێت:

1- ئەو کردارە لێکدراوانەی بەپێی ڕۆڵی بابەتانەی بکەر ساز بوون، کەرتەکانی یەکەمیان لە ڕستەدا، شوێنی فرێزی ناویی بکەر دەگرن و ئەرکی بکەرێکی ڕێزمانی دەبینن و لە ئاستی ڕووکەشدا، وەك بکەری لۆجیکی، سیما ڕێزمانییەکانیان، کە(کەس،ژمارە،ڕەگەز)ن، بە کەرتەکانی دووەمیان، واتە (بەشی کرداری) دەبەخشن، وەك لە ڕستەکانی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:

(28) أ- دڵش مەڕیا. (دڵی شکا).

---

(1) دیار عەلی کمال، (80:2001).

(2) محمد علی الخولی، (160:1982).

(3) ئەحمەد حەسەن فتح الله، (43:1990).

(4) محمد علی الخولی، (111:1982).

ب- وەرم جەزاوڵەکەی کۆت.          (خەو لە منالەکە کەوت).

پ- ئاوەڕووش شیە.                  (ئابڕووی چوو).

لە تایبەتمەندییەکانی ئەم چەشنە بکەرە ڕێزمانییا نە ئەوەیە، کە هەمیشە لە شێوەی کەسی سێیەمی تاکدان.

2- هەندێك لە کردارە لێکدراوە تێنەپەڕەکان، کە کەرتەکانی یەکەمیان ئاوەڵناون و بە یاسای پریدیکات داڕێژراون، بکەرەکانیان ڕێزمانین و هیچ ڕۆڵێك لە ڕوودان، یان ڕوونەدانی کردارەکەدا نابینن،

واتە کردارەکە بێ ویستی بکەرەکەی، بە ئەنجام دەگات، یان ناگات، وەك لە ڕستەکانی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:

(29) أ- ئاسو نەوەش کۆت.          (ئاسۆ نەخۆش کەوت).

ب- نەوەشەکە زەرد هورگیلا.          (نەخۆشەکە زەرد هەڵگەڕا).

پ- ژوورەکە ڕوشن بیۆ.          (ژوورەکە ڕووناك بووەوە).

کەواتە لە سینتاکسی کردارە لێکدراوە تێنەپەڕەکاندا، دوو جۆر بکەری ڕێزمانی هەن، جۆرێکیان کەرتی یەکەمی کردارەکانن، بەلام جۆرەکەی تریان لە دەرەوەی دروستەی کردارەکاندان و نابنە بەشە پێکهێنیان.

### 3-2/4 بکەری لۆجیکی (واتایی):

بکەری لۆجیکی، زاراوەی کارا (Agent)ی بۆ بەکاردێت[1] و لەگەڵ ئەم کردارانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

1- کردارە تێنەپەڕەکان، کە کەرتەکانی یەکەمیان ئاوەڵناونین و بەیاسای پریدیکات سازبوون، بکەرەکانیان واتایین و لەڕوودان یان ڕوونەدانی کردارەکەدا ڕۆڵ دەبینن و سیما ڕێزمانییەکانیان بە کەرتەکانی کردارە لێکدراوەکە دەدەن، وەك لە ڕستەکانی خوارەوەدا، خراوەتە ڕوو:

(30) أ- دارا جە ئیمە جیابیوە.          (دارا لە ئێمە جیابووەوە).

ب- هیمن کوڕەکەنە حازر بی.          (هێمن لە کۆڕەکەدا ئامادە بوو).

2- کردارە لێکدراوە تێپەڕەکان، کە بەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار بەرهەمهاتوون، بکەرە لۆجیکییەکان سیما ڕێزمانییەکانیان بە کەرتەکانی ئەم چەشنە کردارە لێکدراوانە نابەخشن.

(31) أ- دارا گەمەش کەرد.          (دارا یاری کرد).

ب- زاوڵەکە قسیش کەردە.          (منالەکە قسەی کرد).

3- کردارە لێکدراوە تێپەڕەکان، کەبە یاسای پریدیکات داڕێژراون:

(32) أ- ئاسو هەرمانەکیش جیبەجی کەردە.          (ئاسۆ کارەکەی جێبەجێ کرد).

ب- ئیمە یانە دروس کەرمی.          (ئێمە خانوو دروست دەکەین).

---

(1) بۆ زانیاریی زیاتر، لەبارەی زاراوەی (Agent)، بڕوانە: Crystal, (2003:16)

## 4-2/4 بەرکار:

ئەو فرێزە ناوییەیە، کە ڕاستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی گرێی فرێزی کرداریدایە[1]. بەرکاریش وەك بکەر، دەشێت لۆجیکی، یان ڕێزمانی بێت.

## 5-2/4 بەرکاری ڕێزمانی:

کەرتی یەکەمی ئەو کردارە لێکدراوانەی ڕۆڵی بابەتا نەی بەرکارییان وەرگر تووە، لەسینتاکسدا لە شوێنی فرێزی ناویی بەرکاردا دەردە کەون و ئەرکی بەرکاری ڕێز مانی دەبینن و سیما ڕێزمانی یەکانیان بەکەرتی دووەمی کردارەکە (بەشی کرداری) دەبەخشن، وەك لە ڕستەکانی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:

(33) أ- کریکارەکی ئارەڤشا مت. (کرێکارەکان ئارەقیان ڕشت)

ب- ئادی زەماوەندشا گیڵنا. (ئەوان ئاهەنگیان گێڕا).

ئەمجۆرە بەرکارانە، لەبنەڕەتدا کەرتی یەکەمی کردارەکانن و فرێزێکی ناوی سەربەخۆ نین، وا تە لە دەرەوەی دروستەی کردارە لێکدراوەکان نین. ئەم چە شنە کردارە لێکدراوا نە، بەرکاری وا تایی وەر ناگرن، چونکە شوێنی بەرکارەکانیان بە کەر تەکانی یە کەمیان پڕبووە تەوە، لە کوردیدا کرداری تێ پەڕ دوو بەرکاری ڕا ستەوخۆ وەرناگر ێت. وا تە کەر تەکانی ئەم کردارا نە، بە تەنها توا نای پێکهێ نانی فر ێزی کردارییان هەیە.

## 6-2/4 بەرکاری واتایی:

ئەو فر ێزە ناوییا نەن، کە هاوبە شی ڕۆ نانی کردارە لێ کدراوەکان نا کەن و دەکەو نە دەرەوەی دروستەکانیانەوە. ئەمجۆرە بەرکارە، لەگەڵ ئەو کردارانەدا دێن، کە بە یاسای پر یدیکات سازبوون و سیما ڕێزمانییەکانیان بە هەردوو کەرتی کردارەکە دەدەن، وەك لە ڕستەکانی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو:

(34) أ- ئاوات کتیبەکەش پیشکەش بەمن کەرد. (ئاوات کتێبەکەی پێشکەش بەمن کرد).

ب- کناچەکی ژوورەکەش ڕیك وست. (کچەکە ژوورەکەی ڕێکخست).

پ- من کناچەکیم ڕۆزگارە کەردە. (من کچەکەم ڕزگار کرد).

ت- من کوڕەکەم ڕۆزگار کەرد. (من کوڕەکەم ڕزگار کرد).

کەر تەکانی ئەمجۆرە کردارا نە، بە تەنها ناتوانن فر ێزی کرداری پ ێك به ێنن، لە بەر ئەوە وەك هەموو کردارێکی تێپەڕی ئاسایی، بەهاوکاری فرێزی ناویی بەرکار (کە لەدەرەوەی ڕۆ نانی کردارەکەدا یە)، فر ێزی کرداری دادەڕێژن. لە هەندێ سەرچاوەدا، کەرتی یە کەمی ئەو کردارە لێکدراوا نەی، کەبە شی کرداری یان تێپەڕن، هەمیشە بەبەرکار لەقەڵەم دراون[2]، بەڵام لە ڕاستیدا مەرج نییە لە هەموو درو ستەیەکدا ئەرکی بەرکار بب ینن، تەنها لەو بارا نەدا نەبێت، کەڕۆڵی بابەتا نەی بەرکارییان وەرگر تووە. هەموو ناو، یان جێناوێکی کەسیی سەربەخۆ، ئاسایی لە ڕستەدا دەتوانن گۆکردنی بکەری یان بەرکارییان هەبێت،

---

(1) دیار عەلی کمال، (80:2001).

(2) کوردۆییف، (183:1984)، و.د.کوردستان موکریانی.

بەتایبەتی ((هەموو ناوێك لە فرێزی کرداریدا بەکاردێت))[1]. لە سینتاکسی کردارە لێکدراوەکا ندا، هەموو ناو ێك وەك بە شە پێکهێنێ کی کرداره کان، ناتواﻧ ێت ئەرکی بکەر، یان بەرکار ببیﻧ ێت. بۆ نمو نه ناوی تایبەتی و ناوی کۆمەڵ زۆر بەکەمی کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکان پێکدەهێنن[2]، بەلاّم ناوی گشتی و کۆنکرێتی و ئەبستراکتی، لە سازکرنی کرداری لێکدراودا، زۆر چالاك و بەرهه مدارن، که له گەڵ کرداره تێنەپەڕەکا ندا، لە شۆێنی بکەردا دەردە کەون و ڕۆ ڵی بکەری ڕێز مانی لە گەڵ کردارە تێپەڕەکانیشدا دەبینن، لە شوێنی بەرکاردا دێن و بەرکارێکی ڕێزمانی دەبن.

## 3/4 جێناوە خۆییەکان، وەك کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکان و لێکدا نەوەیان بەپێی تیۆری بەستنەوە:

تیۆری بە ستنەوە (Binding Theory) لقە تیۆرێکی ڕێز مانیی حوکمکردن و بە ستنەوەیە، کەبەشێوەیەکی گشتی لە دابەشبوونی فرێزەکانی ناو ڕستە دەدوێت و ئەو شۆێنانە دیاری دەکات، کە تێیدا فرێزێك لەگەڵ فرێزێکی تردا هاو ئاماژە بن. کەواتە تیۆری بەستنەوە خۆی بە دیاردە هاو ئاماژەیی و هاو نیشانەکانی نێوان فرێزە ناوییەکانی ناو ڕ ستەوە خەریك دەکات[3]. بەپێی چۆمسکی (1993)، گرێیەك گرێیەکی تر دەبەستێتەوە، بەمەرجێك وەچە ئاڕاستەی بکات و هەردوو کیشیان هاونیشانەبن[4].

فرێزی ناوی بەپێی تیۆری بە ستنەوە بۆ ( ئەنافۆر، جێناوی کە سی، دەر بڕاوی گێڕەرەوە) پۆل دەکرێت. ئەنافۆر لە جێناوەکانی (خۆیی و هاوبەش) و شوێنپێی فرێزە ناوییەکان پێکدێت[5].

بۆ لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی هەر یەکێك لەو پۆلانەی فرێزی ناوی، تیۆری بە ستنەوە، کار بەسێ پرەنسیپ دەکات، کە بە پرنسیپەکانی تیۆری بەستنەوە ناسراون:

1. ئەنافۆڕەکان لە ناو کاتیگۆرییە حوکمکەرەکانیاندا بەستراوەن.
2. جێناوە کەسییەکان لە ناو کاتیگۆرییە حوکمکەرەکانیاندا سەربەستن.
3. دەربڕاوی ئاماژەدەر سەربەستن[6].

ئەنافۆڕ: (Pro-form) Anaphor

پۆلێك دەربڕاون، کە خۆیان واتا نادەن، بەڵکو نیشانەکانیان بە کۆنتێکستی ئاخاوتنەوە پابەندن، کە بەهۆی خە سڵەتە ڕێز مانیی و لێکسیکییەکانیانەوە، ما نا چوار چێوەییەکانیان لە دەر بڕاوە ئا ماژە بۆ کراوەکانیانەوە وەردەگرن[7]. بە واتایەکی تر، ئەنافۆڕ بریتییە لەوبەکارهێنا نەی جێناوە کان، کە ئا ماژە بۆ

(1) Maccaruuse, (1958:95).

(2) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: یوسف شریف سەعید، (1998:20).

(3) Trask , (1993:30).

(4) Chomsky , (1993:184).

(5) Crystal , (1992:18).

(6) Chomsky , (1986a:166).

(7) Huddleston , (1984:280), Finch , (2000:202).

پێش خۆیان دەکەن[1]، یان وتراوێك، کە خۆی لە خۆیدا مانای سەربەخۆی نەبێ و لێکدانەوەکەی بەبەشە ئاخاوتنێکی ترەوە هەر لەو ڕستەیەدا بەستڕابێتەوە، واتە بە (پێشوتراو)ەکەی antecedent[2].

ئەنافۆڕ لەبەر ئەوەی ئاماژە بۆ کەرەستەیەکی پێش خۆی دەکات، هەندێ جار بەدەقە ئاماژەی پێشەوە ناو دەبرێت[3]، چونکە لە فرێزێك، یان ڕستەیەکی پێش خۆیەوە، کەرەستە ئاماژە بۆ کراوەکەی بەدی دەکرێت. لە ناو جۆرەکانی ئەنافۆڕدا، ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە و لە ڕۆنانی کردارە لێکدراوەکاندا، ڕۆڵی دیارو بەرچاو دەبینن، جێناوە خۆییەکانن (Reflexive Pronouns)، کە واتای خاوەنێتی و هەیی دەبەخشن و لە جیاتی ناوێك، یان بۆ تەوکیدی ناوێك، یان جێناوێکی تر بەکاردەهێنرێن[4]. لە هەورامیدا لەوشەی (وی:خۆ) و یەکێك لە جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی (م-ما-ت-تا-ش-شا) پێکدێن:

| | |
|---|---|
| ویم □ ویما | خۆم □ خۆمان |
| ویت □ ویتا | خۆت □ خۆتان |
| ویش □ ویشا | خۆی - خۆیان |

لە هەورامیدا،سێ جۆر جێناوی خۆیی دیاری دەکرێن[5]:

1- جەختکەر: بۆ جەختکردنی بکەر، یان بەرکار بەکاردێت:

(35) أ- من ویم لوانی پەی بازاڕی. (من خۆم ڕۆیشتم بۆ بازاڕ).

ب- من ئاسو ویشم وینا. (من ئاسۆ خۆیم بینی).

2- ڕەنگدەرەوە: کردارەکە، یان بارەکە، ڕەنگدانەوەی لە بکەرو بەرکاردا دەبێت، یان بکەرو بەرکار بەهۆی جێناوە خۆییەکەوە، لە یەك کەسدا کۆ دەبنەوە، وەك:

(36) - من ویم شت. (من خۆم شت).

(ویم) دەبێتە بەرکاری کرداری (شت).

3- خاوەنێتی: بۆ چڕکردنەوەی واتای خاوەنێتییە، بۆ نموونە لەم دوو فرێزەدا:

أ- کتیبەکەو من. (کتێبەکەی من).

ب- کتیبەکەو ویم. (کتێبەکەی خۆم).

فرێزی (ب)، خاوەنیەتییەکە بە هێز دەکات و بێگومانی و جەختی تێدایە.

جۆری دووەمی جێناوی خاوەنێتی، واتە (ڕەنگدەرەوە)، بەشداری لە داڕشتنی کردارە لێکدراوەکاندا دەکات و کەرتەکانی یەکەمیان پێکدەهێنێت و لەناو فرێزی کرداریدا، شوێنی بەرکار دەگرێت و ڕۆڵی بابەتانەو دۆخی ڕێزمانیی بەرکاریی پێ دەدرێت. بەپێی پرەنسیپی یەکەم، لە ڕووی واتاو ئاماژەوە، بە

(1) هۆگر مەحموود فەرەج، (58:2000).

(2) د.کەمال میراودەلی، (126:2007).

(3) قیس کاکل تۆفیق، (48:2002).

(4) د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (235:1987).

(5) لە دیاریکردنی ئەمجۆرانەی جێناوی خۆیی لە هەورامیدا، سوودم لە نامەی دکتۆرای ( صباح ڕەشید قادر، 91:2007) وەرگرتووە، کە جۆرەکانی جێناوی خۆیی لە شێوەزاری سلێمانیدا دیاری کردووە.


فرێزی ناوی بکەرەوە بەستراونەتەوە، واتە هەردووکیان ئاماژەی هەر ئەو کەسە، یان شتە دەکەن و لە ڕووی کەس و ژمارەو ڕەگەزەوە هاونیشانەن. لەبەر ئەوە لە سینتاکسی ئەمجۆرە کردارە لێکدراوانەدا، پەیوەندییەکی واتایی لە نێوان فرێزی ناویی بکەر و کەرتی یەکەمی کردارەکەدا هەیە، کەبەتەنها هیچ ئاماژەیەکی نابێت، بەڵکو لە فرێزی ناویی بکەرەوە، ئاماژە وەردەگرێت، لەبەر ئەوە بکەر دەبێتە (بۆ گەڕاوە) بۆ کەرتی یەکەمی ئەم جۆرە کردارە لێکدراوانە. کەواتە لە سنووری ئەو ڕستانەدا، کەئەم چەشنە کردارە لێکدراوانەیان تێدایە، دوو جۆر پەیوەندیی هاونیشانەیی بەدی دەکرێن، یەکێکیان هاونیشانەیی نێوان بکەر و کردارە، کە لە چوارچێوەی ڕێککەوتن (AGR) دا لێکدەدرێتەوە، دووەمیشیان هاو نیشانەیی نێوان بکەرو بەرکارە (کە کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکەیە) و لە ڕوانگەی تیۆری بەستنەوەوە لێی دەکۆڵرێتەوە، بۆ نموونە لەم ڕستەیەدا:

(37) -پیاکە ویش کوشت. (پیاوەکە خۆی کوشت).

فرێزی ناویی (پیاکە)، بکەری ڕستەکەیە، وەچە ئاڕاستەی فرێزی (و یش)ی کردووە، کەکەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکەیە. لە ڕووی پێدانی سیما ڕێزمانییەکانی (کەس و ژمارە و ڕەگەز) ەوە، فرێزە ناوییەکە کەرەستەیەکی بە دەسەڵاتە، بەڵام بەسەریدا زاڵ نییە، چونکە لە هێڵکاریی درەختیدا، ئەو گرێیەی بەسەر جێناوە خۆییەکەدا زاڵە، فرێزی کردارییە. لێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کەوا جێناوە خۆییەکان، وەك کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکان، لە ژێردەسەڵاتی دوو کەرەستەدان، واتە دوو کەرەستەی حوکمکەریان هەیە:

1- کردار: ڕۆڵی بابەتانەو دۆخی ڕێزمانییان پێ دەبەخشێت.

2- بکەر: سیما ڕێزمانییەکانی بەسەریاندا دەسەپێنێت و هەردووکیان هەر یەك لێکدانەوەی واتایی هەڵدەگرن[1]. لەم هێڵکارییە درەختییەیی خوارەوەدا، هەڵسوکەوتی سینتاکسی و تایبەتمەندییەکانی جێناوە خۆییەکان، وەك کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکان خراوەتەوە ڕوو:




(1) Crystal ,(2003:81).

## 1-3/4 تایبەتمەندیی جێناوە خۆییەکان لە دروستەی کردارە لێکدراوەکاندا:

1- لە سینتاکسی کردارە لێکدراوەکاندا، دەرخەر وەرناگرن، واتە نابنە دەرخراو.

2- لە بەر ئەوەی بەبەکەرەوە بە ستراونەتەوەو بەکەریش لەو ڕستانەدا، کەکردارەکانیان تێ پەڕن، سیما ڕێزمانییەکانیان بەکردار نادەن. واتە لە ڕووی کەس و ژمارەو ڕەگەزەوە لە گەڵیدا ڕێك ناکەون، بۆیە جێناوە خۆییەکانیش لە دروستەی کردارە لێکدراوەکاندا، هەرچەندە ڕۆڵ و دۆخی ڕێزمانیی بەرکاریان پێ دراوە، بەڵام لە ڕووی ئەو سیما ڕێزمانییانەوە، لەگەڵ کرداردا ڕێکناکەون و لێرەدا پێچەوانەی ئەو کەرەستانە ڕادەوەستن، کە کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکان بەیاساى ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار پێکدەهێنن.

3- جێناوی خۆیی هەڵگری کلیتیکی خاوەنێتییە، کەلەگەڵ بکەری ڕستەدا هاونیشانەن و لەگەڵ جێناوی لکاوی بکەریشدا، هەر ئەو فۆرمە فۆنەتیکی و ڕێککەوتنەیان هەیە، لە بەر ئەوە لە کردارە لێکدراوە ڕابردووەکاندا، جێناوی لکاوی بکەریی، بۆی هەیە لابرێت و دەرنەکەوێت:

(38) أ- من ویمم هیلاك کەرد. (من خۆمم هیلاك کرد).

ب- من ویم هیلاك کەرد. (من خۆم هیلاك کرد).

لە فۆرمی ڕانەبردووی کرداردا، جێناوی لکاوی بکەری، بۆ سەر جێناوە خۆییەکە ناگوێزرێتەوە و لەڕووی فونەتیکیشەوە جیاواز دەبن، لەبەر ئەوە لەم بارەدا، دیاردەی خستنی جێناوی لکاوی بکەری بەدی ناکرێت:

(39) - من ویم هیلاك کەروو. (من خۆم هیلاك دەکەم).


## 2-3/4 جۆرەکانی بەستنەوە:

بەپێی تیۆری (GB)، دوو جۆر بەستنەوە هەن(1):

1- بەستنەوەی ئارگومێنت: (Argument-Binding)، کورتکراوەی (A-Binding) ـە.

بەستنەوەیەکە لەلایەن فرێزێکی ناوییەوە، کە لە شوێنی ئارگومێنتێکی کرداردا یە، واتە فرێزە ناوییەکە دەشێت بکەر، یان بەرکاری ڕاستەوخۆ بێت. بەستنەوەی جێناوە خۆییەکان ( ئەنافۆڕەکان)، کە کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکان پێکدەهێنن، بەستنەوەی ئارگومێنتە، چونکە وەك پێشتر ڕوونمانکردەوە، بەبکەری ڕستەکەوە بەستراونەتەوە، واتە (بەستراوەی ئارگومێنتێکن، کە فرێزی ناویی بکەرە):

(40) - دارا ویش هیلاك کەرد. (دارا خۆی هیلاك کرد).



بەستنەوەی نا ئارگومێنت: (Non Argument – Binding)،کورتکراوەکەی (A – Binding)

ـە لەم جۆرە بەستنەوەیەدا، فرێزێکی ناوی، کە لەشوێنی ئارگومێنتدا نییە، کەرەستەیەك، یان شوێنێکی بەتاڵی ئارگومێنتێك دەبەستێتەوە. ئەم جۆرە بەستنەوەیە، لە گواستنەوەی باسمەنددا

(1) Trask , (1993:1).

بەرچاو دەكەوێت.

## 4/4 كاتیگۆریی بەتاڵ لە سینتاكسی كردارە لێكدراوەكاندا:

كاتیگۆریی بەتاڵ بونیادێكی تیۆری حوكمكردن و بەستنەوەیە (GB)، ئاماژە بۆ ئەو پێكهێنانەی ڕستە دەكات، كە لەڕووی فۆنەتیكییەوە بەتاڵن، بەڵام لە ڕووی سینتاكسییەوە چالاكن[1]. هەندێك لە لقە تیۆرەكانی (GB)، خۆیان بە لێكدانەوەو شیكردنەوەو چۆنیەتی دابەشبوونی كاتیگۆرییە بەتاڵەكانەوە خەریك كردووە، لەوانە تیۆرەكانی (بەستنەوە، حوكمكردن، كۆنترۆڵكردن)[2]. كەوا تە كاتیگۆرییە بەتاڵەكان كەرەستەیەكی بەبایەخن و پانتاییەكی گرنگی لێكۆڵینەوە لە ناو تیۆری (GB) دا پێكدەهێنن. كاتیگۆریی بەتاڵ بەبۆشاییەك لە دروستەی ڕووكەشدا دادەنرێت و كاتێك لە ڕستەیەكدا دەردەكەوێت، كە شوێنێكی ڕۆڵە بابەتییەكان، هیچ فرێزێكی داواكراوی كرداری تێدا نەبێت بە شێوەیەكی گشتی، چوار جۆر كاتیگۆریی بەتاڵ دیاریكراون:

1- شوێنپێی فرێزی ناوی. NP-Trace

2- شوێنپێی وشەی پرسیار. WK-Trace

3- (PRO) ی گەورە.

4- (Pro) ی بچووك.

ئەو كاتیگۆرییە بەتاڵەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە، (Pro) ی بچووكە، كە كەرەستەیەكی نادیارە و ناسینەوەیەكی فۆنەتیكیی ئاشكرای نییەو لە زمانە بكەر خراوەكاندا (Pro drop-Languages) ، لە شوێنی بكەری ڕستە (ڕستەی سەرەكی، یان ڕستەی تەواوكەر) دا دەردەكەوێت[3]. واتە شوێنی بەتاڵی بكەرێك پڕدەكاتەوە، لەبەر ئەوە لەلایەن پێكهاتەی كات و كەسەوە حوكم دەكرێت و دۆخی ڕێزمانیی بكەری وەردەگرێت. بەپێی تیۆری ڕۆڵی بابەتانە، دەتوانرێت هەر ئەو ڕۆڵە بابەتانەیەشی پێ بدرێت، كە فرێزێكی ناویی فەرهەنگی لەو شوێنە سینتاكسییەدا پێی دەبەخشرێت[4].

بەگشتی سێ جۆر (pro)، یان (بكەری سفر) لە كوردیدا دەست نیشانكراون[5]:

---

(1) حاتەم ولیا محەمەد، (131:2006).

(2).(1993:90), Trask

(3) بكەر خراو (pro-drop): بەو دیاردەیە دەوترێت، كە شوێنی ئارگومێنتێكی كردار، بەتایبەتی بكەر، دەتوانرێت بەبۆشی بەجێبهێڵدرێت .(1993:219),Trask.

(4) محەمەدی مەحوی، (198:2001).

(5) لە دیاریكردنی جۆرەكانی (pro)دا، سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە، كە (pro)یان لە شێوەزاری سلێمانیدا دیاریكردووە:

أ- محەمەدی مەحوی،( 2001 :209-206).

ب- حاتەم ولیا محەمەد، (135:2006).

1- ئاماژەدەر (Referential):

نی شانەکانی □ + کەس، +ژ مارە، +د یاریکراو □ ی هە یە. ئەم کردارە لێکدراوا نەی خوارەوە، دە شێت بکەرەکانیان دەرنەبڕرێن و ئەمجۆرەی (pro) لەشوێنیاندا دەربکەوێت:

أ- کردارە تێپەڕەکان:

قەسەمش وارد. (سوێندی خوارد).

قسیش کەردە. (قسەی کرد).

لەم بارەدا هەریەك لەو دوو فۆڕمە، کردارێکی لێکدراون و بەپاسای ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار بەر هەمهاتوون و لە شێوەی فرێزێکی کرداریدان، بەدانانی (pro) لە شوێنی بنەڕەتیی بکەرەکانیاندا، دەبنە ڕستە:

(41) أ- pro قەسەمش وارد.

ب- pro قسیش کەردە.

هەروەها لەم فرێزە کرداریيانەی خوارەوەشدا:

ملکەکەما ئاوی دا. (باخەکەمان ئاودا).

یانەکەتا پاك کەردۆ. (ماڵەکەتان پاککردەوە).

کردارە لێکدراوەکانی (ئاوی دا، پاك کەردۆ)، بەپا سای پر یدیکات سازبوون، وا تە بە شی کرداری یان توا نای بەخشینی دوو جۆر لە ڕۆڵی بابەتانەیان هەیە، ڕۆڵێکی بەرکارییان بە فرێزێکی ناویی داوەو لەئەنجا مدا فرێزێکی کرداری یان بەر هەمهێناوە، بۆ ئەوەی درو ستەی ڕ ستەیان هەبێت، پێوی ستە (pro) لە شوێنی بکەرەکانیان دابنرێت:

(42) أ- pro ملکەکەما ئاوی دا.

ب- pro یانەکەتا پاك کەردۆ.

ب- کردارە تێنەپەڕەکان، کەبەپاسای پریدیکات بەرهەمهاتوون:

جوان بی. (جوان بوو).

دما کۆت. (دواکەوت).

هەریەك لەو دوو دروستەیە، کردارێکی لێکدراوی تێنەپەڕن، بەدانانی (pro) بۆ هەریەکەیان فۆڕمی ڕستە وەردەگرن:

(43) أ- pro جوان بی.

ب- pro دما کۆت.

(pro)ی کاتیگۆریی بەتاڵ، لە گەڵ ئەو کردارە لێکدراوە تێنەپەڕا نەدا دەرنا کەوێت، کەبەپا سای ڕۆڵی بابەتانەی بکەر داڕێژراون، چونکە بکەری ئەم چەشنە کردارانە، جگە لە ئەر کە سینتاکسییەکانیان، ئەرکێکی واتاییشیان هەیە، کەبەشە پێکهێنێکی کردارن و بۆ گەیا ندنی بیر ێك، یان ڕووداو ێك، هاوبە شی لەگەڵدا دەکەن، وەك لە ڕستەکانی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:

(44) أ- وەرم جەزاوڵەکەی کۆت. (خەو لە منداڵەکە کەوت).

ب- سەر جە ئالانی تیك شی. (سەر لە ئالان تێکچوو).

پ- مازیش مەڕیا.                (پشتی شکا).

(45) ⋆ أ- pro جە زاوڵەکەی کۆت.

⋆ ب- pro جە ئالانی تیك شی.

⋆ پ- pro مەڕیا.

(pro)ی ئاماژەدەر، دەگونجێت لە ڕستەی ناسادەداو لە هەردوو جۆرە ڕستەکەیدا ( سەرەکی و تەواو کەر) دەربکەوێت:

(46) أ- pro ئارەزووش کەرد، pro بێو پەی ئیگەیە. (pro ئارەزووی کرد، pro بێت بۆ ئی

ب- pro هەستش کەرد، کە pro (جە) تاقیکردنەوەکەنە بەرمەشو. (pro هەستی کرد، کە pro لە تاقیکردنەوەکەدا دەرناچێت).

پ- pro موچیاریش کەرد، کە pro بوانو. (pro ئامۆژگاری کرد، کە pro بخوێنێت).

2- ئاماژە نەدەر (Non-Referential):

نیشانە تایبەتییەکانی  +کەس، +ژمارە  ی تێدایە، واتە نیشانە تایبەتی یەکانی کە سی سێیەمی تاك و نادیاری هەیە:

(47) - pro پیشبینی کەریو، کە واران وارو. (pro پێشبینی دەکرێت، کە باران ببارێت).

3- نا ئارگومێنت (Non-Argument):

هیچ نیشانەیەکی ناوەرۆکی نییە، کە بناسرێتەوە، لەبەر ئەوە ئەو کەرەستە بەتاڵە لێرەدا ئارگومێنت نییە:

(48) - Expl پا سە د یار بی، کە ق سەکیش پ نە ناوە شی بی بی. ( Expl واد یار بوو، کە قسەکانی پێ ناخۆش بوو).

ئەو زمانا نەی (pro) یان هە یە، بەزما نە بکەر خراوە کان (pro-drop languages)، یان ( Null subject languages) ناو دە برێن[1]. یەکێك لە تایبەتمەندی یەکانی (pro) کە جیای دەکا تەوە لە کاتیگۆرییە بەتاڵەکانی تر ئەوەیە، کە لە ڕستەدا بەهیچ فرێزێکی ناویی ترەوە نەبەستراوەتەوەو لە زما نە بکەر خراوەکا ندا تایبە تە بە بکەر[2]. لەم زمانا نەدا بکەر ناوخۆیی لە ڕ ستەیەکی کا تداردا، لەلا یەن (AGR)ەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، لەبەر ئەوە دەشێت دەرنەکەوێت[3].

بکەر لە شێوەزاری هەورامیدا، خاوەنی ڕەگەزێکی ڕێزمانییە، لەبەر ئەوە (pro)یش هەر ئەو ڕەگەزە ڕێزمانییەی بکەری دەبێت و لە کردارە لێکدراوە تێنەپەڕەکاندا، کە بەیاسای پریدیکات سازبوون، دەتوانرێت ڕەگەزەکەی بزانرێت، چونکە لە سینتاکسی ئەمجۆرە کردارە لێکدراوانەدا، بکەرو کردار لەڕووی سیماکانی

---

(1) بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی زمانە بکەر خراوەکانەوە، بڕوانە:

أ- محەمەدی مەحوی، (2001 :237-238).

ب- Carnie ,(2002:273-274).

(2) هەرچەندە (pro) لە زمانە بکەر خراوەکا ندا تایبە تە بەبکەر، بەلأم لە گەڵ ئەوە شدا ز مان هە یە، وەك (تایلە ندی)، (pro)ی بکەرو (pro)ی بەرکاریشی هەیە، بڕوانە (تارا محسن قادر، 2003 :57 و ئەو سەرچاوەیەی لەوێدا سوودی لێ وەرگرتووە).

(3) Chomsky ,(1986:242).

کەس و ژ مارەو ڕە گەزەوە، وەك تایبەتمەندی یەکی  شێوەزارەکە ڕێکدە کەون. وا تە  لە سینتاک سی  کردارە لێ کدراوە تێنەپەڕەکا ندا  بە  هۆی دەورو بەرە سینتاک سییەکەی (pro)ەوە، دەتوانر ێت ڕەگەزە کەی، وەك سیمایەکی ڕێزمانی بزانرێت:

(49)       أ- pro بیزار بی.       (pro بێزار بوو).
ب- pro بیزارە بییە.

لە (أ)دا، هەردوو کەرتی کردارە لێکدراوەکە، مۆرفیمی ڕەگەزی نێریان وەرگرتووە، کە (Ø) یە، لە بەر  ئەوە ڕەگەزی (pro) لەو شوێنەدا نێرە. بەلاّم لە (ب) هەردوو کەرتی کردارە کە هەڵگری مۆرفیمی ڕە گەزی مێینەن، کە (ـە)یە، ئە مەیش ئەوە دەگە یەنێت، کە (pro) وەك بکەری ئەو ڕ ستەیە، خاوەنی ڕە گەزی مێینەیە. لە کردارە لێکدراوە تێپەڕەکاندا، ناتوانرێت ڕەگەزی ڕێزمانیی (pro) د یاری بکر ێت، چونکە لە سینتاکسی ئەمجۆرە کردارانەدا، بکەرو کردار ڕێککەوتنی ڕەگەزییان لە نێواندا نابێت، لەبەر ئەوە نیشانەی ڕەگەزی (pro) نادیار دەبێت:

(50)       - pro هەرمانەکیش جیبەجی کەردە.       (pro کارەکەی جێبەجێ کرد).

(pro) وەك بکەری ئەو ڕستەیە، هەڵگری ڕەگەزی نێرینە و مێینەشە، چونکە دەشێت بکەر کەسێکی نێر، یان مێ بێت.

## 5/4  واتا ڕێزمانییەکانی کردارە لێکدراوەکان:

کردار کە چەمکی ڕوودان لەخۆ دەگرێت، چەند لایەنێکی دەرخەری تایبەتی لێکدا نەبڕاوی هە یە بە کاتەگۆری یەکانی مۆرفۆلۆژی یە ئاماژەی یە گ شتییەکان  ناو دەبر ێت و مۆرفی مە و شە گۆڕە کان (Inflectional morphemes)) کە بریتین لە کات (tense)، ئە سپێکت (aspect)، ڕووکار/ڕ ێژە (mood)، گەردانی کار (conjugations) دەیاننوێنن[1].

ئەو کاتەگۆرییا نە وا تای ڕێز مانی بەکردار دەدەن و فۆڕمی هەرکردارێك بەپێی کات چەند داڕ شتنێکی دەبێت. واتە مەبەست لە واتا ڕێزمانییەکانی کردار، خستنە ڕووی فۆڕمە جیاوازەکانی کردارێکە، کە بەپێی کات دەردەکەون. لە هەورامیدا کردارە بنەڕەتییەکان بەگ شتی و هە ندێك لە کردارە لێکدراوەکان، بەپێی ڕۆنانی مۆرفۆلۆژی، سێ فۆڕمی بنجییان هەیە، کە ڕابردوو، ڕانەبردوو (داهاتوو،ئێستا)ن.

کاتی ڕابردوو بەهۆی مۆرفیمەکانی (-ا،-ی،-ت،-د)ەوە، گوزارشتی لێ دەکرێت و بەهۆی ئە سپێکتە کانی شەوە، کە بریتین لە (-ی،م-،-ن،-ۆ/-وە)[2] بۆ (سادە، تەواو، بەردەوام، دوور) بەپێی ڕووکار دابەش دەکرێت.

هەرچی کاتی ڕانەبردوو (داهاتوو)یشە، بەهۆی مۆرفیمی (م-)ەوە دادە ڕێژرێت، کەدەچێتە سەر ڕەگی ڕانـەبردووی ژمارەیــەك لەکردارەکــان و هەندێــکی تریشیان بـەبێ ئـەم مۆڕفیمە، واتای کاتـی داهاتــوو

---

(1) ئەبوبەکر عومەر قادر، (60:2003) و ئەو سەرچاوەیەی لەوێدا بەکاریهێناوە.

(2) بۆ زانیاری لە بارەی ئەسپێکتەکانی شێوەزاری هەورامییەوە، بڕوانە نامەی ماستەری (شێرکۆ حمەئەمین قادر،92:2003)

دەگە یەنن و بەهۆی داڕ شتنێکەوە، کە بریتیـ یە لە (م-)+ڕە گی دا هاتوو+(-ای)و دە چێتە سەر کردارە داهاتووەکان، واتاکەی بۆ کاتی ئێستا دەگۆڕرێت. هەر یەك لە کرداری ڕانەبردووی داهاتوو و ئێستا، بەهۆی مۆرفیمی (- نە)ەوە نز یك دەکرێ نەوە[1]. ج یاوازیی ن ێوان وا تای گرا ماتیکی و وا تای لێک سیکی، ئەو ئەبستراکتە گەورەیەیە، کە لە نێوانیاندا هەیە. ئەم قسەیە ڕاستیی تێدا هەیە، بەلاّم بە تەواوی نا، چونکە دەشێت ئەبستراکت زۆر جیاواز بێت و هەموو ڕێزمان نەگرێتەوە، واتە هەموو ئەبستراکتێك تایبەت نییە بە ڕێزمان. بۆ تێگەیشتن لەتایبەتێتی ئەبستراکتی گراماتیکی، دەبێت تەماشای ئەو هەنگاوا نە بکر ێت، کە لە لۆجیکدا (منطق)دا، کە تیگۆرییە ڕێزمانییەکان دروست دەکەن. لێرەدا ئەو ئەنجا مە دە ست دە کەوێت، کەوا نەك یەك حاڵەتی ئەبستراکت هەیە، بەڵکو بەلایەنی کەمەوە، سێ کۆمەڵ ئەبستراکتی ج یاواز لە ڕێزماندا دەردەکەون:

1- کۆمەڵی ئەبستراکتی شتومەك: نیشانەو ڕووداو دەگرێتەوە، (ناونان).

2- کۆمەڵی ئەبستراکتی پێوەندیی شتومەکەکان: شتومەکەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، واتە مەبەست (پریدیکات) ـە.

3- کۆمەڵی ئەبستراکتی پەیوەندیی شتومەك، بە جێگەو کاتی قسەکردنەوە: کە پێیدەوترێت (لۆکات).

یەکگرتن و چەسپاندنی ئەو سێ کۆمەڵە جیاوازەی ئەبستراکت لە ڕێزماندا، بنچینەو بنا غەی بەجێهێنانی سێ ئەرکی جیاوازن لە زماندا:

أ- ناونان و پۆلە ناونان (پۆلکردنی ناوەکان).

ب- هێنانی ناو لێنراوەکان، بەبەستنەوەیان لەگەڵ هی تردا، واتە (پریدیکات).

پ- ناو لێنراوەکان و بەکارهێنانیان و بەستنەوەیان بە بۆشایی و کاتەوە[2].

واتا ڕێزمانییەکانی کردار پەیوە ندیی ڕا ستەوخۆی بە لۆجیکەوە هە یە، کە سنووری بەکارهێنانی ز مان دیاریدەکات. دەشێت قسەپێکەرانی ز مانێکی د یاریکراو لە ئا خاوتنی ڕۆژانەیا ندا، واتا یەکی ڕێز مانی، یان ز یاتری کردار ێك بەکار نەهێنن، لە بەر ئەوە ئەو واتا یە لە ڕێزما ندا ڕ ێی پێ نادر ێت، هەر چەندە بەیاسایەکی ڕێزمانیی زمانەکەیش داڕێژرابێت. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بـڵێین لە هەورامـیدا، سیـستەمی کات لە سینتاکسی کردارە لێکدراوەکاندا، ئاڵۆزییەکی زۆری تێدایەو ژمارەو جۆری کات لە کردارێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت و جیاوازی لە نێوانیاندا بەدی دەکر ێت. لە بەر ئەوە فۆڕ مە ڕێزمانیـ یەکانی کردارە لێکدراوەکان،لا یەنێکی گرنگ و بایە خدارن لە ڕێز مانی کرداری لێ کدراودا، لـ ێرەدا وا تا ڕێزمانیـ یەکانی کردارە لێکدراوەکان لەسەر بنەمای ڕووکار (ڕێژە)[3] دەخەینە ڕوو:

---

(1) بۆ زانیاری لە بارەی کرداری ڕا نەبردووی بـنەڕەتی لەهەورامیدا،بڕوا نە نا مەی دکـتۆرای (فەرە یدون عە بدول محە مەد، 1998 :74-72).

(2) ستیپانۆڤ، (1975:122).

(3) زمانەوانان ورێزماننووسانی کورد،بەمجۆرە پێناسەی ڕووکار (ڕێژە)یان کردووە:

أ- د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (2000:183): ڕ ێژە بەو حاڵە تە ڕێزمانیـ یە دەوتر ێت، کەپێوە ندی ڕوودان( یان هەڵ و مەرج) بەواقیعەوە دەردەبڕێ.

ب- ئەبوبەکر عومەر قادر، (2003:67): موود، یان نیشانەی چەمکی ڕووکارە کان بریتیـ یە لە هە ستی قـسەکەر بەرامـبەر بەڕا ستی ڕوودان، یان کار، لە ڕوانگەی ئەنجامدان و جێبەجێبوون، یان جێبەجێ نەبوونی کارەوە.

## 1-5/4 ئەو کردارانەی بەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بکەر سازبوون:

1- هەواڵە ڕووکار:

ڕابردوو:

أ- سادە: دروستەی ئەم کۆمەڵە کردارە لەم ڕووکارەدا، بەپێی ئەم یاسایە دادەڕێژرێت:

**کەرتی یەکەم + ڕەگی ڕابردوو (یەشی کرداریی) + جێناوی لکاوی (Ø) لە کۆمەڵەی** ( ا ، نی، انی ـ یمی / ی ـ یدی / Ø ـ ی )[1] **+ مۆرفیمی ڕەگەز**
**Ø ⟵ نێر**
**ـە ⟵ مێ**

ئەو کردارە لێکدراوا نەی لە ڕ ێی یا سای ڕۆ ڵی بابەتا نەوە دارِ ێژراون، لە هەورام یدا خاوەنی ڕە گەزێکی ڕێز مانین، کە پەیوە ستە بەڕە گەزی ڕێز مانیی کەر تەکانی یەکەمیا نەوە (لەوا نەوە سەر چاوە دەگرێت)، لەبەر ئەوە لە هەموو ئەو ڕووکارانەدا، کە مۆرفیمی ڕەگەزی نێرو مێ لەسەر کردار دەردەکەون، تەنها بۆ یەك ڕە گەزیان دادەڕ ێژرێن، وا تە یەك فۆڕمی دارِ شتنیان دەب ێت، بەپێ چەوانەی کردارە بنەڕەتییەکانەوە، بۆ نموونە:

کرداری بنەڕەتی:

- کوڕەکە وت . (کوڕەکە نووست). فۆڕمی دارِشتنی ڕەگەزی نێر.
- کناچەکی وتە . (کچەکە نووست). فۆڕمی دارِشتنی ڕەگەزی مێ.

کرداری لێکدراو:

- ڕۆحش شی. (ڕۆحی چوو).
* - ڕۆحش شیە.

(ڕۆح) لە هەورامیدا، ڕەگەزەکەی نێرە، لەبەر ئەوە کرداری (ڕۆحش شی)، تەنها یەك فۆڕمی دارِ شتنی بۆ ڕەگەزی نێر دەبێت. بەڵام لەکردارێکی وەك:

- ئاوەڕووش شیە. (ئابڕووی چوو).

(ئاوەڕوو) سەر بە ڕەگەزی مێیە، لەبەر ئەوە کردارە لێکدراوەکە، تەنها بۆ ڕ گەزی مێ ڕۆدەنر ێت، بۆ یە دروستەیەکی وەك: * - ئاوەڕووش شی.
لە ڕێزمانی شێوەزارەکەدا، ڕێی پێ نادرێت.

ب-تەواو: دروستەی کردارەکان لەم ڕووکارەدا، بریتی دەبن لە:

---

(1) لە هەورامیدا، پێنج کۆمەڵ جێناوی لکاو هەن، کەهەر کۆمەڵەیان لەگەڵ جۆرە ڕووکارێکی کرداردا دەردەکەون و بریتیین لە:

أ- ا ، نی ، انی ـ یمی ، ی ـ یدی ، Ø ـ ی.

ب- نی ـ نمی ، نی ـ ندی ، Ø ـ نێ.

پ- وو ـ می ، ی ـ دی ، و ـ ا.

ت- ا ـ می ، ی ـ دی ، Ø ـ ی.

ح- م ـ ما ، ت ـ تا ، ش ـ شا.

بۆ زانیاری لە بارەی ئەم جێناوانەو ئەرکیان لە سینتاکسدا، بڕوانە: نامەی دکتۆرای (فەرەیدون عەبدول محەمەد، 1998).

**کەرتی + رەگی ڕابردوو   مۆرفیمی ڕەگەز Ø ⟵ نێر+ئەسپێکی( ن )+جێناوی لکاوی( Ø )لە کۆمەڵەی  ا-می**
**یەکەم  ( بەشی کرداریی ) + ( ــە )گۆڕاوە بۆ( ی ) ⟵ مێ  ی-دی**
**Ø-ی**

- ڕۆحش شییەن.   (ڕۆحی چووە).
- ئاوەڕووش شیینە[1].   (ئابڕووی چووە).

پ- بەردەوام: ئەم واتا ڕێزمانییە، بەپێی ئەم یاسایە دەگەیەنرێت:

**کەرتی + ڕەگی ڕانەبردوو + ئەسپێکتی( ی ) + جێناوی لکاوی( Ø ) لە کۆمەڵەی  نی- نمی**
**یەکەم  ( بەشی کرداری )  نی- ندی**
**Ø- نێ**

لەم ڕووکارەدا، جیاوازی ڕەگەز لەدارشتنی کردارەکاندا نامینێت:

- ڕۆحش شیی.   (ڕۆحی دەچوو).
- ئاوەڕووش شیی.   (ئابڕووی دەچوو).

ت- دوور: دروستەی کردارەکان لەم ڕووکارەدا، بەپێی ئەم یاسایە بەرهەمدێت:

**کەرتی + ڕەگی ڕابردوو + مۆرفیمی ڕەگەز Ø ⟵ نێر+مۆرفیمی( بی )+جێناوی لکاوی ( Ø ) لە کۆمەڵەی  نی- نمی**
**یەکەم ( بەشی کرداری ) ( ــە )ی گۆڕاو بۆ( ی ) ⟵ مێ  نی-ندی**
**Ø-نێ**

- ڕۆحش شیەبی.   (ڕۆحی چوو بوو).
- ئاوەڕووش شییبی.   (ئابڕووی چوو بوو).

ڕانەبردوو:

أ- داهاتوو: فۆڕمی کردارەکان لە هەواڵە ڕووکاری ڕانەبردوو (داهاتوو) دا، بەم یاسایە پێکدێت:

**کەرتی + ( م- ) + ڕەگی ڕانەبردوو + جێناوی لکاوی ( و ) لە کۆمەڵەی  وو- می**
**یەکەم  ( بەشی کرداریی )  ی- دی**
**و- ا**

- ڕۆحش مشو.   (ڕۆحی دەچێت).
- ئاوەڕووش مشو.   (ئابڕووی دەچێت).

ئەم ڕووکارەی کردارەکان، بەپێچەوانەی کردارە بنەڕەتییەکانەوە، نزیك ناکرێنەوە:

★ - ڕۆحش مشونە.   ( ڕۆحی دەچێت لە داهاتوویەکی نزیکدا).

واتە ئەو واتا ڕێزمانییە، لەلایەن قسەکەرانی شێوە زارەکەوە بەکارناهێنرێت.

---

(1) مۆرفیمی (ــە)ی کۆتایی کردارەکە، بۆ ئاسانی گۆ کردن هاتووەتە ئاراوە.

ب- ئێستا: ئەم کۆمەڵە کردارە، فۆڕمێکی داڕشتنیان بۆ کاتی ئێستا نییە:

★ - ڕۆحش مشای مشو.      (ئێستا ڕۆحی دەچێت).

بەگشتی ئەو کردارە لێکدراوانەی بەیاساى ڕۆڵی بابەتانەی بکەر داڕێژراون، فۆڕمی ڕێزمانیی هەمەچەشنەیان یەکجارکەمە، چونکە لە هەموو ڕووکارەکانی کرداردا، تەنها بۆ کەسی سێیەمی تاک دادەڕێژرێن.

2- فەرمانە ڕووکار (Imperative mood):

ئەم واتا ڕێزمانییە لە هەورامیدا بەیاسای:

**( ب- ) + ڕەگی ڕانەبردوو + جێناوی لکاوی ( ـە ) ⟵ کەسی دووەمی تاک**

**( دی ) ⟵ کەسی دووەمی کۆ**

پێکدێت، ئەو کردارانەی فەرمانە ڕووکاریان لێ ساز دەبێت، ئەوانەن کە بکەرەکانیان کاران. ئەو کردارە لێکدراوانەی بەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بکەر داڕێژراون، کەرتەکانی یەکەمیان، کە ئەرکی بکەرێکی ڕێزمانی دەبینن، کارا نین. لەبەر ئەوە فۆڕمی فەرمانە ڕووکاریان نابێت:

کرداری فەرهەنگی:

ڕۆح شیەی (ڕۆح چوون):

★ - ڕۆح بشە / بشدی.      (ڕۆح بچۆ / بچن).

دڵ مەڕیای (دڵ شکان):

★ - دڵ مەڕە / مەڕدی.      (دڵ بشکی / بشکێن).

3- مەرج و خۆزگەو دانانە ڕووکار (Subjunctive mood):

دروستەی ئەم کۆمەڵە کردارە لەم ڕووکارەدا، بەپێی ئەم یاسایانەی خوارەوە پێکدێت[1]:

أ- سادە:

**کەرتی + ڕەگی ڕابردوو + مۆرفیمی ڕەگەز + مۆرفیمی ( بیێ ) + جێناوی لکاوی ( Ø ) لە کۆمەڵەی      نی - نمی**
**یەکەم ( بەشی کرداریی ) Ø ⟵ نێر      نی- ندی**
**( ـە )ی گۆڕاو بۆ ( ی ) ⟵ مێ      Ø- نێ**

- ڕۆحش شیە بیێ.      (ڕۆحی بچووایە).

- ئاوەڕووش شییبیێ.      (ئابڕووی بچووایە).

ب- تەواو:

**کەرتی + ڕەگی ڕانەبردوو + مۆرفیمی ڕەگەز + مۆرفیمی ( ب ) + جێناوی لکاوی ( و ) لە کۆمەڵەی      وو - می**
**یەکەم ( بەشی کرداریی ) Ø ⟵ نێر      ی- دی**
**( ـە ) ی گۆڕراو بۆ ( ی ) ⟵ مێ      و- ا**

---

(1) بۆ زانیاری لەبارەی ئەم یاسایانە لە ڕووکاری کردارە بنەڕەتییەکاندا، بڕوانە:

نامەی دکتۆرای (فەرەیدون عەبدول محەمەد، 1998) .

- ڕۆحش شیە بو.          (ڕۆحی چوو بێت).

- ئاوەڕووش شییبو.        (ئابڕووی چوو بێت).

پ- بەردەوام: بۆ ئەم کۆمەڵە کردارە، هەرئەو دروستەیەی جۆری (أ)ی هەیە.

ت- دوور: بەکارهێنانی ئەم جۆرەی دانا نە ڕوو کار، لەلا یەن قسەپێکەرانی شێوەزاری هەورامی یەوە، زۆر سستە، یان هەر بەکار ناهێنرێت. بۆیە ئێمەیش بە پێویستمان نەزانی باسی بکەین.

## 2-5/4 ئەو کردارانەی بەیاسای ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار بەرهەمهاتوون:

1- هەواڵە ڕووکار:        ڕابردوو:

دروستەی ئەم کردارانە لەم ڕووکارەدا، بەچەند یاسایەك داڕێژراون، کە بەپێی جۆرە کانی ڕووکارە کە خراونەتە ڕوو:

أ- سادە:

**کەرتی یەکەم + جێناوی لکاو م - ما + ڕەگی ڕابردوو + مۆرفیمی ڕەگەز**

**ت - تا (بەشی کرداری) Ø ⟵ نێر**

**ش - شا ـە ⟵ مێ**

(جەرگ بڕیەی:جەرگ بڕین) و (قسی بڕیەی:قسە بڕین)، دوو کرداری لێکدراوی فەر هەنگین، ( جەرگ) و (قسی)، کە کەرتی یەکەمی کردارە کانن، یە کەمیان لە هەورامـیدا لە ڕووی ڕە گەزەوە نێرەو دووەمیشیان مێیە، لەبەر ئەوە کرداری لێکدراوی یە کەم خاوەنی ڕە گەزی نێرەو دووە میش مێ یە، بۆ یە هەریە کەیان تەنها بۆ ڕەگەزەکەیان دادەڕێژرێت و یەك فۆڕمی داڕشتنیان لە ڕووکارەکاندا دەبێت:

| | |
|---|---|
| - جەرگ م بڕی. | (جەرگ م بڕی . |
| ت | ت |
| ش | ی |
| ما | مان |
| تا | تان |
| شا | یان) |

| | |
|---|---|
| - قسی م بڕییە. | (قسە م بڕی . |
| ت | ت |
| ش | ی |
| ما | مان |
| تا | تان |
| شا | یان) |

ب- تەواو:

کەرتی یەکەم + جێناوی لکاو م – ما + ڕەگی ڕابردوو + مۆرفیمی ڕەگەز + مۆڕفیمی ( ن )

ت  تا (بەشی کرداری) Ø ← نێر

ش  شا (ـه )ی گۆڕاوە بۆ ( ی ) ← مێ

| | |
|---|---|
| - جەرگ م بڕیەن. | ( جەرگ م بڕیوە . |
| ت | ت |
| ش | ی |
| ما | مان |
| تا | تان |
| شا | یان ) |

| | |
|---|---|
| - قسی م بڕیینە. | ( قسە م بڕیوە . |
| ت | ت |
| ش | ی |
| ما | مان |
| تا | تان |
| شا | یان ) |

پ- بەردەوام:

کەرتی یەکەم + ڕەگی ڕانەبردوو + مۆرفیمی( ی ) + جێناوی لکاو نی – نمی

(بەشی کرداریی) نی  ندی

Ø  نی

| | |
|---|---|
| - جەرگ بڕی نی. | ( جەرگ م دەبڕی . |
| نی | ت |
| Ø | ی |
| نمی | مان |
| ندی | تان |
| نی | یان ) |

| | |
|---|---|
| - قسی برِی نی. | ( قسه م دەبڕی. |
| نی | ت |
| Ø | ی |
| نمی | مان |
| ندی | تان |
| نێ | یان ) |

لەم جۆرە ڕووکارەدا، جیاوازی لە دارِشتنی نێرو مێدا نامێنێت.

ت- دوور:

**کەرتی یەکەم + جێناوی لکاو م - ما + ڕەگی ڕابردوو + مۆرفیمی ڕەگەز + مۆرفیمی ( بی )**

**ت - تا ( بەشی کرداریی ) Ø ⟵ نێر**

**ش - شا ( ـە )ی گۆڕاوە بۆ ( ی ) ⟵ مێ**

| | |
|---|---|
| - جەرگ م برِیەبی. | ( جەرگ م برِیبوو. |
| ت | ت |
| ش | ی |
| ما | مان |
| تا | تان |
| شا | یان ) |

| | |
|---|---|
| - قسی م برِییبی. | ( قسه م برِیبوو. |
| ت | ت |
| ش | ی |
| ما | مان |
| تا | تان |
| شا | یان ) |

ڕانەبردوو:

أ- داهاتوو: جەرگ برِو. (جەرگ دەبڕێت).

قسی برِو. (قسه دەبڕێت).

نزیککردنەوەی کردارەکان لەم ڕووکارەدا، بە سروشت و تایبەتمەندیی کردارەکانەوە بەندە، کە سنووری بەکارهێنانیان لە ئاخاوتندا دیاریدەکات. بۆ نموونە هەر یەك لەو دوو کردارەی سەرەوە، لەلایەن قسەپێکەرانی شێوەزارەکەوە، لە فۆرمی نزیکیدا بەکار ناهێنرێن:

⋆ جەرگ برِونە. (لە داهاتوویەکی نزیکدا جەرگ دەبڕێت).

٭ قسی بڕونە.          (لە داهاتوویەکی نزیکدا قسە دەبڕێت).

بەڵام ئەم کردارانەی خوارەوە، فۆڕمی نزیکیان هەن:

گەمە کەرو.          (یاری دەکات).

گەمە کەرونە.          (لە داهاتوویەکی نزیکدا یاری دەکات).

هیرش بەرو.          (هێرش دەبات).

هیرش بەرونە.          (لە داهاتوویەکی نزیکدا هێرش دەبات).

ب- ئێستا: ئەو کردارە لێکدراوانەی بەپاسای ڕۆ ڵی بابەتا نەی بەرکار داڕ ێژراون، هە ندێکیان بەکارهێنانی کاتی ئێستایان هەیەو کۆمەڵێکی تریشیان نییانە. بۆ نموونە ئەم کردارە فەرهەنگییا نە فۆڕمی داڕ شتنیان بۆ ئەم کاتە ڕێزمانییە هەیە، کە دەتوانرێت نزیکیش بکرێنەوە:

ئاوی کیشای (ئاو کێشان):          ئاوی کیشای کیشو.          (ئێستا ئاو دەکێشێت).

ئاوی کیشای کیشونە.          (لە ئێستایەکی نزیکدا ئاو دەکێشێت).

قسی کەردەی (قسە کردن):          قسی کەرای کەرو.          (ئێستا قسە دەکات).

قسی کەرای کەرونە.          (لە ئێستایەکی نزیکدا قسە دەکات).

ئەم کردارانەیش کاتی ئێستایان لێ دانارێژرێت:

خەفەت واردەی. (خەفەت خواردن):   ٭ خەفەت موەرای موەرو. (ئێستا خەفەت دەخوات).

شەرم کەردەی. (شەرم کردن):          ٭ شەرم کەرای کەرو.          (ئێستا شەرم دەکات).

کاتی ڕانەبردووی ئێستا لە هەورامیدا، بە شێوەیەکی گشتی بۆ وەڵامدا نەوەو جەختکردن بەکاردێت، وا تە کەسێك خەریکی ئەنجامدانی کارێك بێت و لەو ساتەدا پر سیارێکی لێبکر ێت، وەك ئەوەی بوتر ێت ( چی دەکەیت ؟)، یان (خەریکی چیت ؟)، ئەویش بەکاتی ئێستا وەڵام بداتەوە[1].

بۆ نموونە:

کەسی یەکەم: - pro گەمە کەروو.          (pro یاری دەکەم).

کەسی دووەم: - pro چیش کەری ؟          (pro چی دەکەیت ؟)

کەسی یەکەم: - pro گەمە کەرای کەروو.          (pro ئێستا یاری دەکەم).

2- فەرمان ڕووکار:

مەرج نییە هەموو کردارێکی لێکدراو لەوانەی کەبەپاسای ڕۆڵی بابەتا نەی بەرکار داڕ ێژراون، ئەم واتا ڕێزمانییەیان هەبێت، بەڵکو تەنها ئەوانەیان هەیانە، کەبکەرەکانیان کاران، وەك:

<u>کرداری فەرهەنگیی:</u>

قەسەم واردەی (سوێند خواردن):          - قەسەم بوەرە / بوەردی.          (سوێند بخۆ / بخۆن).

ئیزان واستەی (ئیزن خواستن):          - ئیزن وازە / وازدی.          (ئیزن بخوازە / بخوازن).

(1) ئەیوب ڕۆستەم، چاوپێکەوتن ، 2007/4/5 .

ئەم کردارانەیش، فۆڕمی داڕشتنیان بۆ فەرمانە ڕووکار نییە:

درز بەردەی (درز بردن):

٭- درز بەرە / بەردی.　　　(درز ببە / ببەن).

ژان کەردەی (ژان کردن):

٭- ژان کەرە / کەردی.　　　(ژان بکە / بکەن).

3- مەرج و خۆزگە و دانانە ڕووکار:

واتای ڕێزمانیی ئەم کۆمەڵە کردارە لەم ڕووکارەدا، بەپێی ئەم یاسایانەی خوارەوە دەگەیەنرێت.

أ- سادە:

**کەرتی یەکەم + جێناوی لکاو　م – ما　+　ڕەگی ڕابردوو　+　مۆرفیمی ڕەگەز + مۆرفیمی (بیێ)**

**ت □ تا　　(بەشی کرداریی)　　Ø ⟵ نێر**

**ش □ شا　　(ـە )ی گۆڕاوە بۆ (ی) ⟵ مێ**

| | |
|---|---|
| - جەرگ　م　بڕیەبیێ. | (جەرگ　م　ببڕیایە. |
| ت | ت |
| ش | ی |
| ما | مان |
| تا | تان |
| شا | یان) |

| | |
|---|---|
| - قسی　م　بڕییبیێ. | (قسە　م　ببڕیایە. |
| ت | ت |
| ش | ی |
| ما | مان |
| تا | تان |
| شا | یان) |

ب- تەواو:

**کەرتی یەکەم + جێناوی لکاو　م – ما　+　ڕەگی ڕابردوو　+　مۆرفیمی ڕەگەز + مۆرفیمی (بو)**

**ت □ تا　　(بەشی کرداریی)　　Ø ⟵ نێر**

**ش □ شا　　(ـە )ی گۆڕاوە بۆ (ی) ⟵ مێ**

- جەرگ م بڕیەبو. (جەرگ م بڕیبێت .)
ت ت
ش ی
ما مان
تا تان
شا یان

- قسی م بڕییبو. (قسە م بڕیبێت .)
ت ت
ش ی
ما مان
تا تان
شا یان

پ- بەردەوام:

**کەرتی یەکەم + جێناوی لکاو م – ما + ڕەگی ڕابردوو + مۆڕفیمی (یٚ)**
**ت □ تا (بەشی کرداری)**
**ش □ شا**

- جەرگ م بڕییٚ. (جەرگ م ببڕیایە .)
ت ت
ش ی
ما مان
تا تان
شا یان

- قسی م بڕییٚ. (قسە م ببڕیایە .)
ت ت
ش ی
ما مان
تا تان
شا یان

ئەم کۆمەڵە کردارە، لەم جۆرە ڕووکارەدا، فۆڕمی داڕشتنیان بۆنێرو مێ وەکیەکە.

### 3-5/4 ئەو کردارانەی بەیاسای پریدیکات سازبوون:

أ- کرداره تێپەڕەکان:

1- هەواڵە ڕووکار:

ڕابردوو: لەم واتا ڕێزمانییەدا، کرداره لێکدراوەکان بەپێی ڕەگەزی ڕێزمانیی بەرکار، فۆڕمی داڕشتنیان دەگۆڕرێت و مۆرفیمی ڕەگەز لەسەر کەرتەکانیان دەردەکەوێت، واتە هەر کردارێك دوو فۆڕمی دەبێت. بۆ نمو نە ڕووکاره کانی کردارێ کی لێ کدراوی فەر هەنگیی، وەك (دروس کەردەی:درو ستکردن) بەمجۆرا نەی خوارەوە دەبێت:

أ- سادە: دروس کەرد.
دروسە کەردە. (دروستکرد).

ب- تەواو: دروس کەردەن.
دروسە کەردینە. (دروستکردووە).

پ- بەردەوام: دروس کەری.
دروسە کەری. (دروست دەکرد).

ئەم کۆمەڵە کرداره، لە هەواڵە ڕوو کاری ڕا بردووی بەردەوا مدا، جیاوازییان لە داڕ شتنی نێرو مێدا هەیە، بە پێچەوانەی کرداره بنەڕتیەکانەوە، کەیەك فۆڕمی داڕشتنیان بۆ هەردوو ڕەگەزە کە هەبوو، وەك لە ڕستەکانی خوارەوەدا هاتووە:

- دارای وانەکەش نویسی. (دارا وانەکەی دەنووسی). (ڕەگەزی نێر)

- دارای شیعرەکیش نویسی. (دارا شیعرەکەی دەنووسی). (ڕەگەزی مێ)

ت- دوور: دروس کەردە بی. (**دروستکردبوو**).
دروسە کەردیبی.

ڕانەبردوو:

أ- داهاتوو: دروس کەروو.
دروسە کەروو. (دروست دەکەم).

ئەو فۆڕمانە، بە مۆرفیمی (نە) نزیك دەکرێنەوە:

دروس کەروونە.
دروسە کەروونە. (لە داهاتوویەکی نزیکدا دروست دەکەم).

ئەم کۆمە ڵە کرداره لە هەوا ڵە ڕوو کاری ڕا نەبردوودا، جیاوازیی ڕە گەز لە داڕ شتنیاندا ڕەنگدەدا تەوە. بەواتا یەکی تر، هەر کردار ێك بەپێی ڕە گەزی ڕێز مانیی بەرکار، مۆرفیمی ڕە گەز لە سەر کەر تەکانی یەکەمیان دەردەکەوێت، کە جیاوازی لە فۆڕمی داڕشتندا دێنێتە ئاراوە.

